
هەرێمی کوردستا

# بەرپرسیاریەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە قۆناخە ناسک و هەستیارەکاندا

## چوار بڕیاری گرنگ بۆ پاراستنی یەکڕیزی و ئاشتی نێو ماڵی کوردستان

وەڵامدانەوەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە چوار بڕیاری گرنگ بۆ خواستەکانی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان، هەنگاوێک بوو هێزی دیموکراتخوازانە و ئاشتیخوازانەی سەرۆک بارزانی جارێکی دیکە بۆ هەموولایەک پیشاندایەوە و سەلماندیەوە ئێمە خاوەنی سەرۆکێکین کە هێزی لە دیموکراتی و ئاشتیدایە و هەموو ئامانجی ئەوەیە کە یەکڕیزی نێو ماڵی کوردستان بپارێزێت و هەرێمی کوردستان چۆن بە ئایین و نەتەوە جیاوازەکانیەوە خۆی ڕازاندۆتەوە بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی سیاسیش لە پێکەوە گونجان و پێکەوە کارکردنی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانەوە خۆی پیشان بداتەوە.

ئەم چوار بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لایەنەکانی سەروەریی یاسا و پێکەوەژیان دەگرێتەوە بریتین لە:

١. ئەو کەسانەی کە لەدادگاکانی هەرێمی کوردستان بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە لەسەر ڕووداوەکانی مانگی شوبات – ئاداری رابردوو، پێویستە رادەستی دادگا بکرێن.

٢. دەستگیرنەکردنی هیچ کەسێک لە دەرەوەی ڕێوشوێنە یاساییەکان.

٣. خەرجکردنی سولفەی دارایی حزبەکانی بەشداربووی پەرلەمانی کوردستان.

٤. پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی ڕێککارە نایاساییە کارگێڕیەکان دەربارەی سزادراوە سیاسییەکانی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن.

هەربۆیە ئەگەر بە وردی سەرنج لەم چوار بڕیارە گرنگە بدەین راشکاوانە هەست بەوە دەکەین سەرۆک بارزانی لەم قۆناخە ناسک و هەستیارەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، یەکڕیزی و ئاشتی هەرێمی کوردستان بە فاکتەری گرنگی سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان دەزانێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحدییەکان و چەسپاندنی سەروەریی یاسا و ڕێکخستنی گەمەی دیموکراتی لەنێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، هەربۆیە ئەم بڕیارانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێجگە لەوەی بۆتە سەرەتایەک بۆ دەسپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان، لەهەمانکاتدا زەمینەی ئەوەشی رەخساند کە کەشوهەوایەکی بە متمانە بێتەئاراوە بۆ ئەوەی چاوەڕێی هەنگاوی گرنگتر و دەستپێشخەری بە ئومێدتربین و هەموو لایەنە سیاسییەکان بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی کۆببنەوە و کێشەکانی نێوانیان بە زمانی دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەر بکەن، هەمووش پێکەوە گەلی کوردستان بە دوایین مەرجەعی خۆیان بزانن و ئەوەی گەلی کوردستان بڕیاری لەسەر بدات هەموو لایەک ملکەچی بڕیارەکانی گەلی کوردستان بن.



## سەرۆك بارزانی وەڵامی داواكارییەكانی ئۆپۆزسیۆنی بە چوار بڕیاری گرنگ دایەوە

سەبارەت بە كاریگەری ئەم بڕیارانە لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی كێشەكان و دەسپێكردنەوەی كۆبوونەوەكان، جەعفەر ئیمینكی ئەندامی مەكتەبی سیاسیی و وتەبێژی پارتی دیموكراتی كوردستان لە لێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هاتە ئاخافتن: (جەنابی سەرۆك بارزانی هەمیشە پەرۆشە بۆ ئەوەی دانوستاندن و كۆبوونەوەكان لەنێوان لایەنە سیاسییەكان بەردەوام بێت و سەربكەون، بێگومان بۆ سەرخستنی دانوستاندنەكانیش دەبێ باس لەوە بكەین كە پێشتر كۆسپ لەبەردەم دانوستاندنەكان هەبوون، بۆ لابردنی ئەم كۆسپانەو دەست پێكردنەوەی دانوستاندنەكانیش، سەرۆكی هەرێمی كوردستان دووجار پەیامی خۆی ئاراستەی هەموو لایەنەكان كردووە و جەختی لەسەر ئەوەكردۆتەوە كە پێویستە شانسی زیاتر بە دیالۆگ و كۆبوونەوەكان بدرێت و كێشەكان بەشێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەر بكرێن، بەڵام وەك هەموو لایەك دەزانن بەم دواییانە چەند ئاستەنگێك هاتنە بەردەم بەردەوامی كۆبوونەوەكان و لە ئەنجامدا كۆبوونەوەكان ڕاگیران. دوای ئەمە هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە نامەیەكیاندا چوار داواكارییان بەجەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان گەیاند و جەنابی سەرۆك بارزانیش چوار داواكارییەكەی ئۆپۆزسیۆنی بەچوار بڕیاری گرنگ، وەڵامی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنی دایەوە، ئەمەش لە واقیعدا وایكردووە گەشبینییەكی زیاتر لەنێوان هێزە سیاسییەكان و كۆمەڵگەی كوردستان پەیدا بێت، ئەم گەشبینییەش بۆ ئەوەیە ئەو كۆسپەی كەلایەنی ئۆپۆزسیۆن وای تێدەڕوانێ كە ڕێگرە لەبەردەم كۆبوونەوەكاندا، بەڵام ئێستاكە وای بۆ دەچین بەهۆی دەرچوونی ئەم چوار بڕیارە گرنگەوە هیچ كۆسپێك نەماوە لە ڕێگای دانوستاندن و دەبێ كۆبوونەوەكان دەست پێ بكاتەوە، بەڵام كەی كۆبوونەوەكان دەست پێ دەكاتەوە؟ بێگومان ئومێدی ئێمە ئەوەیە بەزووترین كات كۆبوونەوەكان دەست پێ بكەنەوە، پەلەكردنیش بۆ دانوستاندن

## لەلای جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كەس لەیاسا گەورەتر نییەو هەموو كەسێك دەبێت لەچوارچێوەی یاسادا مامەڵەی لەگەڵ بكرێت

و دەستپێكردنەوەی گفتوگۆكان لەپێناوی ئەوەیە ئەو كەشوهەوایە ئارامەی كە لە كوردستاندا هەیە و یاسا سەروەرە ئارامتر ببێت و هیچ درز و كەلێنێك لەنێوانمان نەمێنێت، تاوەكو هیچ لایەن و كەسێك، چ لە ناوخۆ چ لە ناوەند چ لە دەرەوە نەیقۆزنەوە ئارامی هەرێمی كوردستان تێك نەدەن، بەڵكو بە دانوستاندن و گەیشتن بە قۆناغی سەركەوتن ڕێگری دەكەین لە هەر لایەنێك كە بیەوێت پشێوی و نائارامی لە هەرێمی كوردستان دروست بكات).

لە بەشێكی دیكەی لێدوانەكەی و سەبارەت بە پێشوازی ئۆپۆزسیۆن لە بڕیارەكانی سەرۆك بارزانی، وتەبێژی پارتی دیموكراتی كوردستان وتی: (تا ئێستا ئۆپۆزسیۆن زۆر بەرپرسیارانە هەڵسوكەوتیان كردووە ئەم ئارامییەی ئێستا كە لە كوردستان هەیە بە تێگەیشتنێكی هاوبەش بووە لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و وای بۆ دەچین ئێستاكە كەشوهەوای سیاسی زۆر لەبارە نەك تەنیا بۆ دەست پێكردن بە دانوستاندن، بەڵكو دانوستاندن بەرەو سەركەوتن ببەین، بێگومان چوار بڕیارە گرنگەكەی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش فاكتەری گرنگە بۆ گەڕانەوەی متمانە بە یەكتر و گەیشتن بە باوەڕێك بەوەی تەنیا لە ڕێگای دانوستاندنەوە دەتوانین بگەینە ئەنجامی دڵخۆشكەر، بۆ ئەم قۆناغە هەر چوار بڕیارەكەی سەرۆك لە ڕووی ناوەڕۆكەوە گرنگی تایبەتی بۆ گشت خەڵكی كوردستان هەیە، نەك تەنیا بۆ لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن كە تێیدا چەسپاندنی یاسا و سەروەریی یاسایی ئامانجی سەرەكی ئەم چوار بڕیارەیە. هاوكات سیستەمی دادوەری بەرەو پێشەوە دەبات و كاریگەری زیاتری بۆ بەرێوەبردنی سەر ژیانی هاووڵاتیان دەبێت، ئەمەش لەم واقیعەوە سەری هەڵداوە ژیانی هاووڵاتیان لەلایەن

جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. هەربۆیە دەبێت دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و گشت دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەو ئاستە دابێت كە خزمەت بە ژیانی هاووڵاتیان بگەیەنێت، هەر بۆیە ڕێز لە هەموو داواكاری و بڕیارێك دەگرین كە لە خزمەت هاووڵاتیانی كوردستان دابێت. لەلایەكی دیكەش ئەوەی جێگەی ئومێد و دڵخۆشییە ئەوەیە كە هەموو كاتێك خەڵكی هەرێمی كوردستان متمانەیان بە دەستپێشخەرییەكانی سەرۆك بارزانی هەبووەو ئێستاش متمانەیان هەیەو جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش دریخی نەكردووە كە زەمینە خۆش بكات بۆ هەموولایەن و هێزە سیاسییەكان بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی سیاسی خۆیان بە چالاكی و بەكارایی ببینن و پێشتریش داوایەكی واهەبوو كە زەمینەیەكی لەبار دروست بكرێت بۆ ڕەواندنەوەی ئەو لایەنە دەروونییەی كە دروست بووەو هەمووكات جەنابی سەرۆك بارزانی لە هەوڵی ئەوەدابووە كە زەمینەیەكی لەبار بۆ هەموو

## پێشوازیكردنی حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن لە پێش پێشوازیكردنی حزبەكانی ناو حكومەت شاهێدی ئەو ڕاستییەن كە بڕیارەكان لەچ ئاست و گرنگییەكدان

لایەنەكان بڕەخسێنێت، بۆیە جارێكی تر مەزندە دەكرێت سەرۆكی هەرێمی كوردستان میوانداری سەركردەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بكات و هەموو ئەو گرژی و دووركەوتنانەی هەبووە لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە بەئاسایی وەرگیراوەو دیەوێت بە زووترین كاتیش زۆر بە ئاسایی هەموو لایەنەكان گرژی لەنێوانیان نەمێنێت و لێك نزیك ببنەوە بۆ هێمنی و ئاسایشی كوردستان و بەرقەراری و سەروەریی یاسا، هەر بۆیەش لەهەموو كات و ساتێكدا جەنابیان هەوڵیداوە بەزووترین كات و بە باشترین شێوە كۆسپ



و ناخۆشـــی لەنێوان لایەنەکان نەهێڵێت و دانوستانەکان ئەنجام بدرێت و دەرئەنجامی سەرکەوتووانەیان هەبێت و هەوڵیداوە هەموو کاتێك هەموو لایەنەکان لەکاری سیاسی و پاراســـتنی هەرێم و بەرقەراری ئاسایشی رۆڵی خۆیان بەباشـــی ببینن، لەلایەکی ترەوە هێزی سیاسی بۆ ئەوەیە خزمەت بە سیســـتەم بکات لە رێگای سیستەمەوەش خزمەت بـــە هاووڵاتیان بکرێـــت، دەبێت ئەوەش بزانین ئەزموونی ئەم دەسکەوتەی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی دیالۆگ و گفتوگۆ و چالاکییـــە مەدەنییەکانەوە بونیاد نراوە).

### جێبەجێکردنی چوار بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەروازە بۆ چارەسەری کێشەکان دەکاتەوە

هەنـــگاو هەڵگرتن بـــۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رۆژانی پشووی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا، ئومێدیکـــی دیکە بە خەڵکی کوردســـتان دەبەخشـــێت، ســـەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری ســـێهەم کە تایبەتە بە گێڕانەوەی بودجەی لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن، رەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەســـەر ئەم مەسەلەیە هاتە ئاخاوتن: (ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری راستەوخۆ ئەو بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان کە تایبـــەت بوو بە خەرجکردنی ســـولفەی دارایی حزبەکانی بەشـــداربووی پەرلەمانی کوردســـتان لە رۆژانی پشووی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا جێبەجێمان کردووە و ئامادەیی وەزارەتیشمان هەیە هەر بڕیارێك لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە

**چاوەڕێی هەنگاوی گرنگتر و دەستپێشخەری بە ئومێدترین و هەموو لایەنە سیاسییەکانیش بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆك بارزانی کۆببنەوە و کێشەکانی نێوانیان بە زمانی دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەر بکەن**

دەربچێـــت راســـتەوخۆ جێبەجێی بکەین. بێگومان دەرکردنی چوار بڕیاری گرنگ لەمەڕ رووداوەکانی ئـــەم دواییەی هەرێم لەلایەن بەڕێز مســـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان هەوڵ و هەنگاوێکی تـــرە بـــۆ نزیکبوونـــەوەی بیروبۆچوون و پێوەندییەکانی نێوان حزبە کوردســـتانیەکان لەپێناو پێشخســـتنی هەرێمی کوردستان و بوژانەوەی زیاتری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەهەرێمەکەدا، کە وا دەکات دووبارە حزبە کوردستانیەکان بە حزبە فەرمانڕەواکانی ناو حکومەت و ئۆپۆزسیۆنیشەوە بە پاڵپشتی و پشتگیرییەکی زیاتر بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆکان، تاوەکو بەهەموو لایەك و لە رێگای پرۆژە چاکسازییەکانەوە بتوانرێت هەموو گرفت و کەموکورییەکان چارەسەر بکرێت).

کەواتە هەنگاو هەڵگرتن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان لـــەدوای دەرچوونیەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەر لەگەڵ تەواوبوونی پشووی جەژنی رەمەزان هەرسێ بڕیارەکەی دیکە دەکەونە واری جێبەجێکردنەوە، ســـەبارەت بەم لایەنە محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەختی لەســـەر ئـــەوە کردەوە کـــە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەســـپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان و چارەســـەری کێشـــەکان و لەمبـــارەوە وتی: (ئێمە پشـــتیوانی لە ٤ بڕیارەکەی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان دەکەین و ئامادەیی خۆمـــان دەربڕیوە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوە ٥ قۆڵییەکان و لەبنەڕەتیشدا لەبەر ئەو ٤ خاڵە کۆبوونەوەکان راوەســـتابوو، هەر بۆیە پێش هەفتەیەك کە

جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو چوار بڕیارەی دەرکرد، ئێمەش مەوقیفمان ئیجابی بوو وتمان ئەگەر وابێت و ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبێتە ڕێگا خۆشکردن بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان. سەبارەت بەبڕیارەکانیش ئەوەی تایبەت بووە بەگەڕانەوەی بودجەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن کە بڕیاری ٣یەمە، ئەوا جێبەجێ کراوە، بەڵام تا ئێستا بڕیارەکانی تر جێبەجێ نەکراوە)).

وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان هێرشکردنە سەر ئاسۆس هەردی بە پێشێلکردنی یەکێك لەبڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە قەڵەمدا و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتی: (پێمان سەیرە هەر دوای ٤٨ کاتژمێر لە بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێرشکراوەتە سەر ئاسۆس هەردی ئەمەش خەرقی یەکێکە لەبڕیارەکان)).

بێگومان هەڵکوتانە سەر ڕۆژنامەنووس کارێکی ناشایستەیە و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش ئیدانەی کردووەو لەمبارەوە د.فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی ڕاگەیاندووە: (سەرۆکایەتی هەرێم بە هیچ شێوەیەك ئەو دەستدرێژییە قبوڵ ناکات، ئێمە نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین بەهۆی هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەنووس ئاسۆس هەردی.. سەرۆکایەتی هەرێم چاوەڕێی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو لیژنەیە دەکات کە پێشتر لەبارەی ئەو ڕووداوەوە پێکهێنراوە...دوای دەرکەوتنی دەرئەنجامەکان ئێمە خەمساردی ناکەین لە سزادانی کەسانی تۆمەتبار، بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ ئەو کەسانەی کە بەنیازن ئەو جۆرە دەستدرێژیانە دووبارە بکەنەوە)).

ئەگەر بەوردی سەرنج لە وتەکانی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بدەین، هەست دەکەین هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەو دەستدرێژییە توندە و هۆشداری تێدایە بۆ ئەو کەسانەشی کە بەنیازن کەشوهەوای ئاشتی لە هەرێمی کوردستان بشێوێنن، ئەمەش دڵنیاییەکی دیکەیە بۆ خەڵکی کوردستان، کە بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت بەزووترین کات جێبەجێ بکرێن. لەمبارەیەوە و سەبارەت بە گرنگی

**بەهۆی دەرچوونی ئەم چوار بڕیارە گرنگەوە هیچ کۆسپێك نەماوە لە ڕێگای دانوستاندن و دەبێ کۆبوونەوەکان دەست پێ بکاتەوە**

جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە و وتی: (بەتەئکید گەر بێتوو ئەم ٤ بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەتەواوی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕێگا خۆش دەکات بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان و ئەوکات هیچ گرفتێك نامێنێت کە بۆچی کۆبوونەوە نەکرێت، لەلایەکی ترەوە من پێموایە گەر بێتو دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان بکرێت و بەئەنجامێکی ئیجابی بگات و پرۆسەی چاکسازیش لەهەرێمی کوردستان دەست پێبکات، باروودۆخی هەرێمی کوردستان بەهێز دەبێت و ئەو باروودۆخە دەرەکییانەش لاواز دەکات، واتا بەهێزی هەرێمی کوردستان لەوەدایە سیستەمێکی تەندروست و بەهێز و شەفافمان هەبێت، ئەمانە وادەکات هەرێم بەهێز بێت لەبەرامبەر هەموو هێزەکانی ناوەندو وڵاتانی دەوروبەر و یەکڕیزی لەناو هەرێمەکە دروست دەکات و دەبێتە مایەی بەهێزی کوردستان. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە و هەمەلایەنییە و پێویستە جێبەجێ بکرێت ئەو پرۆژەیە کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی کردووە، ئێمە پێمانوایە ئەو پرۆژەیە لەبواری سەربازی و ئاسایش و ئیداری و ئابووری، هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات)).

### هەموو لایەك پێشوازی لەبڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن

چوار بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێجگە لەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی دڵخۆشکرد، لەهەمانکاتدا جێبەجێکردنی ئەم چوار بڕیارە دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەروەریی یاسا لە کوردستان و دیسەلمێنێت هیچ کەسێك لە کوردستاندا لە یاسا بەرزتر نییە، بۆ گرنگی ئەم بڕیارە لەڕووی یاساییەوە، حاکم ئازاد مەلا ئەفەندی ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

دەربارەی ئەم لایەنە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (دەرچوونی ئەم چوار بڕیارە گرنگە لەلایەن جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیەو لە چوارچێوەی بڕیارێکی یەکلاکەرەوەدایە، پێشتریش جەنابی سەرۆك بە بەردەوامی تەئکیدی لەسەر ئەم بوارانە کردۆتەوە، کە هەر کەسێك لە دادگا داوا بکرێت پێویستە پابەندی بڕیارەکانی دادگا بێت و ئامادە بێت لەبەردەم دادوەر و هیچ کەسێك دالدەی ئەو کەسانە نەدا، لەلای جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەس لەیاسا گەورەتر نییەو هەموو کەسێك دەبێت لەچوارچێوەی یاسادا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. پێشتریش لەسەر ئەم بوارانە زۆر ڕاوبۆچوونی جیاجیا هەبوو بۆ نموونە لەبڕیاری یەکەم دەیانوت «ئەو کەسانە دالدە دەدرێن و لەبەردەم دادگا ئامادە نابن» ئەم بڕیارە کۆتایی بەو قسانە دەهێنێت و یەکلادەکرێتەوە.

سەبارەت بەبڕیاری دووەم مەبەست ئەوەیە هیچ دەزگایەك و لایەنێك لە

**ئەگەر ئێمە لە نێوخۆمان کێشەو گرفتەکانی خۆمان چارەسەر نەکەین، ئەوا ناتوانین ڕووبەڕووی ئەو هێرش و دەستێوەردانە ببینەوە کە دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان**

دەرەوەی دادگاو بەبێ بڕیاری دادوەر نابێت کەس دەستگیر بکرێت، هەرکەسێکیش کە دەستگیر کرا بەتۆمەتێکی بینراو یا بیستراو، ئەوە دەبێت لەماوەی ٢٤ کاتژمێر ڕەوانەی بەردەمی دادوەری لێکۆڵینەوە بکرێت، سەبارەت بەبڕیاری سێیەم کە تایبەتە بە سلفەی حزبەکانی بەشداربوو لە پەرلەمانی کوردستان پێویستە ئەو ڕاستییە بووترێت، لەپێشووی جەژندا بڕیاری خەرجکردنی سلفەی حزبە بەشداربووەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ کرا بێ ئەوەی چاوەڕێی دەرچوونی یاسای ئەحزاب بکرێت. بۆ ئەوەی کێشەکان



یەکلابێتەوەو لایەنەکان زیاتر لێکتر نزیك بنەوە.

سەبارەت بەبڕیاری چوارەم کە باس لە پێکهێنانی لیژنەیەك دەکات دەربارەی سزادراوە سیاسییەکانی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن، پێش ئێستاش لەکاتی خۆی جەنابی سەرۆکی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ بەدواداچوون لەو کەس و شوێنانەی کە گوایە سزای سیاسی دراون و کاری باشیش ئەنجامدراو کارەکانیش بەردەوامی هەیە، بەڵام تا ئێستاش گوایە سزای سیاسی بەرامبەر هەندێك کەس دەکرێت، بۆیە ئەم بڕیارە کە دەرچوو لیژنەیەك لە ئاستێکی بەرزدا پێك دەهێنرێت بۆ بەدواداچوونی راستیەکان و چارەسەرکردنی یەکجارەکی. بەبۆچوونی من راوبۆچوونی جیاجیا لەمبارەیەوە هەیە، بۆیە دەبێت بەرەزامەندی هەموو لایەك پێناسەیەکی تەواو و شیاو بۆ سزای سیاسی دابنرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی گۆڕینی پۆستێکدا یا گۆڕانکارییەك لەئیدارەی دامودەزگایەکدا وا خوێندنەوەی بۆ نەکرێت کە هەر کەسێك پۆستەکەی گۆڕدرا کە ئەمە سزای سیاسییە. لێرەدا



جیاوازی را دەردەکەوێت، هەیە دەڵێت ئەمە سزای سیاسی نییەو گۆڕانکاری و پێداویستی ئیدارییە، لەبەرامبەردا کەسانێك هەن دەڵێن ئەمە سزای سیاسییە.

ئەو چوار بڕیارە دەنگۆ و کاریگەرییەکی زۆر ئیجابی هەبوو، پێشوازیکردنی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پێش پێشوازیکردنی حزبەکانی ناو حکومەت شاهێدی ئەو راستیەن کە بڕیارەکان لەچ ئاست و گرنگییەکدایە. تەنانەت ئەم بڕیارانە لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم زۆر بە پێویست و گرنگ هەڵسەنگێندرا. هەروەها ئەگەری ئەنجامدانی کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرکردەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن ئیجابیەو کاریگەری باشی لەسەر یەکلاکردنەوەی هەموو کێشەو ئاستەنگەکان دەبێت و کۆبوونەوەکان بە ئاقارێکی باشتر دەچێت بۆ بەدیهێنانی دەرئەنجامێك کە بەدڵ و ویست و خواستی هەموو دانیشتووانی هەرێمەکەماندا بێت)).



رەشید تاهیر بۆ گوڵان:

**وەک وەزارەتی دارایی و ئابووری لە رۆژانی پشووی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا ئەو بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان جێبەجێکرد کە تایبەت بوو بە خەرجکردنی سولفەی دارایی حزبەکانی بەشداربووی پەرلەمانی کوردستان**

**بڕیارەکانی سەرۆك بارزانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات**

بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئومێدی بۆ تێکڕای خەڵکی کوردستان گێڕاوەتەوە و بەهۆکارێك سەیر دەکرێت کە جارێکی دیکە یەکڕیزی لەناو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دروست بکاتەوە و ببێتە هێزێك بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی هەموو ئەو تەحدیانە ببێتەوە کە لەچەندین لاوە رووبەڕووی بۆتەوە، لەمبارەوە محەمەد فەرەج ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر بایەخ و گرنگی ئەم بڕیارە هەڵوێستەی کرد و وتی: (دەرکردنی ئەو چوار بڕیارە لەلایەن جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، بەدەنگەوەهاتنی داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن بوو کە پێشتر داوامان کردووە، خۆشبەختانە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو بەرپرسیارێتیەی لەئەستۆیەتی بەدەم ئەم داواکارییانەوە هاتووە و کردوویەتی بە٤ بڕیاری جیا جیای گرنگ تاوەکو بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێمەش داوامانکردووە حکومەت ئەو بڕیارانە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم ٤ بڕیارە رۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگ و کاریگەر دەبینێت وەکو کلیلێکە بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان. ئەو کۆبوونەوەی مەزەندە دەکرێت کە جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرۆکی ٥ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ئەنجامی بدات پاڵپشتی و هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشچوونی بارودۆخەکەو تێڕوانینی واقیعیانەیە. ئەم کۆبوونەوەیە بۆ هەموو لایەکمان رۆحێکی زیاتر دەبەخشێت بە دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوە

**سەرۆك بارزانی هەمیشە پەرۆش بووە بۆ ئەوەی دانوستاندن و کۆبوونەوەکان لەنێوان لایەنە سیاسییەکان بەردەوام بێت و سەربکەون**

٥ قۆڵیەکەو پاراستنی یەکڕیزی نێوماڵی کورد، هەروەها کارێکی وا دەکات ئێمە لە هەرێمی کوردستان کێشەو گرفتەکانی نێوخۆمان چارەسەر بکەین بۆ ئەوەی بتوانین رووبەڕووی ئەو گرفتانە ببینەوە کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان روومان تێدەکات چ لە حکومەتی ناوەندییەوە یا لەلایەن وڵاتانی دەوروداوسێوە، ئەگەر ئێمە لەنێوخۆ کێشەو گرفتەکانی خۆمان چارەسەر نەکەین، ئەوا ناتوانین رووبەڕووی



ئەو هێرش و دەستێوەردانە ببینەوە. ئەمەش بەعەمەلی سەلمێندراوە کە لەماوەی ٨ ساڵی رابردوو نەمانتوانیوە ماددەی ١٤٠ی دەستوور بەرەو پێشەوە ببەین، نەمانتوانیوە ئەو کێشەو گرفتانەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندو ئەوەی لەسەر سنوورەکان هەمانە چارەسەری بکەین. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو ئەوەندە سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکان بووین نەمانتوانیوە ئەو کێشانەی تر چارەسەر

**ئێمە خاوەنی سەرۆکێکین کە هێزی لە دیموکراتی و ئاشتیدایە و هەموو ئامانجی ئەوەیە کە یەکڕیزی نێو ماڵی کوردستان بپارێزێت**

بکەین، پێویست بوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی کاری جددی بکات بۆ هەڵگرتنی ئەو بەربەستانەی کە لەنێوخۆ هەیە، بۆ نموونە گەندەڵی یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە رووی لەتەواوی جومگە سیاسی و ئابووری و ئیدارییەکان کردووە، ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن بڕیارماندا لەگەڵ دەسەڵات بەپێچەوانەی هەموو ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتێك کە لەوڵاتانی دەوروبەر هەیە وتمان پێکەوە کارێکی هاوبەش دەکەین بۆ بنبڕکردنی ئەو گەندەڵییە بۆ ئەوەی بتوانین وڵاتی خۆمان بپارێزین و بیچەسپێنین کە ئەتوانین ئەو داواکارییە گرنگانەی کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی هەمانە بەئەنجامیان بگەیەنین.

لەم قۆناغەدا هەموو شتێك کاریگەری لەسەرمان هەیە، ئێمە وەکو دەوڵەتان نین کە هەر دەوڵەتێك ئەگەر زۆر لاوازیش بێت هەر دەمێنێت، چونکە سەروەریی خۆیی و سنووری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام واقیعی ئێمە ئەزموونێکە هێشتا نەمانتوانیوە بگەینە ئەو ئاستەی کە دڵنیاین ئەگەر چی روومان تێبکات وەکو خۆی دەمێنینەوە، گەر خوانەخواستە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی یا ناوخۆیی ترسناك روومان تێبکات دوور نییە ئەو شێوازەی کە هەمانە لێمان تێکبدات، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت لە هەموو کەس زیاتر بەدەم ئەوەوە بین کە کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و بەجددی بتوانین هەموومان وەکو هێز و تیمێك بۆ پاراستنی ئەزموونەکە کار بکەین و رووبەڕووی ئەو کێشەو گرفتانە ببینەوە کە لە دەرەوە بۆمان دروست بێت. نەیارەکانمان هەمیشە بەدوای فرسەتێکەوەن کە هەرکاتێك ناکۆکییەك هەبێت رۆڵ ببینن بۆ گەورەکردنی، بۆ ئەوەی ئەو مەرامانەی هەیانە جێبەجێی بکەن. لەبەر ئەوە ئێمە هەمیشە داوامان کردووە کە ئاڵۆزی نێوخۆیی پێویستی بە زەمینەیەکی باش و گەڕانەوەی متمانە هەیە، ئیشی حکومەت لەسەرەتادا بۆ ئەوەیە هێزەکان بەجددی کار بکەن، چونکە حکومەت بەرپرسیارە لە باشکردنی بارودۆخەکە بۆ هەموو لایەك بە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیشەوە.

دەرچوونی ئەم چوار بڕیارە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەك تەنیا پاڵپشتیەکە بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان، بەڵکو بۆ راگرتن و بەهێزکردنی ئەزموونەکە پێویست و گرنگە، ئەو چوار بڕیارە یەکەمیان بریتییە لە رێزگرتن لەسەروەریی یاسا، ئەمە خۆی لەخۆیدا زۆر گرنگە واتا یاسا سەروەری یەکێکە لەو خاڵانەی کە ئێمە دەتوانین لەم ڕێگایەوە هەموو کێشەو گرفتەکانمان بەپێی پێویست و یاسا چارەسەر بکەین، رێزگرتن لە دیموکراسی و بنەماکانی و



ئازاد مەلا ئەفەندی بۆ گوڵان:

**دەربارەی سزادراوە سیاسییەکانی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن، پێش ئێستاش جەنابی سەرۆکی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ بەدواداچوون لەو کەس و شوێنانەی کە گوایە سزای سیاسی دراون و کاری باشیش ئەنجامدراو کارەکانیش بەردەوامیان هەیە**

گەیشتن بەئامانجەکانمان لەم قۆناغەدا بەبێ سەروەریی یاسا جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش پێموایە باشترین خاڵە کە دەتوانین لە ڕێگایەوە ئامانجە نەتەوەییەکان و پێگەکانی دیموکراتی ببەین بۆ پێشەوە، ئەم چوار بڕیارە باشترین ئەو خاڵانەیە کە دەتوانین بەدڵنیاییەوە کار لەگەڵ یەکتر بکەین، ئەتوانین بۆ خەڵکی بسەلمێنین ئەگەر هاتوو لەگەڵ دەسەڵاتیش جیاواز بین، بەڵام پێکەوە دەتوانین یاسا بپارێزین و یاسا سەروەری بکەین بە بنەمایەکی



محەمەد تۆفیق ڕەحیم بۆ گوڵان:

**ئێمە پشتیوانی لەچوار بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین و ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەی ٥ قۆڵییەکان و لەبنەڕەتیشدا لەبەر ئەو چوار خاڵە کۆبوونەوەکان ڕاوەستابوون**

سەرەکی کە هەموومان دەتوانین ڕێزی لێبگرین، هەر کەسێك سەرپێچی لەیاسا بکات ببرێتە بەردەم دادگا و دەبێت هیچ لایەنێکیش ئەمانە داڵدە نەدات، وەکو لەبڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمیشدا هاتووە دەبێت هەر هەموومان هاوکاری یاسا بکەین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەبەتەنیا سەروەریی یاسا مەسەلەیەکی گرنگە و دەبێت بیسەلمێنین بۆ خەڵکانێك کە حەزیان لەسەروەریی یاسا نییە ئەگەر هەر کارێك لەهەر جێگەیەك بکەن بێگومان لەدەست یاسا ڕزگاریان نابێت.

من ئەوەی لام گرنگە ئێمە بەهەستیاری مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانە نەکەین، ئێمە نەتەوەیەکین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەرتاسەری جیهاندا کە بەو ژمارە زۆرەی کورد کە خودان سەروەر نەبێت و خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین. بۆیە پێویستە بەهەموو لایەکمانەوە هەوڵ بدەین ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان بپارێزین و بیکەین بە پێگەیەکی مەحکەم بۆ داهاتوویەکی باشتر و ڕۆشنتر و بۆ دنیای بسەلمێنین ئێمە هەین، بەڵام ماف و حەقمان زەوتکراوە. ئەمڕۆ دەرفەتێکی باش هاتۆتە پێشەوەو پێویستە سەرەتا ناوخۆی خۆمان ڕێك بخەین و خۆمان ڕێکبخەینەوەو ڕێز لە ئیرادەی یەکتر بگرین و پاڵپشتی لەیەکتر بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو داواکارییە گەورانەی هەمانە جێبەجێی بکەین و ئەو لەمپەرانەی لەبەردەمماندایە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و وڵاتانی دەوروبەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێك چارەسەری بکەین).

**بە یەکڕیزی دەتوانین ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی سەر هەرێم ببینەوە**

لەم بارودۆخەدا کە هەرێمی کوردستان لەیەك کاتدا ڕووبەڕووی هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە و هەروەها کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێراو لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا هەیە، بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەبار بۆ یەکڕیزی نێوان هێزە سیاسییەکان دەڕەخسێنیت و هەروەها دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە لەم قۆناخە ناسکە ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە بینەوە کەدەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، سەبارەت لەم لایەنە و کاریگەری بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، عەبدولستار مەجید ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی وتی:(من پێموایە هەرێمی کوردستان ئێستاکە بە بارودۆخ و واقیعێکی دژوار و نالەبار تێپەڕ دەبێت، کە تووشی هەڕەشەو فشارێکی ناخۆش بۆتەوە، بەتایبەتی لەناوچەکانی سەعدیەو جەلەولاو مەندەلی و خانەقین بەگشتی، بارودۆخی ئەو ناوچانەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزتر و ناخۆشتر دەچێت، هەندێك کێشەمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەهەڵواسراوەیی و بێ چارەسەرکردن ماوە، نەك چارەسەری ئەم کێشانە نەکراون، بەڵکو هەندێك بابەت و کێشە هەیە دوایان خستووەو جێبەجێکردنی ڕاگیراوەو ئاستەنگیان بۆ دروست کردووە. لەلایەکی ترەوە کێشەکانی سەرسنوور و بۆردومانکردنی گوندو ناوچە سەر سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆتە کێشەیەکی پڕ لەمەترسی بۆ هەموو لایەکمان، هەروەها خەڵك و جەماوەر و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان ئەوانیش کێشەی خۆیان




جەعفەر ئیمنکی بۆ گوڵان:

**هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە نامەیەکیاندا چوار داواکارییان بەجەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیاند و جەنابی سەرۆک بارزانیش چوار داواکارییەکەی ئۆپۆزسیۆنی بەچوار بڕیاری گرنگ وەڵامدایەوە**

هەیە و ئەمەش گرفت و کێشەیەکی ترەو پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، چونکە ئەو حزبانە پرۆژەو بۆچوونیان هەیە لەمەڕ کێشە ناوخۆییەکان، بۆیە وا باشە بەهەموو لایەك دەستبکەین بەچاکسازی باش و فیعلی تا ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان ببینەوە. ئەمەش وا دەکات زیاتر تەبا بین و هەنگاوی فیعلی بەیەکەوە بەرەو جێبەجێکردنی چاکسازی بنێین بۆ ئەوەی چاکسازییەکان باشتر ببرێت

بەرێوە، بۆیە لێرەدا دەڵێم بەهەموومانەوە دەتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین و بەرەنگاری هەموو هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان ببینەوە. ئەمەش تەنیا بەقسە نابێت بەڵکو دەبێت بەکار و کردەوە ئەنجامی بدەین، لەو کاتەدا دەبێت پەنجە بخەینە سەر کێشەکان و چارەسەریان بکەین و لێکتر نزیك ببینەوەو پرۆژەو بڕیارەکانی هەیە جێبەجێی بکەین. ئەو مەزەندەیەی کە دەکرێت و جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدەستپێشخەرییەکدا لەگەڵ



محەمەد فەرەج بۆ گوڵان:

**خۆشبەختانە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو بەرپرسیارێتیەی لەسەر شانیەتی بەدەنگ داواکاریەکانەوە هاتووە و کردوویەتی بەچوار بڕیاری گرنگ، ئێمەش داوامانکردووە حکومەت ئەو بڕیارانە بخاتە واری جێبەجێکردنەوە**

سەرکردەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن کۆببێتەوە کارێکی گرنگ و کاریگەر و زۆر باشە، بەڵام پێویستە بۆ ئەم کۆبوونەوەیەش ڕێخۆشکردن و پرۆژە هەبێت کە لەسەری نەك تەنیا قسە بکرێت، بەڵکو بەکردار بچێتە بواری جێبەجێکردن، کۆبوونەوە بۆ کۆبوونەوە نەبێت، بەڵکو بڕیار لەسەر بەرنامەو پرۆژەکان بدرێت و کاریان لەسەر بکرێت. ئەو دۆخەی کە ئێستا هەیە بەرەو باشتر و پێشەوە تر ببات، چونکە ئێستا لەکوردستان تاراددەیەکی باش هێمنی و ئارامی و ئاسایش هەیەو لەبارە، بەڵام پێویستە ئەم دۆخە بەهەموولایەکمانەوە بیپارێزین و بەرەو پێشەوەی بەرین و متمانەش زیاتر لەلایەن خەڵکەوە بۆ هێزە کوردستانیەکان دروست بێتەوە. کاتی ئەوەهاتووە هەموومان باشتر گوێ لەیەکتر رابگرین و بارودۆخەکە بەرەو باشتر ببەین و بەیەکەوە کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن ببەین. هەروەها خەڵك زۆر ئومێدی بەکۆبوونەوەی راستەوخۆی نێوان جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنە، ئەگەر بەرنامەو پرۆژەی بۆ دانرێت ئەم کۆبوونەوەیە بەهەنگاوی کردەیی زۆر ئیجابیدا دەڕوات، چونکە ئەم کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوە لەئاستی زۆر باڵا دەبێت)).

سەبارەت بە چوار بڕیاری گرنگ لەمەڕ رووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێم کە لەلایەن بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرچوو عەبدولستار مەجید ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی وتی: من بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەم چوار بڕیارەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێم — هەر چوار بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ و گەورە بوون و بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوە ٥ قۆڵیەکان و ڕێگاخۆشکەرێکی ئیجابی بوو بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان و کۆبوونەوەکان. دوو لە بڕیارەکان بڕیاری خەرجکردنی سولفەی دارایی حزبە بەشداربووەکانی پەرلەمانی کوردستان و دەستگیرنەکردنی هیچ کەسێك لە دەرەوەی ڕێوشوێنە یاساییەکان راستەوخۆ جێبەجێکراو کارێکی باش و کاریگەر بوو، بەڵام دوو بڕیارەکەی تر کە تایبەت بوون بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ چارەسەرکردنی ڕێککارە نایاساییە کارگێڕییەکان دەربارەی سزا دراوە سیاسییەکانی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ بڕیاری یەکەم سەبارەت بەو کەسانەی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە لەسەر رووداوەکانی مانگی شوبات — ئاداری رابردوو، پێویستە رادەستی دادگا بکرێن و ئەم دوو بڕیارە ماوە دەست بەکار بێت لەسەریان و ئێمەش پشتگیری ئەم دوو بڕیارە دەکەین و داوا دەکەین بەپێی بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت و ئەوەی لەدادگا داوا کراون ببردرێنە بەردەمی یاساو لێکۆڵینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت. هەروەها لەکاتێکدا ئەم دوو بڕیارەی دوایی کە ئاماژەم پێدا کەوتە بواری جێبەجێکردن و بەپێی بڕیاری جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا گرنگی و کاریگەری ئەم بڕیارانە زۆر زیاتر و باشتر دەبێت لەسەر لێك نزیکبوونەوەو هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، چونکە بەجێبەجێبوونی ئەم بڕیارانە هیچ کەسێك ناتوانێت بەبێ بڕیاری



عەبدولستار مەجید بۆ گوڵان:

**هەر چوار بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ و گەورە بوون و بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوە پێنج قۆڵیەکان و ڕێگاخۆشکەرێکی ئیجابی بوو بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان**

یاساو دادگا خەڵك بگرێت و هەڵبکوتێتە سەرماڵان و تەقە لەخەڵك بکات لەبەر ئەوەی یاسا سەروەر دەبێت و کاری خۆی دەکات. لەم کاتەشدا بەتەئکید خەڵك هەست بە ئاسایش و پاراستنی سەروماڵی خۆی دەکات. بەدەستپێکردنی ئەو دوو بڕیارەی ئاماژەم پێکردوو جێبەجێکردنیان وا دەکات ئێمە دەست بەکۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکە بکەین و ئومێدیش دەخوازم لە کۆبوونەوەکان بەئەنجامی باش بگەین)).



# هەرێمی کوردستان لەنێوان پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و بونیادنانی دەوڵەتدا





((دەوڵــەت بریتییە لە حکومەت و ئاژانســەکانی و ئەو دەســەڵاتەی کەهەیەتی، بەڵام نەتەوە بێجگە لە مێژووی هاوبــەش، بریتییە لە کەلتور و زمان و ناســنامە و بەرژەوەندی هاوبەشی پێکهاتە جیاوازەکانی، کەواتە ئاشــکرایە پرۆســەی بونیادنانی نەتــەوە –Nation

فرانســیس فۆکۆیاما بیرمەندی سەردەم لە پێوەندییــە نێودەوڵەتیەکانــدا لە کتێبی بونیادنانی دەوڵەت: حکومڕانی و سیستەمی جیهانی لەســەدەی بیست و یەکەم - -State Building: Governance and World Order in the 21st Century- هــەر دوو پرۆســەی (بونیادنانــی نەتەوە)و (بونیادنانی دەوڵەت) ی لێکجیاکردۆتەوە، مەبەســتی سەرەکیشی لــەم لێکجیاکردنەوەیەش بە پلــەی یەکەم عێراقە، لەبەر ئــەوەی ئەمریکا توانی زۆر

**ئەمریکا توانی زۆر بە ئاسانی رژێمی پێشووی عێراق بەرێگەی سەربازی بگۆڕێت یان برووخێنێت. بەڵام دوای رووخاندنی رژێمی پێشوو بارودۆخەکە بەرەو ئاراستەیەك دەڕوات کە هیچ کەسێك نازانێت ئاییندەی عێراق بەکوێ دەگات**

بە ئاسانی رژێمی پێشووی عێراق بەرێگەی ســەربازی بگۆڕێت یان برووخێنێت، بەڵام دوای رووخاندنی رژێمی پێشوو بارودۆخەکە بەرەو ئاراســتەیەك دەڕوات کە هیچ کەسێك نازانێــت ئاییندەی عێــراق بەکوێ دەگات، بۆ پاڵپشــتی ئەم بۆچوونەشی ئەفغانستان بەنموونە دەهێنێتەوە کە چۆن لەســەردەمی شــەڕی ســاردا ئەمریکا ئومێدی ئەوەبوو دوای تەواوبوونی شەڕی سارد ئەفغانستان بەرەو ئارامی و ســەقامگیری و دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام لەدوای شــەڕی ســارد ئەمریــکا بەجۆرێکــی دیکــە لە ئەفغانســتانەوە تێوەگلا کە زۆر لە پێشــان خراپتــر بــوو، فۆکۆیاما هــۆکاری ئەمە دەگێڕێتەوە بــۆ تێکەڵاوکردنی هەوڵەکانی ئەمریکا لە پرۆســەی بونیادنانی نەتەوەوە (Nation Building) لەگــەڵ پرۆســەی بونیادنانی دەوڵــەت (State Building)، بۆ ئەمەش پرۆســەی بونیادنانــی دەوڵەت بەو جۆرە پێناسە دەکات، کە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵــەت بریتییە لە بونیادنانــی دامەزراوە رەسمیەکان کە ببێتە هۆکاری ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی یــەك کۆمەڵگە بتوانن پێکەوە بژین، لەمەشدا پشــتگیری لەو بۆچوونەی ماکس ڤێبــەر دەکات کــە دەڵێت: (دەوڵەت دەتوانێت مۆنۆپۆڵی هێــز بکات و پیادەی بکات)،ئەمەش لەبەر ئەوەی بەردەوام رەفتاری دەوڵەت بەو جــۆرە بووە کە هێزی پۆلیس و سوپا بۆ سەپاندنی یاسا و نیزام لە کۆمەڵگە بەکار بهێنێت. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەگەر پرۆســەی بونیــادی نەتەوەو بەمانای مێژوو و کەلتور و زمان و ناسنامە و بەرژەوەندی هاوبەشی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو یەك کۆمەڵگە ســەرکەوتوو نەبێت، ئایا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە سەرکەتوو دەبێت؟ فۆکۆیاما لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری زانکۆی جۆهانز هۆپکین بەو جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە پرۆســەیەکی تەکنیکی نییە لەدەرەوە هاوردە بکرێت، بەڵکو پرۆســەیەکە پێویستی بــەوە هەیە پێکهاتــە جیاوازەکانی نێو یەك کۆمەڵگە کە بگەنە ئەو قەناعەتەی خاوەنی مێژوو و کەلتور و ناســنامە و بەرژەوەندی هاوبەشــن، لەم چوارچێوەیــەدا ئاماژە بەوە دەکات، هەموو کەســێك دەتوانێت، هێزەکانی ســوپا و پۆلیس و حکومەت و ئاژانسەکانی دابمەزرێنێت، بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێت پێکهاتــە جیاوازەکان لەنــاو یەك کۆمەڵگە بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە بتوانن پێکەوە بژین، ئەمە کێشە گەورەکەیە کە بەبۆچوونی فۆکۆیاما هەڕەشە لە سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، لەمبارەیەوە ئاماژەی بە عێراقی دوای رووخانی رژێمی پێشــوو کردووە کە بۆتە خاکێکی بەپیت بۆ گەشەی تیررۆیستان و هەڕەشە بۆ ئارامی و سەقامگیری هەموو وڵاتانی ناوچەکە.

کەواتە ئەوەی فۆکۆیاما لەمەســەلەی حکومڕانــی و سیســتەمی نوێی جیهانی لەســەدەی بیســت و یەکەم پێمــان دەڵێت، دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەت و هەوڵەکانی ئەمریکایە بۆ پرۆســەی بونیــادی نەتەوە (Nation building) لە وڵاتانی هاوشــێوەی عێراق و ئەفغانســتاندا، لەمەشدا راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر هەردوو دەوڵەتی ئەفغانســتان و عێراق بەمشــێوەیەی ئێستا

**پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە پرۆسەیەکی تەکنیکی نییە لەدەرەوە هاوردە بکرێت، بەڵکو پرۆسەیەکە پێویستی بەوە هەیە پێکهاتە جیاوازەکانی نێو یەك کۆمەڵگە بگەنە ئەو قەناعەتەی خاوەنی مێژوو و کەلتور و ناسنامە و بەرژەوەندی هاوبەشن**

کە هەن بمێننەوە، دەبنە هەڕەشــە بۆ ســەر سیســتمی جیهانی لە ســەدەی بیســت و یەکەمــدا، ئەمەش بەو مانایە بەکاردەهێنێت هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئەفغانســتان ئەو پێوەرانەیان تێدا نییە کە پێویستە لەدەوڵەتی سەدەی بیســت و یەکەمدا هەبن، هەربۆیە کاتێك دەوڵەتێك دەبێتە هۆکاری پاراســتنی سیســتمی جیهانی کە ئــەم خاڵانەی تیدا بێت:

١. بونیــادی دامــەزراوەی بەهێز دەبێتە هــۆکاری ئەوەی بتوانرێت ترس و تۆقاندنی تیرۆریســتان کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام پرسیار لێــرەدا ئەوەیە ئایا مەبەســت لــە بونیادی دامــەزراوەی بەهێــز چییــە؟ بێگومــان دامــەزراوەی بەهێــز واتە بونیــادی ئەو دامەزراوانــەی کە دەبنە هــۆکاری ئەوەی

> **Building– زۆر له پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت– State Building – فراوانتر و قورسترە، هەموو کەسێک دەتوانێت هێزەکانی سوپا و پۆلیس دابمەزرێنێت، بەڵام قەناعەت پێهێنانی گەل و پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکان کە لەناو یەک کۆمەڵگەدا پێکەوە دەژین و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیاندایە هەیە، زۆر لە بونیادنانی دەوڵەت قورسترە)).**
>
> **فرانسیس فۆکۆیاما**

پێکهاتە جیاوازەکانی ناو یەك کۆمەڵگە بتوانن پێکەوە بژین، کاتێك ئەو دامەزراوانە نەیانتوانی ئەو بوارە بڕەخسێنن کە پێکهاتە جیاوازەکان پێکەوە بژین، مانای ئەوەیە دامەزراوەکان دەوڵەت دەکەنەوە بە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری خۆسەپێن نەك هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی.

٢. دەوڵەتی خاوەن دامەزراوەی بەهێز دەتوانێت ڕێگە لە لافاوی پەناهەندە بگرێت بۆ وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی دەوڵەتانی

**ئەگەر ئەفغانستان و عێراق بەم شێوەیەی ئێستا بمێننەوە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر سیستمی جیهانی، هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئەفغانستان ئەو پێوەرانەیان تیدا نییە کە پێویستە لەدەوڵەتی سەدەی بیست و یەکەمدا هەبن**

ڕۆژئاوا، هەر بۆ نموونە ئەگەر لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە، دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق بەو ئاستە بوونایە کە بیانتوانیایە بە بەشێوەیەکی ریشەیی کێشەی گەلی کوردستانی لە عێراقدا چارەسەر بکردایە و بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە ناوچە دابڕێنراوەکان بگەڕێنرایەوە سەر هەرێمی کوردستان و چارەسەری کێشەی مەزهەبی عەرەبی شیعە و سوننەی بکردایە، ئەوا ئەو چەندین ملیۆنە پەنابەرەی عێراقی کە لە دەرەوەی وڵاتن هەموویان دەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

٣. دەوڵەتی خاوەن دامەزراوەی بەهێز، توانای ئەوەی هەیە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان بۆ گەلەکەی دابین بکات و بایەخ بە چاودێری تەندروستی و پەروەردەیی بدات، بۆیە ئەم جۆرە دەوڵەتە توانای ئەوەی دەبێت نەخۆشی زۆر خراپ کۆنترۆڵ بکات و ڕێگە نەدات بە جیهاندا بڵاو بێتەوە، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا کە دوای هەشت ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی پێشوو هێشتا نەك هەر سیستمی چاودێری و تەندروستی بوونی نییە، بەڵکو نیوەی عێراق لە پێداویستی ئاوی خواردنەوە و کارەبا بێ بەشن، بۆیە چاوەڕێی ئەوە ناکرێت عێراق بەم دەوڵەتەی ئێستاوەی بتوانێت هۆکارێك بێت بۆ پاراستنی سیستمی جیهانی لەسەدەی بیست و یەکەمدا.

کەواتە ئەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن، لای فۆکۆیاما ستاندەری دەوڵەتی سەدەی بیست و یەکەمە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم بۆچوونانەی فۆکۆیاما لە کتێبی (بونیادنانی دەوڵەت: حکومڕانی و سیستەمی جیهانی لەسەدەی بیست و یەکەم دەیخاتەڕوو) لەگەڵ بۆچوونەکانی لەکتێبی (کۆتایی مێژوو) پێچەوانە نابێتەوە؟ فۆکۆیاما لە هەمان دیمانەی لەگەڵ گۆڤاری زانکۆی جۆهانز هۆپکین، وەڵامی ئەم پرسیارە بەو جۆرە دەداتەوە، کە ئەم کتێبەی تەواوکاری کتێبی کۆتایی مێژووە، لەبەر ئەوەی کۆتایی مێژوو واتە دەسپێکی پرۆسەی ڕۆشنگەری لەسەرانسەری جیهاندا، دەسپێکی پرۆسەی ڕۆشنگەریش لەسەرانسەری جیهان واتە ئەو دەوڵەتانەی پێش ڕووخانی دیواری بەرلین دەوڵەتێك بوون لەسەر بنەمای ئایدلۆژیەتێکی تایبەت بونیاد نرابوون، یان دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی کە لەسەر بنەمای جیاکاری نەتەوەیی و توندڕۆیی ئایینی بونیاد نرابوون، دەبێت دوای ڕووخانی دیواری بەرلین گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە ئەو مۆدیلانەی دەوڵەت شکستیان هێناوە و دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەقڵانیەت، هەروەك چۆن ئەورووپا لەسەدەی هەژدەهەم گەڕایەوە بۆ ئەقڵانیەت و کۆتایی بە ڕۆژە ڕەشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هێنا، دیسان ئەم بۆچوونەشی پشت بە هەمان بۆچوونی ماکس ڤێبەر دەبەستێت، کە ڤێبەر پێی وابوو بۆیە ئەورووپا دەستی بەپرۆسەی ڕۆشنگەری کرد، لەبەر ئەوەی گەلانی ئەورووپا گەیشتنە ئەوپەڕی بێ ئومێدی لە شێوازی حکومڕانی پێش سەردەمی ڕۆشنگەری و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی شەڕە ئایینیەکان و شەڕی نێوان گەلان بێ هودەیە و دەبێت لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەیی لەنێوان ئایین

**نەتەوە یەکگرتووەکان وەك بەرەی دەوڵەتانی هاوپەیمان لەلایەن رۆزفەلت و چەرچلەوە لەساڵی ١٩٤٣ پێشنیارکراو دامەزرا، دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی جێگەی رێکخراوی کۆمەڵەی گەلانی گرتەوە**

و نەتەوە جیاوازەکان دروست بێت و پرۆژەی ئاشتی هەمیشەییەکەی (کانت) لەنێوان گەلاندا جێبەجێ بکرێت، کە هەر ئەم پرۆژەیە بنەمای ١٤ خاڵە بەناوبانگەکەی وۆردۆ ویڵسن و پرۆژەی وۆردۆ ویڵسنە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی گەلان و هەروەها بنەمای ڕێککەوتننامەی (سیڤەرە) کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەسەلمێنێت، هەر ئەمەش بنەمای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك بەرەیەکی دەوڵەتانی هاوپەیمان دژی دەوڵەتانی میحوەر لە لایەن ڕۆزفەلت و چەرچلەوە لەساڵی ١٩٤١ پێشنیاری بۆکراو لە ساڵی ١٩٤٢ بەرەسمی ڕاگەیەنراو دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی وەك ڕێکخراوێکی جیهانی بەناوی ڕێکخراوی

نەتەوەیەکگرتووەکانەوە جێگەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلانی گرتەوە.

ئەم پرانسیپانە کە لەسەدەی هەژدەهەمەوە و لەدەسپێکی ڕۆشنگەری و لەدوای شۆڕشی فەرەنساوە مرۆڤایەتی هەوڵی بۆدەدا لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، بە دەستپێکردنی شەڕی سارد ئاستەنگی گەورە هاتە پێشی و نەتەوە یەکگرتووەکان لەبری ئەوەی ئەو ڕێکخراوە جیهانیە بێت بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەنێوان گەلانی جیهاندا، بووە ئەو ڕێکخراوەی تەنیا کاری ئەوە بوو بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕابگرێت، هەربۆیە کاتێك بلۆکی ڕۆژهەڵات کە

**کۆتایی مێژوو واتە دەسپێکی پرۆسەی ڕۆشنگەری لەسەرانسەری جیهاندا، دەسپێکی پرۆسەی ڕۆشنگەریش بونیادنانی دەوڵەتە بەشێوەیەکی ئەقڵانی**

ڕووخانی دیواری بەرلین، هێشتا چەکە ئەتۆمیەکانی کۆریای باکوور و دەوڵەتە سیۆکراسی و تۆتالیتارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و پۆپۆلیستەکانی ئەمریکای لاتین و دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست گەورەترین هەڕەشەن لەسەر

بەرژەوەندییەکانی مەعریفە پۆلین بکرێنەوە، دەبێت ئەو بەرژەوەندییەی مەعریفە سەربکەوێت کە بۆ مرۆڤ دەبێتە هۆکارێك بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادی نەك ئەو لایەنەی مەعریفە کە دەبێتە بەرژەوەندی بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو مرۆڤ دەکاتە کۆیلەی تەکنۆلۆژیا.

**هەرێمی کوردستان لەنێوان پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و بونیادنانی دەوڵەتدا**

ئەوە بەڵگە نەویستە هەموو گەلی کوردستان خوازیاری ئەوەن خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بن، بەڵام ئەم خواستە لەلایەك و کردنی ئەم واقیع بە واقیع لەلایەکی دیکەیە، ڕاشکاوانەتر ئەم هێڵەی







یەکێتی سۆڤیەتی پێشان سەرکردایەتی دەکرد هەرەسی هێنا، فۆکۆیاما جاڕی کۆتایی مێژووی دا، ئەمەش بەو مانایەی کە دوای ڕووخانی بلۆکی سۆشیالیستی ئیدی مرۆڤایەتی دەگاتە ئەو قەناعەتەی بێجگە لەرێگە چارەی دیموکراتی و لیبرالی ڕێگەیەکی دیکە ناگرێت، ئیدی لێرەوەیە ڕەخنە لەسەر کۆتایی مێژوو دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو جیهان لەسیستەمی کۆنی دەوڵەتەکانیان بەو ئاستە نائومێد نەبوون کە دەست بە بونیادی پرۆسەی ڕۆشنگەری ئەقڵانیەت بکەن، هەر بۆنموونە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بەسەر ئاشتی و ئاسایش و سیستەمی جیهانی لەسەدەی بیست و یەکەمدا، بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەموو هەڕەشە سیاسییانە و هەڕەشەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بە تایبەتی هەوڵەکان بۆ کۆپیکردنی مرۆڤ، فۆکۆیاما مرۆڤایەتی لەوە دڵنیادەکاتەوە کە دەبێت سەرەنجام لەسەر ئاستی سیاسیی هەموو جیهان هەنگاو بۆ ڕۆشنگەری و ئەقڵانیەت هەڵبگرێت و لەسەر ئاستی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاش دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت کە مرۆڤ نەخرێتە خزمەتی تەکنۆلۆژیا، بەڵکو تەکنۆلۆژیا بخرێتە خزمەتی مرۆڤەوە، هابرماس گووتەنی دەبێت جارێکی دیکە

دەبێتە پردی نێوان خواستی گەلی کوردستان و پراکتیزەکردنی ئەو واقیعە دوو پرۆسەی گرنگە کە دەبێت هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستان بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بکات و بەشداریش بێت لەسەر خستنی هەردوو پرۆسەکەدا، پرۆسەی یەکەمیان کە پرۆسەی بونیادی گەلی کوردستانە وەك گەلێك بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە جیاوازەکانیەوە، پێویستە لە چوارچێوەی مێژووی هاوبەش و کەلتوری هاوبەش و پاراستنی تایبەتمەندی زمان و ئایینی هەر پێکهاتەکەیەوە لەچوارچێوەی بەرژەوەندنی هاوبەشی هاونیشتمانبوونی کوردستانی

هەستی ناسنامەی کوردستانی هەموویان کۆبکاتەوە، لەوانەیە پرسیار لێرەدا ئەوەبێت، ئایا سەرکردایەتی سیاسی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەمبارەوە درێغیان کردووە؟ بەتایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە نەك هەر بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ سەرانسەری کوردستان و تەواوی ناوچەکە وەك سیمبولی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و ئاشتی سەیر دەکرێت، لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەك درێغی نەکردووە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کەلتوری ئاشتی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی لەهەموو عێراقدا رەگ دابکوتێت و رەنگدانەوەی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی

## پرۆژەکەی (کانت) بۆ ئاشتی هەمیشەیی نێوان گەلان، بنەمای رێککەوتننامەی سیڤرە کە ئەویش بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە

بۆیە لێرەوە چەند خاڵێکی گرنگ دەکەوێتە سەر شانی هەر تاکێکی کوردستان بە هەموو نەتەوەو ئایینەکانەوە کەئێستا لەناو ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەژین و لەناوچە دابڕێنراوەکانیش کە لەئاییندە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان:

و کەلتور و نەریت و مێژووی خۆی بکات، لە قۆناخی دووەمدا کە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتە، واتە دەسپێکردنی پرۆسەی بونیادی ئەو دامەزراوانەی کە توانای ئەوەی هەبێت هەموو ئەو جیاوازیانە پێکەوە کۆبکاتەوە و هاونیشتمانیەکانی کوردستان بتوانن لەسەر ئەم خاکە بە کەرامەت و ئازادی پێکەوە بژین.

٢. پرۆسەی بونیادی دیموکراتی کە گرێدراوە لەگەڵ دەسپێکردنی پرۆسەی پەرەپێدان، لەناوچەکانی ئێستای ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سفرەوە دەستی پێکراوە و پێشتر لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە پشتگوێ خرابوو، بۆیە بۆ ئەوەی زەمینەیەك بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی دەست بەبونیادی



دەوڵەتانی ئیسلامی هەبێت، کەواتە مەترسی سەرەکی لێرەدا ئەوەنییە ئەم ئیرادەی ئاشتی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە یان نەء، بەڵکو مەترسیەکە ئەو دەستانەیە کە دەیانەوێت ئەم ئیرادە خێرەی سەرۆکی کوردستان بشێوێنن، کە چەندین ساڵە ئەم هەوڵانە لەسەر ئاستی هێزەکانی ناوخۆ و دەرەکی بەردەوامن هەر لە پیادەکردنی پرۆسەی کۆمەڵکوژی برا کریستیانەکان و کوردی شەبەك و یەزیدی لە ناوچەکانی موسڵ و تەلەعفەر و شەنگار، تادەگاتە پیادەکردنی پرۆسەی دەرکردن و کۆمەڵکوژی کورد لە سەعدیە و جەلەولا،

١. دەبێت هەر تاکێکی کوردستان بگاتە ئەو قەناعەتەی کە بانگێشەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی نەتەوەکانی کوردستان هەموو نەتەوەن و قبوڵ نییە هیچ نەتەوەیەك بە کەمینە ناو زەد بکرێن، هەروەها هەموو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان یەکسانن و پێڕەوانی ئایینەکان زۆر بن یان کەم هیچ لە گەورەیی و پیرۆزی ئایینەکە کەم ناکاتەوە، مانای ئەوەیە سەرۆکی کوردستان لە قۆناخی یەکەمدا لە هەوڵی ئەوەدایە پرۆسەی بونیادی گەلی کوردستان، وەك گەلێك بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە هەست بە ناسنامەی کوردستانی

پرۆسەیەکی دیموکراتی بکرێت دەبێت هاوشان پرۆسەی پەرەپێدان سەرکەتوو بێت، ئەو هەوڵانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی لەهەرێمی کوردستان دەستی پێکردوون، هەوڵێکە بۆ ئەوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هەست بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی سەروەریی یاسا بکەن، ئەمەش خۆی لە چوارچێوەی پرۆسەی بونیادی نەتەوە دەبینێتەوە، بۆیە گرنگە ئەو دامەزراوە دەوڵەتیانەی بۆ ئەم پرۆسەیە بونیاد دەنرێن دەبێت بە شێوەیەك بن بتوانن سەروەریی یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بپارێزن، لەمەش گرنگتر پێویستە ئەولایەنە رەچاو



**سەرۆکی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە گەلی کوردستان، وەك گەلێك بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە هەست بە ناسنامەی کوردستانی و کەلتور و نەریت و مێژووی خۆی بکات**

بکرێت کە ئێستا باری ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان لە قۆناخێکدان هێشتا نەتوانراوە پرۆسەی پەرەپێدان دەستی پێبکرێت چۆن پێشتر ئەو ناوچانە ناوچەی پەراوێز خراوبوون بەهەمان شێوە ئێستا لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراق بەدەستی ئەنقەست جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە و گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دوادەخرێت و ئامانجیش لە دواخستنی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بۆ ئەوەیە کە پرۆسەی بونیادی گەلی کوردستان و پرۆسەی بونیادی دامەزراوە دەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانە دوابخرێن، ئەمەش ئاستەنگێکی دیکەیە کە ڕووبەڕووی هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە و بوار نادات کە هەردوو پرۆسەکە و هاوتەریبی بەڕێوەبچن.

### بونیادنانی دەوڵەت

### پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکانە

زۆر لەنێو ئەدەبیاتی سیاسی کوردستانیدا پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لەگەڵ پرۆسەی جاڕدانی دەوڵەت تێکەڵ دەکرێت، یان بە یەك مانا بەکاردەهێنرێت، ئەمە لەکاتێکدا زۆرجار پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەت دەکەوێت، بۆ نموونە وەك تایوان کە مافی ئەندامیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەساڵی ١٩٧١ لێوەرگیرایەوە، بەڵام هەتا ئێستاش پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت بەردەوامە و ئێستا لەهەوڵی ئەوەدان کە جارێکی دیکە ڕەزامەندی نەتەوەیەکگرتووەکان وەربگرنەوە و جاڕی دەوڵەت بدەنەوە. لە هەندێ شوێنی دیکە پرۆسەکە دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەت دەست پێدەکات یان ساڵانێکی دوور و درێژە دەوڵەت بوونی هەیە، بەڵام هێشتا پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت دەستی پێنەکراوە و هێشتا ئەو دەوڵەتانە نەك هەر هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، بەڵکو هەڕەشەن بۆ سەر گەلەکەی خۆشیان، نموونەی ئەم دەوڵەتانە لەجیهانی سێهەم و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەرادەیەك زۆرە کە لەوانەیە

**دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر ڕووخانی دیواری بەرلین، هێشتا چەکە ئەتۆمیەکانی کۆریای باکوور و دەوڵەتە سیۆکراسی و تۆتالیتاریەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و پۆپۆلیستەکانی ئەمریکای لاتین و دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست گەورەترین هەڕەشەن لەسەر ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا**

**حکومەتی ناوەندی عێراق بەدەستی ئەنقەست جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە و گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دوادەخات**

پێویست بەوە نەکات وەك نموونە ئاماژەیان پێبکرێت.

کەواتە بۆ ئێمە وەك هەرێمی کوردستان خاڵی گرنگ ئەوەیە کە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە یان پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت، بە جاڕدانی دەوڵەت گرێنەدەینەوە، بەڵکو هەوڵبدەین هەردوو پرۆسەکە پێکەوە بەردەوام بن، پێکەوە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن هەڵبگرین، بەتایبەتی ئێستا کە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، گرنگە خەمی سەرەکی بۆ ئەوە بێت ناوچە دابڕێنراوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و پرۆسەی پەرەپێدان تەواوی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە و هەوڵبدرێت دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز بن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە توانای ئەوەیان هەبێت پێکەوە بژین، خاڵی گرنگ لێرەدا ئامادەباشی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە بژین و پێکەوە کار بکەن و ئایندەی خۆیان دەست نیشان بکەن، ئەوکات ئەگەر بڕیاری جاڕدانی دەوڵەتی کوردستانیش بدرێت، هەموو جیهان پێشوازیمان لێدەکات.

# دەوڵەتە ئیسلامییەکان چییان بۆ نەوەکانی سەلاحەددینی ئەیوبی کردووە؟



عەبدولڕەحمان سدیق

تائێستاش نزیکەی (٥٥) دەوڵەت خۆیان لەژێر چەتری ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیدا کۆکردۆتەوە، بەڵام ئامادەنین دان بەبوونی دەوڵەتێکی کوردیدا بنێن، یان بەلای کەمەوە کوردستان وەك ئەندامی چاودێر قەبووڵ بکەن، لەکاتێکدا کەچاك دەزانن سەلاحەددینی ئەیوبی چ پێگەو ناوبانگێکی هەیە لەجیهاندا بەگشتیی و لەجیهانی ئیسلامیشدا بەتایبەتی.

بۆیە ئەمڕۆ دەبێت لەو ڕاستییە بگەین کە گەلان و نەتەوەی زیندوو، ئەوانەن کە کار و کردەوە چاکەکانی ڕەمز و سیمبولەکانی دەبێتە گیانێکی واتایی و، دەچێتە جەستەیانەوە، بۆیە ئەو گەلانەش کە لەبەر زۆر هۆی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەست بەرداری هەندێك لە (ڕەمز)ـەکانیان بوون، ئێستا لە پاش دەیان ساڵ دەگەڕێنەوە، پەیکەریان بۆ دەتاشن و، ناوی شوێنە گشتییەکان و شەقام و دەزگای گەورەیان بە نێوەوە ناو دەنێن.

تەنانەت وڵاتی وا هەیە کە ڕەنگە لە ڕێگەی یەك کەسایەتی ناودارەوە بناسرێت، بۆیە ئەو وڵاتانە ساڵانە لەهەوڵی بەستن و سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەو کۆنگرەن و، سەدان کەسایەتی و پسپۆڕی جیا جیاش بانگهێشت دەکەن بۆ ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕەمز و کەسایەتییانە...

لە تورکیادا فیستیڤاڵی لەم جۆرە بۆ یادی (محمد الفاتح) و (سەعید نوورسی) کراوەو دەکرێت و چەندین باس و نووسینیان لە بارەوە پێشکەش کراوە، چونکە لە کۆتاییدا مەسەلەکە هەر دەچێتەوە سەر خەرمانی کەڵەکەبووی وڵاتەکە.

لە (پاکستان)دا بۆ (محەمەد ئیقبال) کراوەو، لە (تونس)یشدا بۆ (ئیبن خەلدون) دەکرێت.

بۆ ئێمەی کوردیش، لەسەرتاسەری جیهان بە گشتی و، جیهانی ئیسلامیی بەتایبەتی، (سەلاحەددین) بۆتە ئەو ڕەمزە ئایینیەی کە گەلەکەمانی پێ دەناسرێتەوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە لە بیری ئەوەدابین فیستیڤاڵێکی یان کۆبوونەوەیەکی فراوانی چەند ڕۆژیی لە (دوو) یان (سێ) ساڵ جارێکدا لە کوردستان بۆ ساز بکەین و، کەسایەتی ئیسلامیی و مێژوویی و سیاسییەکانی جیهان و ناوخۆی بۆ بانگهێشت بکەین بەمەبەستی پێشکەشکردنی باس و لێکۆڵینەوە لە سەر لایەنە دیار و نادیارەکانی ژیانی (سەلاحەددین) و دەوڵەتەکەی، لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئاواشدا سوود و قازانجی باش بۆ کوردستان و ئەزموونەکەی بەرجەستە دەبێت لەوانەش:

یەکەم: گێڕانەوەی (سەلاحەددین)و سەرکەوتنەکانی بۆ شوێنی ڕاستەقینەی خۆی کە کوردستانە، چونکە ناکرێت لە هەموو دنیادا کۆڕ و باس لەسەر (سەلاحەددین) بکرێ و ساز بدرێت و، ئێمەی کوردیش بێ دەنگ بین.

دووەم: تیشك خستنە سەر هەوڵەکانی لە بوارەکانی تری ژیاندا -جگە لە سەربازیی- وەك بواری زانستی و ئەدەبی و هونەری و ئاوەدان کردنەوە، چونکە (سەلاحەددین) جگە لە ڕزگارکردنی (بیت المقدس)، یەکەم کەسیش بوو کە سیستمی (المساجد المدرسیە)ی داهێناو، قەڵای ناوازەو گەورەی دروست کردو، ئەندازیارێتی لە سەردەمی ئەودا زۆر بەرەوپێش چوو شارەکانی ڕێك خست، زانکۆی (ئەزهەر)ی ئاوەدان کردەوە، زیاتر لە (٢٦) قوتابخانەی گەورەی لەچەشنی زانکۆی دروست کرد، بایەخی بە زانایان داو، ئافرەت لە سەردەمی ئەودا وانەی شەرعیان بە پیاوان دەوتەوەو، نووسین و لێکۆڵینەوەی زۆر لەو سەردەمەدا پێشکەش کران، کە هەموو ئەمانە دەبێت تیشکیان بخرێتە سەر.

سێیەم: جەخت کردنەوە لە سەر ئەو ڕاستییەی کە بەشێکی گەورەی مافەکانی گەلی کورد، دەبێت لەلایەن وڵاتانی ئیسلامییەوە پشتگیری لێ بکرێت، چونکە کوردستان بە نەخشەی زلهێزان بەسەر چوار وڵاتی موسڵماندا دابەش کراوە، ئەو چاکەو دەستکەوتانەی (سەلاحەددین)یش کەوا لەگەردنی ئەواندا، پێویستە ئەمڕۆ بە ڕۆڵەو نەوەکانی ئەو بدرێتەوە، ئەوەیش بەوە دەبێت کە ئاوڕ لە کێشە ڕەواکەی بدەنەوە، مافی نەتەوەو گەلەکەی (سەلاحەددین) بسەلمێنن.

چوارەم: جەخت کردنەوەی لەسەر ئەوەی کە دەشێت و ڕەوایەو شەرعیشە کە کورد لە جیهانی ئیسلامیی دا دەوڵەتی خۆی هەبێت، چونکە ئەگەر لە ڕووانگەی ئیسلامەوە بڕوانینە دەوڵەتی (ئەیوبی)، ئەوا دەوڵەتێکی فراوان بووەو، لە کوردستانەوە بۆ (لیبیا)و، لەکوردستانەوە بۆ (یەمەن) بووە، کە ئەمەش جۆرێك لە سیستمی کۆنفیدراڵی بووە کە تیایدا دەوڵەتی (ئەیوبی) خاوەنی (سوپا)ی خۆی و، (ئاڵا)ی خۆی و، (دارایی) خۆی بووە.

سەلماندنی ئەم ڕاستییەش لە لایەن ئامادەبووانی کۆبوونەوەیەکی وادا بنمیچی خواستە ڕەواکانی ئەمڕۆمان لە جیهانی ئیسلامیی دا بەرزتر دەکاتەوە.

پێنجەم: لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەکی ئاوا فراوانیشدا، دەتوانرێت چەندین بەرهەمی هونەری و ئەدەبی و کەلەپووری نەتەوەیی و فۆلکلۆری گەلەکەمان پێشکەش بکرێت، بۆ ئاشنا بوونی ئامادەبووان بە لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیانی کوردەواریمان.


شەشەم: ئاشنا کردنی ئامادەبووان بە پێشکەوتنی گەلەکەمان کە لە ئەزموونی نوێی خۆیداو، بەهەوڵی خۆی بە دەستی هێناوە، ئەمەش بە بەسەر کردنەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەردانی شارەکانی و شوێنەوارە مێژووییەکان و، باخچەو پارك و سەیرانگاو هاوینە هەوارەکان و، مزگەوتە دێرینەکان و مزگەوتە گەورەو نوێیەکان و، بنکە ڕۆشنبیریی و هونەری و وەرزشی و مۆزەخانە مێژووییەکان و، حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و ئەوانی تر.

ئەمانەو سوودی تری لەم چەشنەش بەدی دەکرێت، ئەگەر بیرۆکەی ئەم پێشنیارە لە واقیعدا بەرجەستە بکرێت، بیرۆکەیەکی ئاواش پێموایە کە پێویستە هەموومان داکۆکی لە سەر بکەین، بەوانەشمانەوە کە تا ئێستا بە (سلبی)یەوە لە ڕۆڵی (سەلاحەددین) دەڕوانن، چونکە (سەلاحەددین) هەرچی لەتوانادابوو کردی، جا ئەگەر بە قازانجی خەڵکی دیکەش تەواو بوبێت، ئەوا با ئەو خەڵکە بخەینە ژێر بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئیسلامیی و ئینسانییان و، ئەوەی کە بۆ (سەلاحەددین) بە ڕەوای دەزانن، با بۆ ڕۆڵەو نەوەکانی ئەوی بەڕەوا بزانن.



دکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ (گوڵان):

# یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان پێویستی بەوەیە هەموومان پابەند بین بە یاسا و بنەماکانی دیموکراسی و کاری موئەسەساتی و پشتیوانی لە پرۆسەی چاکسازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین



هەرێمی کوردستان لەم قۆناخەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحددی دەبێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، پەرلەمانی کوردستان کە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە لە کوردستان هەموو کات شوێنی هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردن و بڕیاردان بووە لەسەر کێشەکان، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و تۆپبارانی دەوڵەتانی دراوسێی و کێشەی دەرکردن و کوشتنی کورد لە ناوچەکانی جەلەولا و سەعدیە و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ بەڕێز دکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا و بەسوپاسەوە بەڕێزی بەڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوەو ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.

## هەرێمی کوردستان و تەحەددیاتی دەوروبەر

*** سەرەتای پرسیارمان لەوەوە دەست پێ دەکەین کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی وێنایەکی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانمان پیشان بدات، بەتایبەتی لەناو ئەو کێشەو تەحەددییانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە؟**

- ئەمڕۆ وەکو هەموومان دەیبینین هەرێمی کوردستان قۆناغێکی باشی بڕیوە، چ لەپرۆسەی دیموکراتی یان چەسپاندنی پرۆسەکەدا، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ شوێنەکانی تری ناو عێراق دەبینین لە زۆر بوارەوە هەنگاوی باشی ناوە، بەتەئکید هەرێمی کوردستانیش بەدەرنییە لەگەڵ ناوچەکەو ناو عێراق و دەوروبەر، ئەمڕۆ ئەوەی لەناو هەرێمی کوردستان کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی

**ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی زیندووی دەستووری عێراقی فیدراڵییە. یەکێکە لەو ماددانەی کە سەقامگیری تەواوی ناوخۆی عێراقی پێوە بەستراوە. ئەگەرچارەسەر بکرێت. عێراق هەنگاوێکی گەورە بەرەو سەقامگیری و پێشکەوتن دەهاوێت**

کوردستان و حکومەتی کوردستان باوەڕیان پێیەتی و کاری لەسەر دەکەن، چارەسەری کێشەکانە بەدیالۆگ و، دوور لە توندوتیژی و پابەندبوون بە یاسا و بنەمای دیموکراسی و کاری موئەسەساتی، بەداخەوە کێشەی دەوڵەتانی ئیقلیمی لەناوخۆیان، کەمێك کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، بۆنموونە کێشەی ناوخۆی تورکیا، کاتێك بەڕێز ئەردۆگان کرانەوەی دیموکراتی بۆ چارەسەری کێشەکان ڕاگەیاند ئێمە زۆرخۆشحاڵ بووین و پشتیوانیمان لێکرد، ئێستاش باوەڕمان وایە تەنیا ئەو ڕێگایەیە کە کێشەی ئەوانیش ناهێڵێت، ئەوجا ئەنجامەکانی بە ئەرێنیش بۆ سەر هەرێمی کوردستانی خۆشمان ڕەنگدانەوەی دەبێت، هەروەها سەبارەت بەئێرانیش.

ئێستا ئەو کێشانەی ئیقلیمی و بە کێشەی نێوخۆی عێراقیشەوە هەر لەنێوان لیستەکانی العراقیە و دەوڵەتی یاسا کە بەهەوڵ و کۆششی سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانراوە سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراقی فیدرال دابنرێت و توانراوە هەردوو سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان بکرێت و کابینەکە پێك بهێنرێت، گەرچی تاکو ئەمڕۆ هەندێك کەموکورتی ماوەو، هەندێك لە کارەکانیان هێشتا ئەنجام نەدراوە، کە وا بڕیار بوو ڕێکەوتنی لەسەر بکرێت، لەوانەش هەندێك کێشەی سەربازی و ناوخۆو ڕێژەی پێکهاتەکان و ناوچە کوردستانیە دابڕاوو کێشە لەسەرەکان کە هێشتا کێشەکانیان چارەسەر نەکراوە، هەروەها ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی زیندووی دەستووری عێراقی فیدراڵییە، یەکێکە لەو ماددانەی کە سەقامگیری تەواوی ناوخۆی عێراقی پێوە بەستراوە، ئەگەرچارەسەر بکرێت، عێراق هەنگاوێکی گەورە بەرەو سەقامگیری و پێشکەوتن دەهاوێت بەڵام تا ئێستا دواخراوەو جێبەجێ بوونی ماوەتەوە، هەروەها مەسەلەی پێشمەرگە کە ئێمە دەڵێین پێشمەرگە بەشێکە لە مەنزوومەی بەرگری عێراقی، هێشتا مەلەفەکەی بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، دابینکردنی بودجەکەی ئەرکی حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی بەرگری عێراقە، بەڵام هێشتا لە بودجەی هەرێمی کوردستان پارەی بۆ تەرخان دەکرێت و ئەم گرفتەش چارەسەر نەکراوە، وێڕای مەسەلەی پڕ چەککردن و ڕاهێنان و ...تاد، کە هێشتا بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە.

یاسای نەوت و غازیش هەر بە هەڵواسراوەیی ماوەتەوەو کێشەکانی بنبڕ نەکراوە.

هەروەها سەرژمێری لە عێراق کە هێشتا نەکراوە، ئەمەش زۆربە سلبی لەسەر هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت، چونکە هەر زیادەی نادروستی دانیشتوان لەخوارەوەی هەرێمی کوردستان ساڵانە بەسەدان ملیۆن دۆلار زیان لە هەرێمی کوردستان دەدەن، هەروەها لە ئەنجومەنی نوێنەران ژمارەی نوێنەرەکانی هەرێمی کوردستان کەمتر دەکات، چونکە کەمبوونەوەت هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، هەروەها تا ئێستا ئەنجومەنی فیدراڵی پێك نەهێنراوە بەوەی کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییەو یەك فیدراڵییەت هەیە ئەنجومەنەکەی نییە، لەگەڵ هەموو ئەم تەحەددیانەی ناوخۆو ئیقلیمی کوردستان گەرچی بەحیکمەتی سەرکردایەتی سیاسی توانراوە هەنگاوی باش بنرێت، تەمەننا

**دەنگی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە هەم تورکیا هەم ئێران بۆردومان و تۆپبارانەکان و لەشکرکێشییەکانیان کۆتایی پێ بهێنن و ڕێگا چارەی تر هەیە بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەکان**

دەکەم بتوانین ئەو خاڵانەی کە باسمان کرد و هێشتا هەڵپەسێرراون، بەدەرو دوور لە توندوتیژی بتوانین پێکەوە بە ڕێگای دیالۆگ ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزینەوە.

## مامەڵەی دروست و بەئارامی پەرلەمان لەبەرامبەر کێشەکانی هەرێم

*** جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەك بەڕێزتان ئاگادارن ماوەیەکە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکرێت، ئەم تۆپبارانەش بیانوویەکی هەیە بۆ وڵاتانی دراوسێ، لە کاتێکدا ئاماژەت بۆ ئەوە کردووە کە دەبێت بەدیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئایا ئێوە وەکو پەرلەمانی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیە دەکەن، بەتەمان دیالۆگ لەگەڵ کێ بکەن، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە لەسەر هەرێمی کوردستان دوور بخەنەوە؟**

- ڕاستە ئەو وڵاتانەی دراوسێ، ئەو شتانەیان کردووەتە بیانوو، بەڵام ئەگەر بچینە ناو ئەسڵی بابەتەکانەوە بیانووەکەیان بەتاڵە، ئەمە بیانووی بەهانەیە چونکە کێشەیەك هەیە لەلای خۆیان ئینکاری کێشەکە دەکەن، واتا چارەسەری دروستی کێشەکان لای خۆیان ناکەن، ئەگەر بەجددی و بە دروستی مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکرێت زۆر ڕوون و شەفافە زۆر بەئاسانی تەواو دەبێت و کێشەش نامێنێت و هیچ لایەکیش زەرەر ناکات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهانەیەك هەیەو دەڵێن «خەڵکێك لەمدیووەوە لێرەوە هێرش دەکەنە سەر ئەودیوو خەڵکی ئێمە دەکوژن» ئەم بیانووە وەك هۆکاری تۆپباران و بۆردومانەکە دەهێننەوە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گشت لایەنە پێوەندیدارەکان بەشێوازێکی زۆر جددی و هێمن کار بکات، بۆ ئەوەی ئەو بەهانانە نەهێڵێت و جارێکی تر دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بیانووە، بەڕێزان لە حکومەتی تورکیا دێن و دەڵێن لە قەندیل خەڵکێك هەیەو دێن لە ئێمە دەدەن و دەگەڕێنەوە بۆ قەندیل، ئەگەر ڕووپێوی قەندیل تا سنووری ئەوان بکەیت

هەموومان دەزانین چەند دوورەو چەند شاخاوییەو چەند زەحمەتە و واشان نییەو شەقامێك نییە بچیتە ئەو بەرەوەو پرۆسەی سەربازی ئەنجام بدەیت و بگەڕێیتەوە، ناوچەیەکی زۆر شاخاوی ئاڵۆزە و لەکاتی خەباتی خۆمان دژی رژێمی دیکتاتۆری بەعس، لەژیانی پێشمەرگایەتی دا لەو ناوچانە کارمان کردووەو زۆر باش شارەزای ناوچەکەین و سەدام چەند هێزو بەکرێگرتەی هەبوو هەروەها توانای ماددی زۆر بەهێزی هەبوو نەیدەتوانی کۆنترۆڵی سنوورەکەی بکات، دەوڵەتی تورکیا دەوڵەتێکی گرنگە لەڕووی سەربازیشەوە بەهێزەو دەوڵەتێکی دامەزراوەییەو ناتوانرێت ئینکاری بکرێت، ئێرانیش بەهەمانشێوە، ئەو دەوڵەتانەش

**ئێمە لەگەڵ مافی چارەنووسی میللەتانین لە هەموو شوێنێکدا. میللەتی ئێمەش و نەتەوەی ئێمەش یەکێکە لەو نەتەوانەی دنیا کە مافی خۆیەتی مافی چارەنووسی خۆی بەخۆی بڕیاری لەسەر بدات**

نەیانتوانیوە سنوورەکانی خۆیان بە باشی کۆنترۆڵ بکەن، گەر بێتوو دروست بیری لێبکەیتەوە، ئەگەر ئێمە پێیان بڵێین بۆچی هاووڵاتی و خەڵکی تۆ دێن و لەم دیوەوە لەسەر سنوورەکان لە ناوچە شاخاویەکان لەلایەنی کوردستانی دەمێننەوەو پاشان دەبێتە کێشە بۆ دانیشتووانی ئەمدیو نزیك سنوورەکان! و ئێوەش دێن تۆپباران ناوچەکە دەکەن، زیانی گیانی زۆر بەدانیشتووانی ئەم دیو دەکەوێت، لەبری راکردن بۆ ئەم دیوی سنوور و بۆردومان و تۆپبارانی وڵاتەکانیان بۆ سنووری هەرێمی کوردستان، دەکرێ بەرێگەی ئاشتیانە چارەسەری گرفتەکانیان بکەن.

ئێمە روومان لە هەموو لایەنەکانە بەبێ جیاوازی، کارمان کردووە کاریش دەکەین بۆ بەردەوامیدان بە پێوەندیەکانی کە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەیە تاوەکو بەرەو باشتری ببەین، هەرێمی کوردستانیش موڵکی هەموو ئازادیخوازێکەو ماڵی هەموو مرۆڤێکی لێقەوماوو دیموکراتیخوازە، واجبی هەموو مرۆڤێکە کە بیر لە بەرەو پێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی بکاتەوە، بیرلە پێکەوەژیانی ئاشتیانە بکاتەوەو بیر لە دوارۆژێکی باشتر بۆ پرۆسەی دیموکراتی لەناوچەکە بکاتەوە، پێویستە رەچاوی ئەم بارودۆخە بکات، بۆیە ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی نائاساییمان ئەنجامدا و کۆمەڵێك خاڵ لەلایەن پەرلەمانتارەکانەوە بڕیاریان لەسەردرا، خاڵێك لەو بڕیارانە ئەوەیە « داوامان لە گشت لیژنە هەمیشەییە پێوەندارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەو بارودۆخەوە کردووە، دیراسەیەکی ورد لەسەر بارودۆخەکە ئامادە بکەن و بیدەن بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی لێرەدا دیراسەی بکەین و بەپێی ئەو راپۆرتانەوە راو بۆچوونی زۆرینەی پەرلەمانتاران مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

### کێشەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان

*** جەنابتان وەکو یەك فایل مامەڵە لەگەڵ هەردوو لایەنی تورکیاو ئێران دەکەن، یا بەشێوەیەکی جیاواز؟**

- هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێران وەکو دوو دەوڵەتی ئیقلیمی پێوەندی ئیجابیمان لەگەڵ هەردوو لایەن هەیە، هەردوو لایەنیش بە ئێمە دەڵێن ئێمە کێشەو گرفتمان لەگەڵ ئێوە نییە، واتا بەفەرمی و بەئاشکرا وامان پێ دەڵێن، ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام کەسانێك لەو ناوچە شاخاوییانە دژی ئێمە کار دەکەن، دێن خەڵکی ئێمە دەکوژن، ئەمە قسەی ئەوانەو بیانووەکەیان ئەمەیە، ئێمە داوا لەهەردوو دەوڵەتە دراوسێیەکە دەکەین: یەکەم تۆپباران و بۆردومانکردنی ناو سنووری خاکی هەرێمی کوردستان کە سەر بەدەوڵەتێکی دراوسێی ئەوان و ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو تۆپباران و بۆردومانە رابگرن و دووبارە نەبێتەوە، چونکە خەڵکی سیڤیلی لێ بووە بە قوربانی و خەڵکێك ئاوارەبوون و لە کەسابەتی خۆیان دوورخرانەوەو رەزەکانیان وشك بوو ئاژەڵەکانیان کوژرا منداڵ و پیرەمێرد و ئافرەتیان لێ شەهید بوون، ئەمە تاوانە، ئەمانەی ئەو کارە دەکەن بەرپرسن لەسەر ئەو کارانە، بۆیە دەبێت ئەو بۆردومانە رابگرن، بۆیە دەنگی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە هەم تورکیا هەم ئێران بۆردومان و تۆپبارانەکان و لەشکرکێشیەکانیان کۆتایی پێ بهێنن و رێگا چارەی تر هەیە بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەکان، رێی تر هەیە دوور لە توندوتیژی، دەتوانن بەبێ ئەوەی خوێن لەیەك مرۆڤ برژێت چارەسەری کێشەکان بکەن، واتا ئەو رێگایە بگرن باشترە ئێمە هەردوولا، جارێك پژاك و پەکەکە یەکن و بەیەك چاو تەماشای دەکەین لەیەك جیا نین واتا دوو هێزی چەکدارن و مێژوویان دیارە چۆن دروست بوون، ئومێد دەخوازین کێشەکانیان بەرێگای ئاشتی چارەسەر بکرێن، ئەوانیش بەکوشتنی چەند سەربازێك یا پاسدار ناتوان بگەنە هەقی خۆیان، بۆیە رێگایەکی بەرز و پیرۆز لەپێش هەموانە ئەویش بە دوور لەتوندوتیژی هەر لایەك دەنگی بۆ بەرز بکاتەوە جێگەی رێزە، بەڵام هەرچی بۆردومان و تۆپبارانی ناو سنوورەکانمانە ئیدانەی دەکەین.

### واقیعبینی لە مامەڵەی دروست بۆ بارودۆخەکان

*** بەڵام بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جگە لە هەردوو لایەنی پژاك و پەکەکە کۆمەڵێك لایەنی سیاسی تری وڵاتانی دەوروبەر لە کوردستانن، بەڵام کە تەماشای ئەوان دەکەین رەچاوی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکەن و هەرێمەکەیان نەکردۆتە بنکەو مۆڵگەیەك بۆ خەباتی چەکداری خۆیان، ئایا ناکرێت لەگەڵ ئەم دوولایەنەش قسە بکرێت و پێیان بوترێت هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی ناسکی**

**لە ناوچە دابڕێنراوەکان بە بەردەوامی کورد دەکوژرێت و تەعددایان لێ دەکرێت و رۆڵەکانیان دەرفێنرێن و زەوی و موڵکیان لێ داگیر دەکرێت. بۆیە بە ئەرکی دەزگاکانی هەرێمی کوردستانی دەزانین کە بچن لەوێ بەرگری لەو خەڵکە مەزڵومە بکەن و لەوێ و بۆ پاراستنیان بمێننەوە**

**هەیە، چونکە ناکرێت بیانو بدرێتە دەست وڵاتانی دراوسێ ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئەزموونەکەمان بپارێزرێت؟**

- لەراستیدا ئەوەی جەنابت دەیڵێیت لەسەدا سەد راستە، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە لەم دیوەوە خەباتی سیاسی خۆیان دەکەن و هەوڵ دەدەن رێگایەك بگرنە بەر کە لەسەرخەباتی خۆیان بەردەوام بێت و رەچاوی هەرێمی کوردستانیش بکەن و بەهانە نەدەنە دەستەوە، ئومێد دەخوازم ئەو لایەنانەش ئەو بەهانانەی باسی دەکەن هەر ئەوە بێت، لەگەڵ ئەوەش بەتەئکید حکومەتی

هەرێمی کوردستان ئەرکێتی لەگەڵ لایەنەکان زۆر بەهێمنی و بە وردی و بەرێگایەکی دیپلۆماسی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك کاربکەن بۆ ئەوەی ڕێگا بەو بیانووە نەدرێت، ئەویش بەلایەنی کەمەوە لەناو هەرێمی کوردستان هێزی چەکداری بەکارنەهێنن واتا ئەو بەهانەیەی باسی دەکەن کە خۆم ئەمە بەبەهانە دەزانم و لە بەهانە زیاتر نییە بۆیە پێویستە لایەنەکانی بەرپرسی ناو هەرێمی کوردستان ئەو بەهانانە بنەبڕبکەن.

*** ئێستا لە سوریا کوردێکی زۆر هەن، ئەو کوردانەش تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێت لەمافی بەهاووڵاتیبوون بێبەشن، لەم بارودۆخەدا سوریا لەسەروبەندی گۆڕانکارییەکی گەورەی چاوەڕوانکراوەدایە، جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان چی ڕاسپاردەیەکت بۆ کوردی سوریا هەیە؟**

- ئێمە لەگەڵ مافی چارەنووسی میللەتانین لە هەموو شوێنێکدا، میللەتی ئێمەش و نەتەوەی ئێمەش یەکێکە لەو نەتەوانەی دنیا کە مافی خۆیەتی مافی چارەنووسی خۆی بەخۆی بڕیاری لەسەر بدات، بەنسبەت خوشك و براکانمان لەسوریا کە ئێستا لایەنی سیاسی جۆراوجۆرو کۆمەڵگای مەدەنییان هەیە، لەو بارودۆخەی ئێستا لەگەڵ خەڵکی سوریا ڕۆڵی دیارو سەرەکیان هەیە، ئێمە بەوان ناڵێین وا بکەن یا ئەو کارە مەکەن، ئەوەی ئەو خوشك و برایانەی ئێمە لەو پارچەیە کە لەگەڵ یەك پێکەوە پێی ڕازی دەبن ئێمە پشتیوانیان لێ دەکەین. هەر گۆڕانکاریەکی دیموکراتی ببێت میللەتی ئێمەش لێی بێبەش نابێت.

*** جەنابت گەشبینیت بەوەی لەوێ کورد هەنگاوێك بچێتە پێشەوە ؟**

- بەتەئکید کوردو گەلانی تریش لەم قۆناغەو لەم جموجوڵەی میللەتان لەناوچەکەدا کورد بێبەش نابێت .

*** لەو ماوەیەدا سەردانی لوبنانت کردو وەکو سەرۆکی پەرلەمان لە ئاستێکی بەرز لە لوبنان پێشوازییان لێ کردن، لەوێش کوردێکی زۆر هەیە ئایا سەردانەکەت فەرمی بوو یاچاوێکت بەو کوردانەش کەوت کە لەوێن ؟**

- سەردانەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، شاندی پەرلەمانی کوردستان، بەسەرۆکایەتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیمان لێ کرا، لەسەر ئاستی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری ناوخۆو بەرپرسیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و سوپاسالاری ئەو وڵاتەو سەرۆکی زانکۆکان و تیمی ئەکادیمی و هەروەها کوردی لوبنانیش شەوێکمان بۆیان تەرخان کرد، لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و کەسایەتییەکانیش تا درەنگانی شەو ماینەوەو گوێمان لە بیرو بۆچوونەکانیان بوو، زۆربەی پێشنیارەکانیش نووسراونەتەوەو دراوە بە ئێمە، ئێمە زۆر بەڕاشکاوانە پێمان وتن، ئێمە لەگەڵ داواکاری و مافی ئێوەین و بەشێوازێك لەگەڵ یاسای وڵاتی لوبنان بگونجێت، ئێوە هاووڵاتی ئەو وڵاتەن و ڕێز لە دەنگتان دەگیرێت و لوبنانیش وڵاتێکی دیموکراتییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆمانی ئەوێین و کە لە رابردووشدا دەنگ و ڕەنگیان هەبووە، زۆریشیان لە رابردوو لە خەباتی کوردایەتی و لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ڕۆڵیان هەبووەو زیانێکی زۆریشیان کردووە، بۆیە ئێمەش وەکو نەتەوەیەك بەدڵ لەگەڵ

**خۆ وەزارەتی نەوتی سەر بە حکومەتی ناوەند کە بێ پەرواو بە بێ گەڕانەوە بۆ دەستوور دەست لە کاروباری کارگێڕی ئەو ناوچانە وەردەدات تیرۆریست نین کە هاوزەمەن لەگەڵ کوشتنی خەڵکی کوردا کاری نادەستووری وادەکەن**

ئێوەداین. بەڵام ئەو لێك نزیکبوونەوەیەی ئێوەو پاڵپشتی و هاوکاری ئێوە لەدژی یاساکانی لبنان و یاساکانی ئێمە نەبێت.

*** ئایا تا چ رادەیەك دەتوانرێت بۆ پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان سوود لە شارەزایی و توانای ئەوان وەربگیرێت؟**

- بۆچوونەکانی ئەو بەڕێزانەم زۆر بەوردی وەرگرت، خۆم تێبینیەکانم نووسییەوەو خۆشیان بەنووسراوچەندین تێبینی و زانیارییان پێداوم، ئێمە لای خۆمان دیراسەی دەکەین، پاشان لەپێوەندی دەبین لەگەڵیاندا، بە ڕای من ئەگەر بتوانرێت لە ڕێگای سەنتەرێکی رۆشنبیرییەوە خزمەتیان بکەین و سوودیان بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ خۆشیان هەبێت، چونکە ئەوان خەڵکێکی زۆرن و لایەنی سیاسی جیاوازیان هەیە و پێویستیان بەکۆکردنەوە هەیە، چەندین بواری وەبەرهێنان و رۆشنبیری و کادری بەهێزو خەڵکی سیاسی بەتوانایان هەیە، بۆچی ئێمە بتوانین سوود لە پسپۆرێکی بیانی وەربگرین لەکاتێکدا کەسێکی شارەزاو بەتوانای لوبنانیمان هەبێت و لەنەتەوەی خۆشمان بێت، هەر بۆیە بەڕای من ڕێگای هەرێمی کوردستان بۆ ئەو خوشك و برایانەی ئێمە کراوەیە، ئەوەی من تێبینیم کرد کە من دووجار لەگەڵیان دانیشتووم جارێکیان بە تەنیا جارێکیشیان لەگەڵ جالیەی عیراقی، لە ئاڵوگۆڕی بیروڕا زۆر مورتاح بوون ئێستاش بە دڵنیایی چاوەڕوانی ئەنجامی گفتوگۆکانن.

ئێمە کاتێك کەسایەتییە بەرپرسەکانی ئەو وڵاتەمان بینی هەر لە سەرۆکی پەرلەمانەوە تا بەرپرسە باڵاکانی تری ئەو وڵاتە هەموویان ئامادەییان هەبوو سەردانی کوردستان بکەن، لەکوردستانیشەوە خەڵکێکی شارەزاو لێوەشاوەی ئێمە بۆ ئەوێ بانگهێشت بکەن، دواتر لە هەوڵدا بووین بۆ چارەسەری کێشەی ئەو قوتابیانەی کە لەوێ دەخوێنن، کە کێشەی نشینگە(ئیقامە)یان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ قسەمان کرد، هەر لەناو دانیشتنەکەدا بووین، تەلەفونی کرد بۆ بەرپرسی نشینگەی ئەو وڵاتەو وتی بە زووترین کات لە جیاتی سێ مانگ ئیقامەیان بۆ بکەنە ساڵێك و هەر لەو دانیشتنەدا ئەمە دابین بوو، دوای ساڵەکەش ئەگەر پێویستیان بوو بۆیان درێژ بکەنەوە تا دوو ساڵ و زیاتریش، ئەمەش بە ئاگاداری بەڕێز باڵیۆزی عیراق شێخ عومەر بەرزنجی کە بەڕاستی باڵیۆزێکی چالاك بوو لەسەر ئاستی باڵیۆز، وەك لە کەسانی تریشمان بیست جێگەی شیاوی خۆی کردۆتەوە، چ لەناو دەزگا فەرمیەکان و لەلای بەرپرسان، یاخود لەناو جالیەی عیراقی و قوتابییەکان و کوردی لبنان..

**پێشمەرگە لە ناوچەکانی سەعدیە و جەلەولا ناکشێنەوە**

***مەسەلەیەکی تر کە ئێوە وەك پەرلەمانی کوردستان دانیشتننتان بۆ سازدا مەسەلەی دەرکردنی کوردەکانی سەعدییەو جەلەولایە لەسەر زێدو ماڵ و حاڵی خۆیان، لەسەر ئەم زوڵمەی لە کوردی دانیشتووی ئەم ناوچانەو تا دەگاتە ناوچەکانی شەنگارو ناوچە کوردنشینەکانی تری کە بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر دەناسرێن، ئێوە وەك پەرلەمانی کوردستان چ هەڵوێستێکتان هەیەو بەرنامەتان چییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زوڵم و زۆرەی لە کورد دەکرێت؟**

- ئەو زوڵمەی ئەنجام دراوە لەو ناوچانەیە کە بە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ ناسراون

**دی مستۆرەو ئەدمیلکەرت لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانیان دوادەخست و ئاڵۆزیان دەکرد. لە کاتێکدا ماددەی ١٤٠ دانراوە بۆ چارەسەری کێشەیەك نەك نانەوەی کێشەی تر بەناوی ئەوەوە**

واتە تا ئێستا چۆن بۆ عیراقە ئاوهاش هی کوردستانە، ئەوانە ناوچەیەکن کێشەیان لەسەرە باشە تا یەکلایی دەکرێتەوە بۆچی ئەو حەقی هەبێت لەوێ بێت بۆ منی کورد لەوێ نەبم تا کێشەکە چارەسەر دەکرێت، هەرکاتێك خەڵکەکە لە ڕیفراندۆمێکدا بڕیاریاندا ئیدارەی شارەکانیان سەر بە ناوەند یان هەرێم بن ئەو کات بەو شێوەیە یاساکان دادەڕێژرێنەوەو سەربازو پۆلیس ودادو فەرمانگە کارگێرییەکان شکڵی خۆیان وەردەگرن، هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوەو بەمەبەستی سیاسی و بۆ مەرامی تر دەیانەوێت کوردی لێ دەربکەن، ئەمەش بە هەڵەو زوڵمی دەزانین، بۆیە پەرلەمانی کوردستان حەقی خۆیەتی کە لەسەرخەڵکی ئەو ناوچانە بێتە وەڵام، نەك تەنیا کوردیش بەڵکو ژیانی تورکمان و مەسیحی و عەرەبی ڕەسەنی ئەوێش ئەوانەی کە لەکۆنەوە لەوێ نیشتەجێن، هەروەها کەمە نەتەوەیی تریش کە لە مەترسی و لەبەر هەڕەشەدان بپارێزرێن، دەزگاکانی سەربازی و پۆلیس و ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەش شکست لە دوای شکست دەهێنن و ناتوانن ئاسایش بپارێزن، بەتایبەتیش لە پاراستنی خەڵکی کوردی ئەوێ هیچیان نەکردووەو بە بەردەوامی خێزانە کوردەکان خەڵکیان لێ دەکوژرێت و تەعدایان لێ دەکرێت و ڕۆڵەکانیان دەرفێنرێن و زەوی و موڵکیان لێ داگیر دەکرێت، بۆیە بە ئەرکی دەزگاکانی هەرێمی کوردستانی دەزانین کە بچن لەوێ بەرگری لەو خەڵکە مەزڵومە بکەن و لەوێ بۆ پاراستنیان بمێننەوەو ئامادەش بن بۆ هەر ئەگەرێکی تر کە مەترسی بێت بۆ سەر ژیانی کوردو خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە..

*** تۆ پێت وایە کە ناکرێت پێشمەرگە لەو ناوچانە جارێکی تر بکشێنەوە؟**

- هیچ هۆکارێك بەدیناکەم بۆ کشانەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانە، تا چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی نەکرێتەوە..

*** ئەمانەی ئەو زوڵمانە لە کورد دەکەن بە هۆکاری ڕەگەزپەرستی وادەکەن یان گرووپە تیرۆریستەکانن کاری قێزەون ئەنجام دەدەن..**

- زۆر هۆکار هەن، خۆ ئەوە تیرۆریست نەبوو کە ناوی نەفتخانەی گۆڕی بۆ هەیئەی عملیاتی دیالا، خۆ تیرۆریزم نەبوو کە نەفتخانەی لەسەر نەوتی باکوور لادا و خستییە سەر نەوتی وەسەت؛ بۆچی؟ خۆ ئەو کوردانەی بە بەردەوامی و بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو دەکوژرێن، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن، کێ دەڵێت تیرۆریست ئەم کارانە دەکەن، با گوللە بە تاریکییەوە نەنێین، هێزەکانی ناوخۆ دەڵێن ئەمانە کاری تیرۆریستین و بەتایبەتیش ناتوانن کورد بپارێزن، کەواتە ئەمە واتای ئەوەیە کەمتەرخەمی دەکەن لە ئەرکەکانیان، یان لەتوانایاندا نییە بیانپارێزن، بۆیە پێویستە هێزی پێشمەرگە بە ئەرکی نیشتمانی و ئینسانی خۆی هەستێت و ئەو جینۆسایدە ڕابگرێت کە بەرانبەر کورد ئەنجام دەدرێت، پێشمەرگە چووەتە ئەوێ تا عەدالەت ڕابگرێت و تا ئەو ماددە دەستوورییەی تایبەتە بەم ناوچانە جێبەجێ بکرێت، خۆ وەزارەتی نەوتی سەر بە حکومەتی ناوەندیش کە بێ پەرواو بە بێ گەڕانەوە بۆ دەستوور دەست لە کاروباری کارگێڕی ئەو ناوچانە وەردەدات تیرۆریست نین کە هاوزەمەن لەگەڵ کوشتنی خەڵکی کوردا کاری نادەستووری وادەکەن، ئەمانە نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمانی زۆر هەڵدەگرن، و دەبێت ئێمەش کار بکەین. بۆیە پێشمەرگە چووەتە ئەوێ و ناشگەڕێتەوە..

*** پێتان وانییە ئەم کێشانە لە دەرئەنجامی جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠و کەچی پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا لەسەر ئەم پرسە گرنگە دانیشتنی تایبەتی گرێ نەداوە؟**

ـــ گوناحەکە لە ئەستۆی پەرلەمانی کوردستان نییە، زۆر بە ئەمانەتەوە بە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستێت، بەڵام ماددەی ١٤٠ ماددەیەکە دانراوە بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە، کێشەکانیش لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکرێت، کۆمەڵێك هۆکار هەن بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی بەندەکانی ماددەکە یەکەمیان ئەو بەربەستانەن کە کۆنە بەعسییەکان دەیخوڵقێنن، ئەوانیش بە هاوکاری تاقمە تیرۆریستەکانی سەر بە قاعیدە کە بەرنامە دادەڕێژن و تا کێشەی بەردەوام لەنێوان کوردو عەرەب دروست بکرێت، هێزە سیاسییەکان لە یەکتر دڕدۆنگ بکەن تا بارودۆخی باشتر بۆ خۆیان بخوڵقێت و بە ئاسانی کار بکەن، دوای ئەوانە دی مستۆرەو ئەدمیلکەرت لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە کێشەکەیان دوادەخست و ئاڵۆزیان دەکرد، لە کاتێکدا ئەو ماددەیە دانراوە بۆ چارەسەری کێشەیەك نەك نانەوەی کێشەی تر بەناوی ئەوەوە، ئەم کێشەیەش لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمە، ئەوان پێشنیازی خۆیان دەهێنایە پێشەوە بەناوی هاوکاری کردن بۆ جێبەجێ کردنی مادەکە، چونکە کێشەکە لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بە ریفراندۆم لەلایەن دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە یەکلا دەکرێتەوە، دوایی هەر بۆ دواخستنی چارەسەری ماددەی ١٤٠ لیژنەکانی UN دەچوون کۆڵان بە کۆڵان دەسوڕانەوەو لە خەڵکێکی سادەی بێ ئاگایان دەپرسی چیتان بۆ بکەین، لە کاتێکدا کێشەکە دیاریکراوەو بە ماددەی دەستووری چارەسەری بۆ دانراوە، ئیتر ئەم بەهەدەردانی توانا و کات و پارەیەتان لە چی؟؟ ئەو وەخت کوشتن و بەکارهێنانی

**بۆ ئەوەی نێو ماڵی خۆمان ڕێك بخەین پێویستە هەمووومان پابەند بین بە یاسا و بنەماکانی دیموکراسی و کاری موئەسەساتی و پشتیوانی لە پرۆسەی چاکسازی سەرۆکی هەرێم بکەین دڵنیام هیچ کێشەیەکمان نامێنێت**

بیرۆکراتییەتە زۆرە، هۆکاری دووەمی سەرەکی دواخستنی مادەکە بوو لە دوای هۆکاری یەکەمەوە کە بۆم باس کردن، دواتر هەمیشە بۆچوون و بەیانات و لێدوانەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕوون و ئاشکرابووە، چ ئەوانەی نوێنەرانمان لە بەغداو چ ئەوانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، نەمانهێشتووە لەسەر هێڵ و سەکەی خۆی ئەم ماددەیە لا بدەن، دیموستۆرا پرۆپۆزەڵێکی هێنا بوو، تۆوی ڕەگەزپەرستی دەچاند بە شێوەیەك کورد بۆ کورد دەنگ بدات عەرەب بۆ عەرەب و مەسیحی بۆ مەسیحی، ئەمەی زۆر



یەکتر بکەن، ئــەی خێزانێك گەر تێکەڵ بن لە دوو ئیتنی یان سـێیان ئەوان بە کێ دەنگ بدەن، ئەم شــێوازە ڕەگەزپەرستییەی ئەومان ڕەفزکـــردەوە، ماوەیەکی تر هاتن تا ١٠ کــورد و ١٠ تورکمان و ١٠ عەرەب و ٤ مەسیحی بۆ ئەنجومەنی کەرکوك دابنێن، ئەمەش ناعادیلانە بــوو، بۆیە ڕەفز دەکراو کاتیش بەهەدەر دەڕۆیشت.

*** بۆچــی ئێمە کە باســی حکومەتی ئینتیقالــی دەکەین وەك ئــەوەی لە دوورەوە بین، لە کاتێکدا ئێمە شەریکین لە حکومەتی ئیتیحادی، سەرۆك کۆمار، جێگری سەرۆك وەزیران، ســەرۆکی ئەرکان کوردن، بۆچی هەندێك گلەیی لە ئەوانی خۆیشمان نەکەین بەوەی کە کەمتەرخەمن؟**

- من دڵنیام ئەو بەرپرسانەش هەوڵیانداوە، ناکرێ بڵێین هیچیان نەکردووە یان دڵســۆز نەبــوون ئەمەیان خوا قبوڵ نــاکا، چونکە ئەوەی ئەوان لە توانایاندا هەبووە کردوویانە، بــەڵام بۆیان نەکــراوە و نەیانتوانیوە خۆیان فەرز بکەن دەکرا هەندێك هەڵوێست وەربگرین بەیەکــەوە، یــان موقاتەعـــەی حکومەتی عێراق بکەین و کێشــەی بۆ دروست بکەین کەحکومەتەکــە خۆی کێشــەی هەیە لە کاتێکدا ئێمە هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بوو حکومەتەکە پێکبێت و ئەگەر دەستپێشخەری جەنابی سەرۆك بارزانی نەبوایە حکومەتەکە پێك نەدەهات، لەبەر ئەوەی بارودۆخی عێراق بەجۆرێك بوو هەوڵ دەدرا کە بە شــێوازێك چارەسەر بکرێ، هەم حکومەتەکەی عێراق بــە گونجاوی بمێنێتەوە و هەم کێشــەکەش چارەسەر بکرێ، لەبەرئەوە برادەرانی خۆمان زۆر پێیان دانەگرت، بۆیــە کەمتەرخەمی هەموومانە کــە ئێمەش لەگەڵ برایانمان لە بەغدا نەمانویست بچینە خانەی حەددی یان ئەوە بکەین و ئەوە دەکەین ئەگەر ئەمە بکرابا ئەنجامەکان چی دەبوو؟! ڕوون نەبوو!.

بەڕای من ئێستاش دەرفەت ماوە، چونکە ئێســتا لە جیهانی عەرەبــی بزووتنەوەکان میللەت بڕیاریان لەسەر دەدەن، لە میسر ٣٥ ساڵ زیاتر ڕێکخســتنی چەکداری لایەنە سیاسییەکان دژی موبارەك هەبوو نەیانتوانی هیچ بکەن، بەڵام میللەت بە ١٧ ڕۆژ توانیی ڕژێمەکــە بگۆڕن، بۆ گێڕانــەوەی ناوچە دابڕێنــراوەکان ئەگەر ڕێگا نەدەین زیاتر دوا بکەوێت و ئەگەر هەوڵی زیاتر دواحســتنی بدرێت لەلایەنــی حکومەتــی ئیتیحادی ئەوا میللەت بڕیاری خۆی دەدات لەســەر گێڕانەوەیان، بەڕێگای ئاشتی و دوور لەتوند و تیژی وەکو میسر.

## یەکڕیزی نێومالّی کورد مەرجی سەرەکیە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان

***ئەو هەموو تەحەدییانەی کە باسمان کرد ئێستا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە یەك دەروازە هەیە کە بتوانین خۆمانی بۆ ساز بکەین ئەویش یەکڕیزی و پاراستنی ئەو ئاشتییەیە کە لە کوردستان هەیە، ئەوەی جێی خۆشحالّی بوو جەنابی سەرۆکی کوردستان چوار بڕیاری گرنگی دەرکرد کە جێگای ئومێدی هەموو لایەك بوو بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان کە پێوەندییەکی نزیکیان بە پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، چونکە شوێنی کۆبوونەوەکانە، حەز دەکەین جەنابی سەرۆکی پەرلەمان رای خۆی بەرامبەر بەو چوار بڕیارەی سەرۆکی کوردستان بخاتە ڕوو تا چەند دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی خۆمان ڕێك بخەینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەدیانە؟**

- ڕاستە یەکڕیزی ناو مالّی خۆمان مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بتوانین باشتر کار بکەین و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت وئەوانەشی ماوە زووتر بەدەستی بهێنین، بە رای من زۆر ئاسانە ئەگەر ئێمە بە دڵسۆزییەکی تەواو و بیرێکی وردەوە سەیری بکەین، جەنابی سەرۆك ماوەیەکی زۆرە کار لەسەر چاکسازی دەکات، بەر لەوەی سەردانی ئیتالّیا بکات بەڕێزیان سەرۆکی گشت لایەن و کوتلەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی بانگهێشت کردو باسی چاکسازی کردو داوای لە هەموو لایەك کرد کە خۆیان ئامادە بکەن و دوای گەڕانەوەی هەموو لایەك دەست بکەین بەو شتانەی کە پێویستیان بە چاکسازی هەیە تا بیخەنە بەر دەستی بەڕێزیان بۆ ئەوەی لە ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێ بکرێن، بەداخەوە ئەو ڕووداوانەی کوردستان هاتنە ئاراوە، بەلاّم ئێستاش دەرفەت هەیە و ئەو ئیرادەیە هەر ماوە و بەردەوامە و چاکسازیش دەستی پێکردووە، لەگەڵ ئەوەی بە داخەوە ئەو ڕووداوانە ڕوویان دا بەلاّم پڕۆسەی چاکسازی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەڵێنی دابوو هەر بەردەوامە، بەلاّم هەموو شتێکیش بە شەوو ڕۆژێك ناکرێ وپێویستە هەنگاو بە هەنگاو چاکسازی ئەنجام بدرێت.

بۆ ئەوەی نێو مالّی خۆمان ڕێك بخەین پێویستە هەموومان پابەند بین بە یاسا و بنەماکانی دیموکراسی و کاری موئەسەساتی و پشتیوانی لە پڕۆسەی چاکسازی سەرۆکی هەرێم بکەین دڵنیام هیچ کێشەیەکمان نامێنێت.

*** چوار بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم بە گێڕانەوەی بودجەی ئۆپۆزسیۆن و نەمانی سزای سیاسی و سزادانی تاوانباران، ئەمانە تا چەند دەبنە هۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن و پارتی و یەکێتی بەرەو قۆناغی ئایندە هەنگاو بنێن؟**

- ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو و دەستخۆشی لە جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەین بۆ ئەو هەنگاوانە، بە دڵنیاییەو پارتی و یەکێتی و هەرسێ لایەنەکەی تری ئۆپۆزسیۆنیش بە یەکەوە دادەنیشن بۆ بەردەوام بوونی دانیشتنەکانیان، بەلاّم پێویستە هەموویان پابەند بن بە یاساو بنەماکانی دیموکراسی و کاری موئەسەساتیی، من لە دڵسۆزی هەموو لایەنەکان دڵنیام وبەو ئاڕاستەیەش هەنگاو دەنێن، ئێمە خاوەن حکومەتی موئەسەساتین لە هەرێمی کوردستان، ڕاستە

**ئێمە خاوەن حکومەتی موئەسەساتین لە هەرێمی کوردستان، ڕاستە کەموکوڕیان هەیە و پێویستە چاکیان بکەین، بەلاّم ناکرێ تێکیان بدەین و ئەگەر بڕوامان بە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن هەبێت، دەبێ هەموومان ڕێزمان بۆ دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەبێت**

کە کەموکوڕیان هەیە و پێویستە چاکیان بکەین، بەلاّم ناکرێ تێکیان بدەین و ئەگەر بڕوامان بە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن هەبێت، دەبێ هەمووومان ڕێزمان بۆ دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەبێت، لە هەڵبژاردن لایەنێك زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت لایەنێك کەمینە، لەوانەیە لە خولێکی دیکەی هەڵبژاردندا بە پێچەوانە بێت، ئەوەی جێگای خۆشحالّییە ئەو لایەنەی کە زۆرینەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، بەدەستهێناوەو ئامادەیە لە حکومەت بەشداری بەو لایەنانە بکات کە ئۆپۆزسیۆنن و کەمینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، و حکومەتێکی بنکە فراوان پێك بێت، ئەگەر بەشدار بوون بەو وەزارەتانەی بەر ئەو بەڕێزانە دەکەوێت نیشانی خەڵکی کوردستانی بدەن کە تاچەند دەتوانن خزمەت بکەن ئایا دەتوانن یان ناتوانن؟ خەڵکی کوردستانیش چاودێرێکی زۆر دادپەروەرانەیە، ڕەنگە چەند حزبێك خراپ بن، بەلاّم مومکین نییە میللەتێك هەموو خراپ بن، میللەتەکەمان زوڵمی زۆری بینیوە و ناکرێ زوڵم لە کەس بکات، لەوانەیە کەسانێك هەبن هەوڵ بدەن کارە باشەکان چەواشە بکەن، بەلاّم میللەت وشیارەو حوکمی عادیلە وهێزەکەشی، هێزێکی لەبن نەهاتوە.

ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بەشدار بوون لە حکومەت، خەڵك بەکار و ئەدایان هەڵیاندەسەنگێنێ کە تا چەند دەتوانن خزمەت بکەن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی زیاتریان پێ بدەن، ئەگەریش لە حکومەتی بنکە فراواندا بەشداری نەکەن ئەوا لە ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروستدا پێویستە پابەند بن بە یاساوە، هەروەها ڕەخنەی بونیادنەریش بگرن و کەموکوڕیەکانی دەسەلاّت بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە و خەڵکیش دواتر بڕیار دەدات کە دەنگ بە کام لایەن بدات، بەلاّم مەرج نییە هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بە یەکەوە بەشداری لە حکومەتدا بکەن یان بەشداری نەکەن، چونکە مەسەلەکە تەکەتول نییە بەڵکو بیروباوەڕ و بۆچوونە و کام لایەن بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان چۆن ببینێت بەرای من بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات.

*** دوا پەیامی بەڕێزتان چییە بۆ خەڵکی کوردستان؟**

- ئێمە ڕێزمان بۆ گشت خەڵکی کوردستان هەیە و کاری ئێمە بەردەوام خزمەت کردنە بەو خەڵکە بۆ ئەوەی بیانبەین بۆ قۆناغێکی باشتر، ئەگەر کوردستان بەراورد بکەی لەگەڵ پێشوودا زۆر شت کراوە، بەلاّم ئەگەر سەیری جیهانی دیموکراسی و پێشکەوتووش بکەی هێشتا زۆرمان ماوە، گواستنەوەش لە قۆناغێکی دیکتاتۆری بۆ قۆناغێکی دیموکراسی ڕووبەڕووی کەمتەرخەمی و سلبیاتی زۆر دەبێتەوە، گرنگ نیاز پاکی و کارکردنە بۆ کەمکردنەوەی کەموکوڕیەکان و ڕاستکردنەوە یا لادانی ئەو کەسانەیە کە بە دروستی و بە پاکی کار ناکەن، یەکڕیزی ناومالّی خۆمان زۆر گرنگ و پێویستە بۆ هەموو لایەکمان و پاراستنی ئەزموون و پڕۆسەکە و موئەسەساتەکانی و پابەندبوون بە یاسا ئەرکی سەر شانی هەموو یەکێك لە ئێمەیە و داواش لەگشت لایەنەکان دەکەین، موراعاتی ئەم ئەزمونە دیموکراسیەی ناو هەرێمی کوردستان بکەن و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەش دەخوازم.

# کورد دەتوانێت
# خۆی لەشەڕ بپارێزێت؟


ئاسۆ کەریم

* بوژانەوەی زێتری هەرێمی کوردستان، بە پلەی یەکەم بەندە بە تەناهی و رادەی سەقامگیریی سیاسی... دیارە تەناهیی بە هەردوو دیوەکەیەوە (ناوخۆیی و دەرەکی) پێوەندیی بە ژیان و چارەنووسی یەکە-یەکەی هاووڵاتیان و دواتر تەواوی گەلی کوردستان و قەوارە سیاسییەکەی هەیە.. هەڵبەت، بەرپرسیاریی سەرەکیی دابینکردنی تەناهی، یان بەلانی کەمەوە پاراستنی باری ئارا، بە ئەستۆی دەسەڵاتەوەیە.

* ئەوەی پێوەندیی بە تەناهیی ناوخۆیی و سەقامگیریی سیستەمی سیاسیی لە کوردستان هەیە، دوای دەرچوونی (٤) بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە٢٨ی ئابداو باوەگۆڕی ئیجابییانەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن، دەکرێ بڵێین زەوینەی لێکحاڵیبوون و گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەندیی گرفت و ئاریشەکانی نێوان هەردوو بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە جاران لەبارتر بووەو ئەگەری دەسپێکردنەوەی زوو بە زووی کۆبوونەوە (٥) قۆڵییەکان زۆرتر بووە کە تا رادەیەکی زۆر بەندە بە مەرام و ئیرادەی هەردوو بەرەکەوە و هەقە خاوە- خاوی لێ نەکەن...

* هەرچی تەناهیشە لەسەر سنوورەکان: چ لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، چ لەگەڵ ئێران و تورکیا بە بڕوای من دەبێت لە چوارچێوەی ئەو بار و هەلومەرجە ئاڵۆزکاو و پڕ پشێویە بخوێندرێتەوە کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوینی گرتۆتەوە و بمانەوێ و نەمانەوێ هاوکێشەو نەخشەی سیاسیی ناوچەکە گۆڕانی جددییان بەسەردا دێت. دواترینیان تەنگژەی نێوان ئیسرایل و تورکیایە... ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەمریکا بە رەسمی و بە کردەوە پشتیوانی لە تورکیا دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە و لەهەمان کاتدا چاوی لەوەشە تورکیا پێش بە پەرەگرتنی نفوزی ئێران لە عێراق بە کوردستانیشەوە بگرێت...

* ئەگەر شتێ هەبێت، پێی بگوترێ دیپلۆماسیەتی کوردی لەگەڵ وڵاتانی دەرو جیراندا، ئەوە تا رادەیەك بەتایبەتی لەم ٢-٣ ساڵەی دواییدا، دیپلۆماسیەتێکی هێمن و دان بەخۆداگرتوو بووە بە ئاقاری هەڵکردن و کرانەوەی هەنگاو بە هەنگاو و فراوانکردنی بازنەی بەرژەوەندە هاوبەشەکان و قەناعەتپێکردنی بەرانبەر کە هەرێمی کوردستان سۆنگەو مایەی مەترسی نەبووەو نییە بۆ سەر تەناهیی نیشتمانیی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا... سەبارەت بە دۆزی کوردیش لە هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان پێیوایە کە کێشەی کورد لە هەردوو وڵاتدا، کێشەیەکی سیاسییەو بە توندوتیژی و پەنابردن بۆ چەك چارەسەر نەکرێ و رێگەی دروست دیالۆگە کە پێویستی بە زەوینە خۆشکردن و پشوودرێژی هەیە. لەم پێناوەشدا، لە تورکیا، کەشوهەوایەك بەو ئاراستەیە هاتبووە ئاراوە و ئۆجەلان هاتبووە ناو پرسەکەو حکومەتی تورکیاش جۆرە شلییەکی لە بارەوە نیشاندابوو بەتایبەتی کە دوو ساڵ زێترە ئاق پارتی «کرانەوەی دیموکراتی» راگەیاندووە و لەسەروبەندی ئەوەشدایە دەستوورێکی مەدەنی بۆ تورکیا دابنێت کە رێگە بۆ کرانەوەی زێتر بەڕووی کوردا بکاتەوە... سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان، هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە و دەکاتەوە، ئەگەر لەلایەن هەردوو لای کێشەکەوە، داوای لێ بکرێ ئامادەیە دەوری ناوبژیکارانە بگێڕێ و بەس نەك بژارەیەکی دی.

* ئەوەی کە لێرەدا گرنگە جەختی لەسەر بکرێتەوە پێویستە خیتابی سیاسیی کورد چ لە ناوەخۆ و چ لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، هاوئاهەنگ بێت و ئاشتی ناوماڵ بخرێتە پێش ئاشتی لەگەڵ میللەتان و وڵاتانی دەرو جیراندا کە بە داخەوە لە دوای رووداوەکانی ١٧ی شوبات و بەرەودوا، ئاشتی ناوماڵ لە مەحەك و لە تاقیکردنەوەیەکی جیدی دایە...

**دەرچوونی (٤) بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە٢٨ی ئابداو باوەگۆڕی ئیجابییانەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن، دەکرێ بڵێین زەوینەی لێکحاڵیبوون و گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەندیی گرفت و ئاریشەکانی نێوان هەردوو بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە جاران لەبارتر بووە**

* ئەگەر بۆ چارەکردنی کێشەو ئاریشەکان لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادیدا، کورد کە خۆی شەریکە بەشی ئەو حکومەتەیە، پابەندبوون بە دەستوور بە بنەما بگرێ و لەو چوارچێوەیەشدا، رەنگە لە چەند رۆژێکی تردا، وەفدێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، ئەوا بۆ دابینکردنی تەناهی لەسەر سنوورەکان لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، بێ لە دەسگرتن بە بەرژەوەندیی هاوبەش و پرنسیپەکانی چارەسەرکردنی بەئاشتییانەی کێشەکان، دراوسێیەتی باش و دەست نەخستنە ناو کاروباری یەکتر چارێکی تری نییە، بەڵام ئەوە تەنیا دیوێکی پرسی تەناهییە لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا، دیوەکەی تر پێوەندیی بە بوونی بنکەو بارەگای پەکەکەو پژاکە لەسەر ئەو سنوورانە بە هەردوو دیوی کوردستاندا، لەکاتێکدا سەرکردایەتی چەندین جار دوپاتی کردۆتەوە کە شەڕی کورد- کورد حەرامە.. بەڵام بێ لە کوردبوون، ئێمەی کورد لەم بەشەدا، چ بە پەکەکەو پژاک دەبەستێتەوە، بەشێوەیەك کە نە ئەوان زیانیان بۆ تەناهی هەرێمی کوردستان هەبێت، نە ئێمەش لەسەر حیسابی دۆزی رەوای کورد لەگەڵ ئەو وڵاتانە پێوەندییەکان دابمەزرێنین... لەهەمان کاتدا کاتی ئەوەش بەسەرچووە و کارێکی راستیش نییە کە کوردستانی عێراق بکرێتە سەنتەر و ناوەند بۆ بزووتنەوەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا، بەڵام هەقیقەتێك هەیە، کە لەم بەشەی کوردستاندا، نیمچە کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد هاتۆتەئاراوەو چەند مەنزل و قۆناخێکیشی بڕیوە و بەتەنیاش خێری بۆ کوردی عێراق نەبووە نییە.. لە سەرینی ئەمەوە، راستە پاراستنی ئەو ستاتۆ سیاسییە-قانوونییەی کورد کە تا رادەیەك بەم یان بەو شێوەیە جۆرێ لە دانپیانانی نێودەوڵەتی و ئەقلیمیشی وەرگرتووە، بە پلەی یەکەم وەئەستۆی کوردی عێراق و دەسەڵاتی سیاسییەوەیە، لێ بە بڕوای من، بەشێکی ئەو بەرپرسیارەتییە ئەخلاقی و سیاسییە دەکەوێتە ئەستۆی تەواوی نەتەوەی کوردو لایەنە سیاسییەکانییەوە، ئەوجار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی... لە سۆنگەی ئەمەوە، گوێڕاگرتن و بەهەندوەرگرتنی پرسی تەناهیی هەرێمی کوردستان لەلایەن (پژاك و پەکەکە)وە، وازهێنان لە دۆزی کوردو مافە رەواکانی نییە لە هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، بەرپرسیارەتییەکی مێژوویییە...

* وەك ئێران و تورکیا، بوونی پژاك و پەکەکە لەسەر سنوورەکان، دەکەنە بیانوو بۆ هێرش و پەلاماردانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی مەدەنیی ئەو ناوچانانە.. لە سەرەتای تەمموزەوە تا ئێستا، هێرش و پەلامار، ئەگەر ناوە-ناوە بۆ دوو تا سێ رۆژیش وەستابێت، بەردەوامەو (١٣) هاووڵاتی شەهیدو چەندانی دیکەیش بریندداربوون، ئەوە بێ لە زەرەروزیانی ماددی و ئاوارەو دەربەدەربوونی سەدان ماڵە کورد لەو ناوچانە... ئەوە سەرباری دروستبوونی کێشەو گرفتی زۆر بۆ خەڵك و حکومەت و بڵاوبوونەوەی نیگەرانی لە دەسپێکردنی لەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ ئەمدیوەی سنوور کە رەنگە لە باری رووداندا، کوردستان ببێتە شەڕگەو مەیدانی ساغکردنەوەی ململانەی نفووزی ئەملاو ئەولا... لە بارێکی واشدا، بە داخەوە، هەرێمی کوردستان و قەوارەکەی زەرەرمەندی یەکەم دەبێت... کەواتە پێویستە لە هەموو ئاستەکان هەوڵ و تەقەلا بخرێتەگەڕ کە بەر بەو شەڕە نەخوازراوە بگیرێ. لێ ئەوەی پێوەندیی بە کورد خۆیەوە هەیە پێویستە بە رۆحێکی نەتەوەیی بەرپرسیارانەوە هەنگاوی جددی بۆ هەڵبهێنرێتەوە و نەهێڵدرێ شەڕ بکەوێتە ئەمدیوەی سنوورەوە...

* بەبڕوای من، لە جێی خۆیەتی پەکەکە لەم هەلومەرجەدا، کە تورکیا تەنگژەیەکی جددی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، یەکجێ ئاگربەست رابگەیەنێت و هیچ کردارێکی سەربازی لە قوڵایی خاکی تورکیا ئەنجام نەدات و بکەوێتە باری بێ چالاکییەوە و خۆپارێزی بکات. لەهەمانکاتدا، (بەدەپە)ش بەتایبەتی پەرلەمانتارەکانی، بگەڕێنەوە ناو پەرلەمان و کارێك نەکەن، لەلایەن رای گشتیی تورکیاوە، کورد بخرێتە سەنگەری ئیسرائیلەوە... هەرچی پژاك-یشە، راستە دیسان یەك-دوو رۆژە لەگەڵ هێزەکانی ئێران بەرانگژی یەکتر بوونەتەوە، ئەوا پێویستە و تا بۆیان دەکرێ خۆ لە بەرەنگاربوونەوە بپارێزن و لەسەر سنوورەکان بکشێنەوەو نەبنە مایەی دەستراکێشانی ئێران بۆ ناو سنوورەکان و پاشان لەشکرکێشی تورکیاش... چونکە هەندێ لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، تورکیا و ئێران چاویان لەوەیە لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، بۆشایی دەسەڵات پڕ بکەنەوەو بوونی پەکەکەو پژاك-یش بیانووێکی باشە، بۆ لەشکرکێشی و دابەشکردنی ناوچەکانی نفووز، بەو مانایەی بوونی سەربازی لەسەر ئەرزی واقیع، زۆر شت لەسەر مێزی گفتوگۆ دەسەپێنێت...

* بەهەرحاڵ، کوردستانی عێراق دەکرێ بۆ رێگەگرتن لەو لەشکرکێشییە لەلای خۆیەوە، هاوسەنگی لەنێوان ئێران و تورکیا رابگرێت و نەکەوێتە بارێکەوە ئەم یان ئەویان هەڵبژێرێت..

**سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان پێیوایە کە کێشەی کورد لە هەردوو وڵاتدا، کێشەیەکی سیاسییەو بە توندوتیژی و پەنابردن بۆ چەك چارەسەر نەکرێ**

**ئەوەی پێوەندیی بە کورد خۆیەوە هەیە پێویستە بە رۆحێکی نەتەوەیی بەرپرسیارانەوە هەنگاوی جددی بۆ هەڵبهێنرێتەوە و نەهێڵدرێ شەڕ بکەوێتە ئەمدیوەی سنوورەوە**

# بارودۆخی عێراق و دەستدرێژییەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گولان نووسیوێتی

ژمارە (٨٤٥) ■ ٢٠١١/٩/٥





> دگەلی کورد و هەموو نەتەوەکانی تریش کە لە هەرێمەکەدا دەژین، بەگشتی ژیانیان پارێزراوو ئارام بووەو دووربوون لەو کردەوە تیرۆریستییانەی ناوخۆ کە هێزی گەورەی دەرەکی جوولێنەریانە

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ەوە کە دیکتاتۆریەتی فاشستی ڕووخێندرا، بەگشتی تاکو ئێستاش لەعێراقدا سەقامگیری و ئارامی لە بارێکی خراپدایە، گرووپی تیرۆریستی قاعیدەو پاشماوەی بەعسییە ڕەگەزپەرستەکان و میلیشیا چەکدارە سیاسییەکانی سەر بە تیرەوهۆزەکان پێکەوە تەنیا بە لێدانی گەلی عێراق ڕانەوەستاون، بەڵکو دەستیان گەیشتۆتە دامودەزگا ئابوورییەکان و هەروەها تەنانەت ئاگری ڕق و قینیان پەرستگاکانیشی گرتەوە، چ ئەو پەرستگانەی تایبەت بوون بە کریستانییەکان یان مزگەوتی موسڵمانەکان، چ شیعە بووبن یان سوننە، تەنانەت ناو ماڵی خەڵکی و دوکان و بازاڕە بازرگانییەکان و سەنتەرەکانی کۆبوونەوەی مەراسیمی میللی و پرسەکانیش بێبەش نەبوون لەئاگری ڕق و توڕەییان، ئەمە بێجگە لە تیرۆرکردنی خەڵکانی بێگوناه لەبەردەرگای ماڵی خۆیان یان لەناو شەقامە گشتییەکان بەهۆی دەمانچەی بێدەنگەوە، ئەم کردەوە خوێنڕێژییە تیرۆریستییانە بوونەتە کارێکی ڕۆژانەو زۆربەی شارەکانی ناوەند و باشووری عێراقی گرتۆتەوە، بەغداو موسڵ و کەرکوك و پارێزگاکانی خۆرئاوای بەغدا و شوێنانی تریش بێبەش نەبوون لێی، وێڕای کەمبوونەوەی ئەم کردەوانە لەچاو ساڵی پاردا، بەڵام لەم چەند مانگەی دواییدا هاوزەمەن لەگەڵ قەیرانە سیاسییەکەی ناوەوەی وڵات و چوونە پاشەوەی ئاستی ئارامی ناوخۆ و دروست بوونی بۆشایی لە بواری ئاسایشدا، ئەمەش بەهۆی یەکلانەبوونەوەی هەرسێ وەزارەتە سەربازییەکە، لەم شەند مانگەدا ئەم کردەوانە بە گەرمی سەریانهەڵدایەوە، لەم کردەوە تاوانکارییانەدا تەنیا سێ پارێزگای هەرێمی کوردستانی لێ ڕزگار بووەو پارێزراوبوون، ئەوانەش پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانییە، کە نەتوانراوە لەلایەن تیرۆریستانەوە بەشێوازێکی ڕێکخراوانە دەستی غەدرو تیرۆر بگاتە ئەو سێ شارە کوردنشینە، بۆیە لەوێ گەلی کورد و هەموو نەتەوەکانی تریش کە لە هەرێمەکەدا دەژین، بەگشتی ژیانیان پارێزراوو ئارام بووەو دووربوون لەو کردەوە تیرۆریستییانەی ناوخۆ کە هێزی گەورەی دەرەکی جوولێنەریانە، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا سوپای سەربازیی ئێران بە بڕیارێکی فەرمی حکومەتیی، بۆردومانی ناوچە سنوورییەکان و شاخی قەندیلییان بەشێوازێکی چڕ و بەردەوام و ڕۆژانە دەست پێکردووە، بۆردومانەکان بوونەتە هۆی مردنی هەندێ ئافرەت و منداڵ و دەربەدەربوونی خەڵکانی ئەو ناوچانەو جێهێشتنی زێدو ماڵی خۆیان، ئەمە جگە لە گڕتێبەربوونی ڕەز و باخ و کوژرانی مەڕو ماڵاتیان، خێزانەکانی ئەو گوندانە لەسەر خاك و ئاوی خۆیان هەڵکەندران و ئاوارە بوون، ئەم کردەوە سەربازییانە دەچێتە ناو خانەی ئەو کردەوە دوژمنکارییانەی کە دژ بە پێوەندی دۆستانەی نێوان گەلی عێراق و گەلی ئێرانە، بە هەموو نەتەوەکانیانەوە، کردەوەی جەنگی لەو شێوازە گوزارشت نییە لە پێوەندی توندوتۆڵی دۆستانەی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ، بەمەرجێ لەو ساڵانەی دواییدا لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لە بوارەکانی بازرگانی و پرۆژەی ئاوەدانی و ئابووری و خزمەتگوزاریدا، پێوەندییەکی تەندروست و هاوبەرژەوەندو هاو قازانج لەنێوان هەردووکیاندا هەبووە، کەچی ئەم کردەوە سەربازیانە کە بە هەنجەتی هەبوونی چەند گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنەوە دەکرێت، لەوانە پژاك بەوەی گوایە هەڵمەتی سەربازی لەناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە دژ بە ئێران ئەنجام دەدرێت، ئەم هەنجەتەش لەبەر ئەم پێنج هۆکارەی خوارەوە هیچ بناغەیەکی لۆژیکی و مەعقولی نییە:

١- پێویست وایە ئەم کێشەیە لە ڕێگەی دیبلۆماسیەت و بەهۆی کەناڵە سیاسیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عیراقەوە چارەسەر بکرێن، هەروەها بە پرس و ڕاگۆڕینەوەو دانوستاندن لەنێوان هەردوو حکومەتی ئێرانی و حکومەتی هەرێمدا ئەم کێشەیە بە ڕێگە چارەیەکی ئاشتییانەو بەدیالۆگ یەکلایی بکەنەوە.

٢- بە تەنیا ئەمە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە تا بەرپرسیارێتی پاراستنی سنووری نێوان ئێران و عێراق بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵکو پێش هەر شتێك پاراستنی ئەو سنوورە لە ئەستۆی حکومەتی ئێرانی خۆیدایە، کە نەهێڵێت گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژ بەخۆی؛ ئاودیوی ئەم دیو سنووری عێراق و هەرێمی کوردستان ببن.

٣- پێویست وایە لەسەرحکومەتی ئێرانی ڕێگە چارەی پراکتیکی و دیبلۆماسی بۆ مەسەلەی کورد لە ئێران بدۆزێتەوەو گەلی کوردی هەرێمی کوردستانیش ڕێگەکانی میانگیری و ئاشتەوایی و خێرو دانوستاندنیان بۆ خۆش بکەن، تا زەبرو هێزو توندوتیژی لە لایەن هێزی سەربازییەوە لە دژی کورد بەکارنەهێنرێت و گرفتەکە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا ئاڵۆزتر نەکەنەوە.

٤- حکومەتی ئێرانی زۆرباش ئەو ڕاستییە دەزانێت کە مەحاڵە سوپا بتوانێت بە بەردەوامی خەریکی ڕاوەدوونانی ئەو هێزانەی دژ بەخۆی بێت، ئەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەڕاستی پێگەو بوونی حەقیقیان لەناو خاکی هەرێمدا هەبێت، چونکە لەو ناوچە شاخاوییە سەختانەدا لێدان و زەبری سەربازی ڕاستەوخۆ بۆ یەکلاکردنەوەی گرفتەکان هیچ سوودێکی ئەوتۆی نابێت.

٥- ئەو گرووپە چەکدارانەی کە جەنگی پارتیزانی ناڕاستەوخۆ لەدژی حکومەتەکانیان بەرپا دەکەن لە یەك پێگە و شوێندا ناوەستن و جێگیر نابن، بەڵکو ڕۆژانە لە بزاڤێکی هاتوچوونی بەردەوامدان. بۆیە هیچ حکومەتێك ناتوانێت بە بەردەوامی خەریکی ڕاوەدوونانیان بێت.

ئاڕاستەکردنی تۆپ و کاتیۆشاکانی سوپای سەربازیی و جەنگییانەی ئێرانی بەرەو خاك و زەوی عێراق هیچ هاوکار نابێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، بەڵکو لەبەرانبەر حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمدا. ئاڵۆزتریان دەکات، ئەوەی کە ئامانجی ڕاستەقینە بێت لە پشتەوەی ئەم زەبرە سەربازیانە، بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و سامناکییە لە نێوان دانیشتواندا، هەروەها تێکدانی ئەو سەقامگیری و ئارامییەی کوردستانی عێراقە کە ئەمەش بۆ خۆی کردەوەو پرۆسەیەکی نادروستە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم مەسەلەیە بەرز بکەنەوە بۆ لای نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لێ تێبگەیەنن و ئاگادار بکەنەوە، تا لەوێوە چارەی گونجاو بدۆزرێتەوە.

هەروەها سکاڵای یاسایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە دژی حکومەتی ئێران لە دادگاکانی تایبەتمەند بە مافەکانی مرۆڤ بەرزبکرێتەوە، کە ئەمەش مافێکی سروشتییەو پێویستە لەسەر هەرێمی کوردستان پیادەی بکات، ئەگینا دوژمنکاری ئێرانی لەسەر سەروەری وڵات و خاکی کوردستان و گەلی کورد هەر دەمێنێت و درێژەی دەبێت، پێویستە لەسەر حکومەتی ناوەندی باڵیۆزی ئێرانی بانگ بکات و بە توندی نارەزایەتی و گەفی عێراقی لە دژی پرۆسە سەربازییەکان پێ ڕابگەیەنێت، ئەگەرنا

پێویستە باڵیۆزی عێراقی لە تاران بکشێتەوە، هاوکات ئەم حاڵەتە لەسەر باڵیۆزی ئێرانی لە هەولێریش دەچەسپێت، لەو ماوەیەی ڕابردوودا بە تەنسیق لەگەڵ حکومەتی ئێرانی و تورکی، حکومەتی تورکی توانی چەند زەبرێکی موشەکی لە ڕێی فڕۆکە جەنگییەکانییەوە ئاراستەی چەند پێگەو شوێنێکی هەرێمی کوردستانی عێراق بکات، بەڵام ئەمە بووە هۆی کوشتن و دەربەدەر بوونی خەڵکانێکی بێگوناهی مەدەنی و سووتاندنی ڕەزوباخیان و کوشتنی مەڕوماڵاتیان، حکومەتی تورکیاش بە هەمان بیانووی حکومەتی ئێرانییەوە ئەم کارەی ئەنجامدا، ئەمیش پەکەکەی کردۆتە هەنجەت، گوایە بنکەی سەربازییان لەناو خاکی عێراقدا هەیەو لەوێوە خۆیان سازو ئامادە دەکەن بۆ لێدانی هێزی سەربازی و جەندرمەی تورکی، ئەمەش هەنجەتێکی ڕەتکراوەو ڕەفزکراوە، هەروەك ڕەتکردنەوەی هەنجەتە ئێرانییەکەیە، لەگەڵ زانینی ئەوەدا کە تورکیا چەند بنکەیەکی سەربازی لەناو خاکی عێراقدا هەیە، ئەوەش بەپێی ئەو ڕێککەوتنە سەربازییەی تورکیاو حکومەتی پێشووی سەدام حوسێنی لەناوچووە.

لە ڕاستیدا تورکیاش دەستەوەستانە، لە بەرامبەر راوەدوونانی ئەو هێزانەی کە سەر بە بزاڤی ئۆپۆزسیۆنن و بە چەکەوە هەوڵ دەدەن تا بۆ وەدەسهێنانی مافی کوردەکانی کوردستانی تورکیا شتێك بکەن، بەم شێوەیە تورکیا دەیەوێت شەڕ بەو ئارامییەی هەرێمی کوردستان بفرۆشێت، بە هەنجەتی هەبوونی هێزێکی ناجێگیر و ناسەقامگرتووی ناوچەکە کە لە ناوچەکەدا دژایەتی سیاسەتی تورکیا دەکەن، گەرچی لەم دواییەدا حکومەتی تورکیا چەند هەوڵێکی باشی بۆ چارەسەری گرفتی کورد لە تورکیا داوە، ئەو هەوڵانەش خەڵکی ئومێدی خێریان لێدەکات، بەڵام بەهۆی شۆڤینیەتی ئەو هێزانەی هەر لە ناو تورکیاوە کە دژایەتی چارەسەری ئاشتییانەو دیموکراتی دەکەن، ئەم هەوڵانە ڕاوەستاون، دەبوایە رەجەب تەیب ئەردۆگان کاروانی ئاشتیخوازانە و دانوستان و دیالۆگی لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد درێژە پێبدایە، ئەوەش لە بەرژەوەندی وەڵامدانەوەی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردو لە بەرژەوەندی برایەتی و هاوسۆزی و پێکەوە ژیانی هەردوولای کوردو تورکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا کێشەکەیان چارەسەر بکەن، لەم بارەیەوە تورکیا پێویستە هەمان ئەزموونی ناو عێراق چاولێبکات، چونکە چارەسەری سەربازیی هیچ سوودێکی بۆ کەس تیا نییە.

سووربوون لەسەر بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم دوو کێشەیە لەلایەن هەردوو لایەنی ئێرانی و تورکییەوە گرفتەکە دەخاتە ناو تەمومژی و بەردەم ڕێگەیەکی داخراوەوە، گەلانی ئەو وڵاتانەش زیانی گیانی و ماڵی زۆریان پێدەکەوێت، لە رووی شارستانیشەوە پێوەندی نێوانیان دەشێوێت، ئەم جەنگە لابەلایە ئابووری ئێرانی هێندەی تر دادەڕمێنێ، هەروەها ئابووری تورکیش لەو بووژانەوەی ئێستای کە لەماوەی ئەم پێنج ساڵەی پێشووی کە شەڕ ڕاگیرابوو چۆتەپێشەوە، ئێستا ئەو بووژانەوەیەش ڕادەگرێ، چونکە جەنگ بە تەنها ڕۆحی مرۆڤەکان ناچنێتەوە، بەڵکو زیانی ماڵیشی بە ملیارەها دۆلار مەزەندە دەکرێ، ئەم دوو دەوڵەتەش دەخاتە سەر لێواری فەوزا و ئیفلاس بوونەوە، ئەو بارەی ئێستا کە دروست بووە، هاوکوفە لەگەڵ واقیعی نالەباری عێراق و گرفتە ناوخۆییەکانی و نەتوانینی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لەگەڵ ئێران و تورکیادا، کە حکومەتی عێراق ناتوانێت و هەروەها ناگونجێت کە لەگەڵ ئەم دوو دراوسێیەدا تێکی بدات، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیش بە دوای چارەسەری عەقڵانیدا بگەڕێن تا سەرەتا کێشەکانی نێوان خۆیان و ناوەندی پێ چارەسەر بکەن، چ ئەو کێشانەی بە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەناسرێت، کە لەمدواییەدا لە کەرکوك و خانەقین و سەعدیە گرژی دروست بووەتەوە، یان ئەوانەی پێوەندییان بە نەوت و غازی هەرێمەوە هەیە یان گرفتی بودجە و دیاریکردنی بەشی هەرێم لە بودجەی گشتی بەبێ دۆزینەوەی ڕێگەی پراکتیکی و پێویست یاخود بەبێ دانوستانی ئاشتیخوازانە و ڕێگە چارەی دیموکراتی..

سوودمەندی یەکەم لەم ناکۆکی و گرژیانەی ئێستا ئەو دەوڵەتانەیە کە ئارامی و سەقامگیری و ئاشتی بۆ عێراق ناخوازن، نایانەوێت عێراق لەم بارودۆخەی ئێستای بچێتە دەرەوە، بۆیە پێویستە لەسەر هەردوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم دەستوور بکەنە سەنگی محەك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان، هەرێمی کوردستانی عێراق کە قەوارەیەکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا ئومێدی لێ دەکرێت کۆمارێکی ناوەندی ئازاد و دیموکراتخواز و سەربەخۆی دەستووری هەبوایە، لەو حاڵەتەدا پێویستە چارەسەری گرفتەکان بە وردی و حیکمەتێکی بەرزەوە بکەن، ئێستا هەوڵێکی جیددی هەیە لەلایەن هەندێ هێز و هەندێ دەوڵەتی دژ بە ئەزموونی فیدراڵی عێراق کە ئەم ئەزموونە ناوازەیە لەناوچەکەدا نەهێڵن، هەوڵ هەیە بۆ لێدانی ئەزموونەکەو نەهێشتنی، چونکە ئەو ئەزموونە نموونەیەکی عەقڵانییە بۆ دەوڵەتێکی پلۆرالیزم و موزائیکی، دەوڵەتانی دەوروبەریش لە ترسی ئەوەدان، کەمینە نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی خۆیان چاو لە هەمان نموونەی عێراق بکەن، بەتایبەتی تورکیا و ئێران، پیادەکردنی سیاسەتێکی نەرم و ئەکتیڤ و ئارامگر بۆ چارەسەری گرفتەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەوە، هەروەها دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی ناو هەرێمی کوردستان کە لەو مانگانەی دواییدا بەهۆی مانگرتن و دروستبوونی گرژی ناوخۆوە هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە لەلایەکی ترەوە ئاڵۆزی تێکەوتووە یان بەهۆی چارەسەرنەکردنی ئەو گرفتانەی کە کۆمەڵگە پێوەی دەناڵێنێت؛ بەتایبەتی گرفتی بێکاری بەهەردوو دیوی ڕووپۆشکراو ئاشکرایەوەو هەروەها بەهۆی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و حزبی و بەرین بوونی کەلێنی نێوان ئاستی بژێوی و داهاتی تاکە کەسی و توانای وەدەسهێنانی پارەوە لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەدا، یان بەهۆی بەهەدەردانی ناعەقڵانیی پارە لە خەزێنەی هەرێمەوە یان ئاڕاستەنەکردنی پیشەسازی نیشتمانی و پشت بەستن بە هاوردەکردنی شتومەك بە ڕێژەی زۆرولەسەر ئاستێکی فراوان وەك چارەسەرێکی شەل و گێڕو و خراپ بۆ گرفتە ئابوورییەکانی کوردستانی عێراق، ئەمانە سەرجەمیان هاوکار نین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکەوتوانەی گرفتە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، بەربەستێك دانانێن لەبەردەم دەستوەردانە ناو کاروباری هەرێمەوە، لێرەوە دەنگی خۆم ئاڕاستەی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم کە بە قوڵی و بیرفراوانی لەم گرفتانەی ئێستایان بکۆڵنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەو هەوڵانەی کە وڵاتان و هێزە دەرەکییەکان بۆ تێکدانی ئارامی نێوان گەلی هەرێمی کوردستان ئەیدەن و بەتایبەتیش ئەم دەستدرێژییە بەردەوامانەی کە دەکرێتە سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێم باشترین بەڵگەن و هەموو ئەم ئەگەرانە وادەخوازن، زمانێکی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بدۆزرێتەوە، وێڕای ئەو هەڵوێستانەی کە حکومەتی ناوەندی لە قۆناغی ئێستادا هەیبووە، ئەوا عەرەب وکورد و نەتەوەکانی تر، تەمەنێکی درێژتر لەگەڵ یەکتردا دەژین، تەمەنێکی درێژتر لە تەمەنی حکومەتەکانیان چ لەسەر ئاستی ناوەند یان هەرێم. دواجارئیرادەی گەلان سەردەکەوێ، بەم شێوەیە ئیرادەی گەلی عێراقیش بە هەموو ئیتنی و نەتەوەکانییەوە بەسەر دوژمنکاری و کێشە ناوخۆییەکاندا سەردەکەون، بەڵام ئومێد دەکەین ئەم سەرکەوتنە بەبێ قوربانی و زیانی مرۆیی و ماددی گەورە وەدی بێت.


**پێویستە لەسەر هەردوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم دەستوور بکەنە سەنگی محەك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان**

**لێرەوە دەنگی خۆم ئاراستەی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم کە بە قوڵی و بیرفراوانی لەم گرفتانەی ئێستایان بکۆڵنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەتایبەتی ئەو هەوڵانەی کە وڵاتان و هێزە دەرەکییەکان بۆ تێکدانی ئارامی نێوان گەلی هەرێمی کوردستان ئەیدەن**





# ئیشکالیەتی جیاوازی گەشەی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا



رایان سالزمان بۆ گوڵان:

## جیاوازی لەنێوان گەشەی پرۆسەی دیموکراسیەکان، ڕەنگدانەوەی جیاوازی خەڵکە، ئەو جیاوازیانەش دواتر لە دامەزراوە سیاسییەکاندا خۆیان دەبیننەوە، دیموکراسیش بریتییە لە دامەزراوە سیاسییەکان ■

ئیشـــکالیەتی زۆربـــەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی یـــان ڕاگواســـتن بـــەرەو دیموکراتـــی لەو خاڵەوە ســـەرچاوە دەگرێت کە لەنێوان پرسە جیاوازەکانـــی دیموکراتیـــدا، جیاوازییەکی گەورە لەگەشەکردنی پرۆسەی دیموکراتی دەردەکەوێـــت، ئەم حاڵەتە کـــە دەکرێت لە شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی زیاتر بەرچاوتر بێت لە شەپۆلەکانی دیکە، هۆکارەکەی بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشـــانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشـــان شـــەپۆلێکی گەورەی دیموکراتی دەســـتی پێکرد، ئەم دەســـپێکردنە فراوانە کە ڕۆژئاوا وەك ســـەرکەوتنێك بۆ شێوازی حکومڕانـــی دیموکراتی لیبرالی لەقەڵەمی دەدا، بووە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر جەخت بکرێتەوە ســـەر هەڵبـــژاردن و یارمەتیدانی ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی و میدیای ئازاد، بەڵام دوای چەند ســـاڵێکی کـــەم دەرکەوت ئەو هەوڵانـــەی ڕۆژئاوا بۆ بونیـــادی دیموکراتـــی لەوڵاتانی پۆســـت کۆمونیســـت گرتیوەتەبەر ئـــەو ئاکامەی بەدەست نەهێناوە کە نەخشەی بۆ کێشرابوو، دروست وەك نەخشەی گەشتەکەی کریستۆف کۆلۆمبووس کە نەخشەی داڕشتبوو ڕێڕەوێك بۆ هیندســـتان بدۆزێتەوە و گەشتەکەی بەو نیازە ڕێکخســـتبوو بگاتە هیندستان، بەڵام لە ســـەر زەمینێکی دیکە خۆی بینیەوە کە دواتـــر ناویان لێنا ئەمریـــکا، هەربۆیە ئەو ئیشـــکالیەتەی پرۆســـەکانی دیموکراتیش لـــەدوای ڕووخانی دیـــواری بەرلینەوە لە شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی دەرکەوتن، بووە هۆکاری ئەوەی تۆژەران و سیاسەتسازان و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیـــە نێودەوڵەتیـــەکان(NGOs) ڕووبەڕووی پرسیارێك بکاتەوە کە نەتوانن بە ئاســـانی وەڵامی بدەنەوە یان ئەو بەرنامەی پێشـــتر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرۆسە دیموکراتیە تازانە دایانڕشـــتبوو، نەتوانێت وەڵامی بداتەوە و بـــەدوای هۆکاری دیکە بگەڕێن، ســـەبارەت بەم حاڵەتە هەندێك لە پســـپۆران پێیانوایە دەوڵەتانـــی دیموکراتی ڕۆژئاوا لەگەڵ دەسپێکی شەپۆلی سێهەمی دیموکراتـــی هەموو هەوڵی خۆیان لەســـەر ئەوە چڕکردبۆوە کە ئەو دەوڵەتانە زوو ببنە دەوڵەتی دیموکراتی، بۆ ئەوەی لەســـەر ئەو بنەمایەی کە دەڵێت (دەوڵەتە دیموکراتیەکان شـــەڕ لەگەڵ یەکتری ناکەن) ئاشـــتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی فەراهەم بکرێت، بەڵام ئیشکالیەتی پرۆسەکانی دیموکراتی لەگەڵ شەپۆلی ســـێهەمی دیموکراتی ئەمجارەیان لەگـــەڵ خـــۆی کێشـــە ناوخۆییەکانـــی تەقاندنەوە و وایکـــرد لە کۆمەڵێك دەوڵەتدا ئاســـتی توندوتیژی بگاتە ئاستی پاکتاوی ڕەگەزی و ســـندوقەکانی هەڵبژاردن لەبری ئەوەی دەنگی بۆ پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لێ بەرهـــەم بێت، دەنگی بـــۆ توندوتیژی ڕەتکردنەوە بەرهەم هێنا، ئەم حاڵەتە پسپۆران و سیاســـەتســـازانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی

**شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی ئەمجارەیان لەگەڵ خۆی کێشە ناوخۆییەکانی تەقاندنەوە و وایکرد لە کۆمەڵێك دەوڵەتدا ئاستی توندوتیژی بگاتە ئاستی پاکتاوی ڕەگەزی و سندوقەکانی هەڵبژاردن لەبری ئەوەی دەنگی بۆ پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لێ بەرهەم بێت. دەنگی بۆ توندوتیژی ڕەتکردنەوە بەرهەم هێنا**

بیر لەوە بکەنـــەوە (تەنیا ئەوەندە بەس نییە دەوڵەتـــە دیموکراتیەکان لەگـــەڵ یەکدی بەشـــەڕ نەیەن، بەڵکو پێویستە دیموکراتی بتوانێت ئاســـتی جیاوازی ئیتنی و ئایینی و جیـــاکاری لە کۆمەڵگـــەدا نەهێڵێت) بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەش بێتە دی، دیموکراتی گرێدرایـــەوە بـــە شـــێوازی پیادەکردنـــی حکومڕانـــی سیســـتمە دیموکراتیەکـــە لە کۆمەڵگە، ئەمەش واتە پێویستە هەوڵەکان بۆ ئەوە بن بونیادی کەلتوری دیموکراتی لە کۆمەڵگە دابنرێت، ئەمەش ئەو دەرگایەی واڵا کرد بۆ ئەوەی زیاتر بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێن کە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەو جیاوازیانەیە، هەروەها دەرگای واڵاکرد بۆ ئەوەی شـــەپۆلەکانی دیموکراتی لەگەڵ یەکتری تێکـــەڵاو نەکرێن، ســـەبارەت بەم لایەنـــە پرســـیارمان لە پرۆفیســـۆر ڕایان ســـالزمان ئوستادی فەلســـەفەی زانستی سیاســـەت لە زانکۆی نۆرس تەکســـاس و تایبەتمەند لەسەر پرۆســـەکانی دیموکراتی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی کرد، لەمبارەوە لەئاخاوتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (پێموایە جیاوازی لەنێوان گەشەی پرۆســـە دیموکراسیەکاندا، ڕەنگدانەوەی جیاوازی خەڵکە، لەبەر ئەوەی هـــەر یەکێك لە ئێمە خاوەنـــی ئەولەویەتی جیـــاواز، خەلفیەتـــی مێژوویـــی جیاواز و شـــێوەی جیاوازی کۆمەڵگەین، بۆ نموونە بونیادی خێزان لە ئەمریکای لاتین، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراقدا جیاوازن و ئـــەو جیاوازیانەش دواتر لـــە دامەزراوە سیاسییەکاندا خۆیان دەبیننەوە، دیموکراسیش بریتییـــە لە دامـــەزراوە سیاســـییەکان، بە چەشنی دامەزراوەکانی دیکە، یان دامەزراوە کۆمەڵایەتیـــەکان، هـــەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە جیاوازی هەیە لەنێو دیموکراسیەکاندا. هۆکارێکی دیکەی جیاوازبوونی دیموکراسی لە وڵاتێکی دیاریکراودا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم وڵاتە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەربگرێت، بۆ نموونە کاتێك ئێوە لە عێراقدا هەوڵـــی بونیادنانی ئاییندەی خۆتان دەدەن، ئەوا لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەڕوانن بۆ ئەوەی ئەوەتان بۆ دەرکەوێت چ ئەزموونێك ســـەرکەوتوو بووە، بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێك شکســـتی هێنابێت لەم پرۆسەیەدا، ئەوا تۆ ناتەوێت هەمان ئەو ئەزموونە شکستخواردووە دووبـــار بکەیتەوە، کەواتە لەم پرۆســـەیەدا چەنـــد ڕێســـایەکی کارکردن دەستنیشـــان دەکەیت، هـــەر ئەمەش هـــۆکاری ئەوەیە



ژمارە (٨٤٥) ■ ٢٠١١/٩/٥

فۆرمی جیاوازی دیموکراسیمان هەیە. دواتر دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە دیموکراسی بیرۆکەیەکی بەرفراوانە، بیرۆکەکەش بریتییە لە بەشداری کردنی خەڵك لە حکومڕانیکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی خۆیاندا، چۆن ئەمە ڕوودەدات، دەکرێت ئەمە بە شێوەی زۆر جیاواز ڕووبدات)).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر سالزمان ئاماژەی پێدەکات ڕەنگدانەوەی کەلتوری کۆمەڵگە لەسەر دامەزراوە سیاسییەکان و دیموکراتیش بریتییە لە دامەزراوەکان، بەڵام لەوانەیە ئەمە لایەنێکی مەسەلەکە بێت و هۆکاری دیکەش هەبێت کاریگەری لەسەر ئەم جیاوازییە هەبێت، هەربۆیە بۆ بەدواداچوونی ئەم لایەنەش پرسیارمان لە پرۆفیسۆر پیتەر مایکل سانشێز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی شیکاگۆ کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی دیموکراسییەت، زۆرجار ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان و وڵاتە دیموکراسییەکان. بۆنموونە وڵاتانێك کە پێوەندییان لەگەڵ «بەڕیتانیای مەزن» هەیە، دەکرێ ببن بە خاوەن دیموکراسییەتێکی پەرلەمانی، لەلایەنێکی ترەوە وڵاتانێك کە پێوەندییان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، دەکرێ ببن بە خاوەن سیستەمێکی سەرۆکایەتی. بۆنموونە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی تاڕاددەیەك هەموو ئەو وڵاتانەی کە بە زمانی «ئیسپانی» دەدوێن لەگەڵ «بەڕازیل» خاوەن سیستەمێکی سیاسیی سەرۆکایەتین. هەروەها ئەو وڵاتانەی کە داگیرکەی «بەڕیتانیا»ن دەبینین سیستەمی پەرلەمانییان هەیە. بۆیە، هەرچەندە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن سیستەمێکی سەرۆکایەتییە و «بەڕیتانیای مەزن» سیستەمێکی پەرلەمانیی هەیە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە پێوەندییەکان هەیە لەگەڵ وڵاتە دیموکراسییەکان و هەروەها پەیوەستە بە خودی سەرۆکەکان و چۆنیەتی داڕشتنیان بۆ سیستەمەکانیان)).

## بەشداری هاووڵاتیان و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان

ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان، ئەوجا پارتەکان پارتی فەرمانڕەوابن یان پارتی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی دەگێڕن و هەریەکەیان



دەمیر گروبیشا بۆ گوڵان:

# هیچ سیستمێکی دیموکراتی بی کەموکورتی بوونی نییە چەرچڵ دەیوت لەنێو ئەو سیستمە سیاسییانەی مرۆڤەکان دایانهێناوە خراپی دیموکراسی لە هەموویان کەمترە

بەجۆرێك کاریگەری خۆی لەسەر سیستمی حکومڕانی بەجێدەهێڵێت، جوانی سیستمی دیموکراتیش لەو خاڵەدا زیاتر بەرجەستە دەبێت و ڕەنگدەداتەوە کە پارتە سیاسییەکان هەموویان بەرپرسن لەجیاوازی سیستمە سیاسییەکە و لە ئاستی خێرای گەشەسەندنی پرۆسە دیموکراتیەکە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر پاتریك ئێم ریگان لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (دیموکراتی، هەڕەشە و سەرکوتکاری سیاسی لەو وڵاتانی

**چۆن ئیعتیرافێکی جیهانی هەیە به مافەکانی مرۆڤ، بە هەمان شێوە دیموکراسیش بۆتە بەهایەکی جیهانی، بەڵام دیموکراسی لە ژینگەیەکی دیاریکراودا گەشە دەکات، هەر ئەم ژینگەیەش ڕەنگ و مۆدێلی دیموکراسی ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکات**

تازە پێگەیشتوو) تیایدا ئاماژە بەوە دەکات زۆرجار لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو هێزێکی نادیموکراتی یان دژ بە دیموکراتی ئەوتۆ دروست دەبێت کە بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە بیانوو بە پارتی فەرمانڕەوا دەگرێت و کۆمەڵێك داواکاری بەرز دەکاتەوە کە لەگەڵ واقیعی حاڵی وڵات ناگونجێت، لەو وڵاتانەشدا کە هێشتا دامەزراوەکانی دیموکراسی ڕەگی دانەکوتیووەو کەلتوری دیموکراتی لە کۆمەڵگە وەك پێویست نییە، ئەو هێزە دژە دیموکراتیانە دەیانەوێت بەرێگەی ئەو داواکاریانەیان دامەزراوەکان زیاتر لاواز بکەن و سیستمە نیمچە دیموکراتیەکە بڕووخێنن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دەمیر گروبیشا ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی ریبیکا لە کرواتیا کرد سەبارەت بەم پرسە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (دیموکراسی وەك، حوکمی خەڵك و لەلایەن خەڵك و لە پێناو خەڵکدا، لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوری جیاوازدا گەشە دەکات. کەواتە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئایینی و کەلتورییەکان ئەوە دیاری دەکەن چ جۆرە مۆدێل و فۆرمێکی دیموکراسی لە وڵاتێکی دیاریکراودا گەشە دەکات. هەروەك چۆن ئیعتیرافێکی جیهانی هەیە بە مافەکانی مرۆڤ، بە هەمان شێوە دیموکراسیش بۆتە بەهایەکی جیهانی، بەڵام دیموکراسی لە ژینگەیەکی دیاریکراودا گەشە دەکات، هەر ئەم ژینگەیەش ڕەنگ و مۆدێلی دیموکراسی ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکات. لێرەوە دەبێت ئەو راستیە بزانین کە هیچ سیستمێکی دیموکراتی بێ کەموکورتی لە جیهاندا بوونی نییە. چەرچڵ دەیوت لەنێو ئەو سیستمە سیاسییانەی مرۆڤەکان دایانهێناوە خراپی دیموکراسی لە هەموویان کەمترە. ئەو شتە نالۆجیکیانەی لە دیموکراسیدا هەیە و دەبێت هۆشیاربین لە بارەیانەوە زۆرن. لە نێویاندا بەدەستهێنانی پشتیوانی لەڕێی وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵکەوە، بە دەربڕینێکی دیکە، پۆپۆلیزم، نیفاقی سیاسی، کە بریتییە لە کەلێنی نێوان گوفتار و ڕەفتار، تەلاعوبی سیاسی، بەکارهێنانی ئامرازە سیاسییەکان لەپێناو شێواندنی دیموکراسی و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی گروپێکی دیاریکراودا، گەندەڵی سیاسی، کە بە مانای کەڵك وەرگرتنی خراپ دێت لە



ماكارتان هەمفرەیس بۆ گوڵان:

# كێشەی پارتە سیاسییەكان ئەوەیە دەكەونە نێوان بەڵێنی دەنگدەران و دەرئەنجامی ئەو سیاسەتەی پیادەی دەكەن

دەسەڵات لەپێناو دەستكەوتی شەخسی، یان دەستكەوتی گروپێك و بەدەستهێنانی ئیمتیازێك كە شایستەی نیت، وروژاندنی ترس و نیگەرانیی سیاسی كە هیچ ئەساسێكی نەبێت، واتە بەكارهێنانی ترس لە دوژمنی دەرەكی و ناوخۆیی لەپێناو سنووردارکردنی دیموكراسیدا. لە كۆتاییدا، ئەو توندوتیژیە سیاسییەی دەكرێت زارەكی بێت (لێدوان و قسەی زبر)، یان دەروونی یان تەنانەت جەستەیی بێت- كە ئەمەش بە دروستبوونی تاكرەوێك یان دیكتاتۆرێك تەواو دەبێت كە ماسكی دیموكراسی پۆشیوە)).

پرۆفیسۆر دەمیر كە یەكێكە لەراوێژكارانی سەرۆكی كرواتیا بەشێوەیەكی كردیی لە پرۆسە دیموكراتیە تازەكاندا كاری كردووە و خاوەنی ئەزموونێكی بەرچاوە لەم لایەنەوە سەبارەت بە رۆڵی گرنگی پارتە سیاسییەكان پرسیارمان لێكرد بەوەی ئایا تاچەند پارتەكان لە پرۆسەی بونیادی دیموكراتی رۆڵی گرنگ دەگێرن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر دەمیر بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (حزبە سیاسییەكان رۆڵێكی گرنگ دەبینن لە دیموكراسیدا. بێ بوونی میانگیری پارتە سیاسییەكان فرەیی سیاسی شتێكی مومكین نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، فرە حزبی تەنیا هەنگاوی یەكەمە، لەبەر ئەوەی دیموكراسی بە مانای كرانەوە، شەفافیەت و بەرپرسیارێتی دێت. زۆرجار نوخبە سیاسییەكان پەنا بۆ تەلاعوبی سیاسی دەبەن-بەوەی ئۆباڵی هەڵە سیاسییەكانی وەك گەندەڵی و شێوەكانی دیكە بخەنە ئەستۆی ئەوانیدیكە. كەواتە دەبێت كۆمەڵگە پەرە بە هەموو شێوەكانی دیموكراسی بدات. ئەوە تەنیا بەس نییە كە نوێنەرایەتی هەبێت، یاخود دیموكراسیەكی پەرلەمانتاریت هەبێت، بە چەشنی ئەوەی لە رابردوودا هەبوو، یاخود بە چەشنی ئەوەی لە هەنگاوە سەرەتاییەكانی قۆناغی ئینتیقالیدا هەیە، بەڵكو دەبێت دیموكراسیی، دیموكراسیەتی راستەوخۆ، دیموكراسیەتی بەشداریش (كە بە مانای بەشداری تێكرای هاووڵاتیان دێت لە حكومڕانیكردنی كۆمەڵگەدا) لەخۆبگرێت. لەم روانگەیەوە نابێت دیموكراسی تەنیا لە چەند فۆرمێكی دیاریكراوی حكومەتدا كورت بكرێتەوە، بەڵكو دەكرێت چەمكی حكومەت بگۆرێت بۆ حكومرانی، كە ئەمەش گرێمانەی ئەوە لەخۆدەگرێت ماف و ئەركی تێكرای هاووڵاتیانە بەشداری لەو بریارانەدا بكەن كە پەیوەستن بە كاروباری كۆمەڵگەوە. ئەمەش واتە پیادەكردنی زیاتری میكانیزمی»راگرتنی دەسەڵاتەكان لە سنووری خۆیان و چاودێریكردنیان»، شەفافیەتی زیاتر، كرانەوە و لەسەرووی هەمووشیانەوە بەشداریكردن. پێویستە هەر كۆمەڵگەیەك پەرە بە كەلتورێكی دیموكراتی بدات كە دابونەریتە كەلتوریی، ئایینی و سیاسییەكانی كۆمەڵگەكە لەبەرچاو بگرێت، هەروەها پێویستە هزری خۆسەپێنیش تیپەرێنێت كە رەگوریشەی هەیە و چەندین فۆرم و شێوەی جیاوازی وەرگرتووە).

هەر لەسەر ئەم پرسە و سەبارەت بە بایەخی پارتە سیاسییەكان پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ماكارتان هەمفرەیس ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانكۆی كۆلۆمبیا و تایبەتمەند لە دیراساتی ستراتیژیەتی پەرەپێدان كرد، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكەی گوڵانی دایەوە و وتی: (بوونی پارتە سیاسییەكان پەیوەستە بە پرسی هاوسەنگكردنەوە. كێشەی پارتە سیاسییەكان ئەوەیە دەكەونە نێوان دەنگدەران و دەرئەنجامی سیاسەتەكانەوە. بۆ نموونە رەنگە پارتەكان بەشێوەیەكی كارا هەڵبستن بە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ناوچەیەكی دیاریكراو، یاخود پارتێكی بەهێز رەوتی دەنگدانەكە بەلایەكدا بشكێنێتەوە تەنانەت ئەگەر دەنگدەرانیش خواستی پێچەوانەیان هەبێت. كەواتە ئەمە كێشەكەیە و لایەنێكی میسالیش هەیە لەبارەی دیموكراسیەتی راستەوخۆوە كە تێیدا هەر دەنگدەرێك راستەوخۆ بەشداری پرۆسەی بریاردروستكردن دەكات بێئەوەی لەلایەن پارتەكانەوە نوێنەرایەتی بكرێت، یاخود پرۆسەیەكە تێیدا دەنگدەران نوێنەرانی سەربەخۆ هەڵدەبژێرن. هەرچەندە لە رووی واقیعیەوە رەنگە كێشەی رێكخستنی ئەو سیاسەتەی لە غیابی پارتە سیاسییەكاندا پیادە دەكرێت لە سوودەكانی ئەم سیاسەتە زۆرتر بێت. پارتە سیاسییەكان رۆڵێكی گرنگ ئەدا ئەكەن لە رێكخستنی ئەو گروپانەی بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و لە تەنسیقكردنی ستراتیجیەتەكان و تاد. كەواتە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی پارتە سیاسییەكان گرنگن، تەنانەت ئەگەر هەوڵبدەیت رێگەشیان لێبگریت، ئەوا رەنگە پارتە سیاسییەكان هەر دروست بن. ئایا پێویستە پارتە سیاسییەكان دامەزراوەكان بونیاد بنێن؟

**دیموكراسی بیرۆكەیەكی بەرفراوانە. بیرۆكەكەش بریتییە لە بەشداری كردنی خەڵك لە حكومڕانیكردن و بەرێوەبردنی وڵاتەكەی خۆیاندا**

بە دڵنیاییەوە دەبێت بەشداری بكەن، بەڵام بونیادنانی دامەزراوەكان بە تەنیا پشت بە پارتە سیاسییەكان نابەستێت، لەو رووەوە كە دامەزراوەكان پێگەیەك دروست دەكەن بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەكان بتوانن ململانێ یەكتر بكەن، ئەوا دەبێت بەشداریەكی بەرفراوانیان تێدا بكەن)).

ئەم بۆچوونانە هەموویان وێرای ئەوەی رەخنەی توند لە ئەدای پارتە سیاسیەكان دەگرن، بەڵام دیسان هیچ لایەك ناتوانێت رۆڵی پارتەكان فەرامۆش بكا، بەڵام پرسیاری دیكە لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن بەشداری هاووڵاتیان لەگەڵ شێوازی نوێنەرایەتی حزبەكاندا هاوسەنگ دەكرێت؟ سەبارەت بەم

لایەنە پرۆفیسۆر ڕایان سالزمان لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان سەبارەت بەم لایەنە وتی: (دەبێت کارێك بکرێت لەبارەی ئەو ناوچانەی کەلتورەکەیان دژی بەشداری کردنە و دەبێت بگۆڕێت. لە کاتێکدا هەندێ ناوچەی دیکە دیموکراسیەکی تازە گەشەکردویان هەیە، ئەوا هەندێ گۆڕانکاری دەبینین کە گۆڕانگاری هاندەرانەیە، بۆ نموونە ئەوەی لە هەندێ وڵاتی پۆست کۆمۆنیستدا بەدی دەکەین، یاخود بەرفراوانبوونی بەشداری ژنان لە کاروباری کۆمەڵگەدا لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین دەبینین. بە چەشنێك هەندێ جار پیاوان زیاتر متمانە بە ژنان دەکەن وەك لەوەی متمانە بە پیاوان بکەن. لەبەر ئەوە کاتێك ئافرەتێك دەبێتە پاڵێوراو، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی گۆڕینی تێڕوانینی خەڵك، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بیر لە دایك و خوشك و داپیرەکانیان دەکەن کە ڕێزیان لێدەگرن و خۆشەویستیان هەیە بۆیان. لەبەر ئەوە ئامادەن هەمان خۆشەویستیان هەبێت بۆی بە چەشنی ئەوەی لە ژیانی ئاساییدا هەیانە بۆی، بە دڵنیاییەوە ئەمە

## ڕێگەچارەی سەرەکی بۆ سیستەمی سیاسی لەپێناو دروستکردنی متمانە لەنێو هاووڵاتیان بریتییە لە سیستەمێکی سیاسیی ڕەوا و دادپەروەر و کاریگەر، تەنانەت گەر دیموکراسی-ش بێت یان نا

پرسێکی کەلتورییە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت. بەهەمان شێوە پارتەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن، ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی مەرکەزی و سەرەکیە لە پەرەپێدانی دیموکراسیدا، لەبەر چەند هۆکارێك، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە زەحمەتە بتوانیت دامەزراوەکانی دەوڵەت بونیاد بنێیت لە ڕێی وەرگرتنی بۆچوونی تاك بە تاکی هاووڵاتیانەوە، ئەمە شتێکی مەحاڵە لە هەر وڵاتێکدا بە چاوپۆشین لە قەبارەی ئەو وڵاتە و هەروەها لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر هەن لە وڵاتەکەدا، کەواتە دەبێت شێوەیەك لە نوێنەرایەتی هەبێت بۆ هاوکاریکردن لە بونیادنانی ئەو دامەزراوانەی دەوڵەتدا. پارتە سیاسییەکان لە زۆرێك لە دیموکراسیە تازەگەشەکردووەکاندا، لە نەتەوە تازەگەشەکردووەکاندا، لە بنەڕەتدا درێژکراوەی گروپەکانی کۆمەڵگەن. بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەیەکی وەك عێراقدا، نوێنەرایەتی ئەو گروپانە دەکەن کە هەن، ئەم گروپانەش متمانەی خۆیان بەو پارتە سیاسییانە دەدەن، بە چەشنێك بتوانن کەلێنی دیموکراسیە پڕبکەنەوە لە کاتێکدا کە دیموکراسی بوونی نییە. ئەویش بەهۆی بوونی شێوەیەك لە نوێنەرایەتیکردن کە خۆی لە پارتە سیاسییەکاندا بەرجەستە دەکات. لەبەر ئەوە کاتێك لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەڕوانین، کە عێراقیش دۆخێکی هاوشێوەی هەیە، ئەو ڕاستیە بەدی دەکەین کاتێك هەوڵدراوە ناکۆکیەکان چارەسەربکرێت، پەنا بۆ دیموکراسی براوە وەك ڕێگەچارە، کاتێك پەنا بۆ ئەم چارەسەرە براوە، کار بۆ ئەوە کراوە هەردوولایەنی ناکۆك بەشداری بکەن لە خوڵقاندنی ئەو بونیادانەدا، لەم کاتەدا بە شێوەیەکی سروشتی پارتە سیاسییەکان لە ئەنجامی ئەو لایەنە ناکۆك بە یەکانەوە سەریانهەڵداوە. کەواتە لەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ئێوە کە هەوڵی دەستنیشانکردنی گرنگی پارتە سیاسییەکان دەدات، دەتوانین بڵێین پارتە سیاسییەکان درێژکراوەی لایەنە ناکۆك بە یەکەکانن. ئومێدی ئێمە ئەوەیە ئەو پارتانە لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ بکەن، هەروەها بەشداری بکەن لە بونیادنانی دامەزراوە سیاسییەکاندا، بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەرایەتی خەڵك بکەن، لە هەمان کاتدا ملکەچی ئەو دامەزراوە سیاسییانەش بن)).

بەڵام ئەوەی هەندێك جار دەبێتە ئیشکالیەت لە پێوەندیی نێوان هاووڵاتیان و پارتە سیاسییەکان ئەوەیە هاووڵاتیان متمانەیان بە پارتەکان لاواز دەبێت، دەربارەی ئەم لایەنە پرۆفیسۆر پیتەر مایکل سانشێز لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ئەمە کێشەی هەموو سیستەمە سیاسییەکانە، تەنانەت گەر دیموکراسی-ش بن یان نا، ئەم شتە لە «یەکێتی سۆڤێت» ڕوویدا کە هاووڵاتیان متمانەیان بە سیستەمە سیاسییەکە نەبوو. ئەوەی ڕاستی بێت، لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێو وڵاتەکان لەبارەی ئاستی متمانەی هاووڵاتیان بەرامبەر پارتەکان و سیستەمە سیاسییەکە. بۆیە لە هەندێك لە وڵاتەکان ئاستی متمانە زۆر کەمە، لەکاتێکدا لە هەندێك لە وڵاتەکانی دیکە ئاستی متمانەی




پیتەر مایکل سانشیز بۆ گوڵان:

**لە ئەمریکای لاتینی متمانەی هاووڵاتیان بەرامبەر پارتەکان جیاوازە. لە هەندێك لە وڵاتەکان ئاستی متمانە زۆر کەمە، بەڵام بۆ نموونە لە کۆستاریکا هاووڵاتیان متمانەیەکی بەرزیان بە پارتەکان هەیە**

هاووڵاتیان بەرامبەر پارتە سیاسییەکان و سیستەمە سیاسییەکە هەندە بەرزە بەشێوەیەك کە تەنانەت لە ئاستی ئەو متمانەیەیش زۆر بەرزترە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-دا هەیە، بۆنموونە «کۆستاریکا». بۆیە بۆچوونەکەتان نادروستە لەو بارەیەی کە هاووڵاتیان لەهەموو وڵاتانی ئەمریکای لاتینی متمانەیان بە پارتەکان و سیستەمە سیاسییەکان نییە. ڕاستە کە لە هەندێك لە وڵاتەکان متمانە نییە، بەڵام لە هەندێك لە وڵاتەکانی تر متمانە هەیە و ئاستی متمانە بەرامبەر پارتە سیاسییەکان لەهەندێك لە وڵاتەکان لە ئاستێکی زۆر زۆر بەرزدایە. ڕێگەچارەی سەرەکی بۆ سیستەمی سیاسی لەپێناو دروستکردنی متمانە لەنێو هاووڵاتیان بریتییە لە سیستەمێکی سیاسیی ڕەوا و دادپەروەر و کاریگەر، تەنانەت گەر دیموکراسی-ش بێت یان نا. بێگومان کێشەی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و وڵاتانی پاش کۆمیۆنیزم و وڵاتانی ئیسلامی ئەوەیە کە حکومەتەکان یان ئەوەیە بەشێوەیەکی بەس بۆ هاووڵاتیان و پێداویستییەکانیان کارناکەن)).

# کوردستانی عیراق
# لەنێوان باشووری سۆدان و دەوڵەتی داهاتووی فەلەستینیدا



د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد

ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤین؛ یەکێکە لە دیارترین ناوچە تەنگژاوییەکانی جیهان، هەروەها لە ڕووی ئاسایش و سەقامگیرییەوە مەترسیدارترینیانە، ئەوەش بەهۆی پێگە ستراتیژییە پڕ بایەخەکەیەوە، چونکە ئەم ناوچەیە کۆمەڵێك دەوڵەتی تازە دامەزراو لە خۆ دەگرێت و، تا ئێستاش سنووری سیاسییانەی ئەو دەوڵەتانە دواشێوازی کۆتایی خۆیان وەرنەگرتووە، ئەمە سەرەڕای ئەو سامانە سروشتی و مرۆییەی کە پڕبایەخە لەو ناوچەیەدا بۆ جیهان، بە بەڵگەی ئەوەی بۆ ماوەیەکی مێژوویی دوورو درێژ مەیدانێکی ململانێ بووە لە نێوان دەوڵەتانی زلهێزی دنیادا.

وڵاتانی هاوپەیمان دوا بەدوای یەکەمین جەنگی جیهانی، ئەو دەوڵەتانەیان دابەشکردەوە کە لە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانییدا بوون، عیراق و ئەردەن و فەلەستین پشکی بەریتانیای مەزن بوون، سوریا و لوبنان بەشە پشکی فەرەنسییەکان بووە، بەڵام نیشتمانی کورد بەسەرچەندین دەوڵەتی ناوچەکەوە تەخشان و پەخشان کرا..

بەو شێوەیە زەمەن لە چارەنووسی گەلی کوردی نووسی کە خاك و ئاوو نیشتمانی پەرت پەرت بکرێت، هاوشێوەی گەلی فەلەستین ئەم موعاناتی پەرتەوازەبوون و دەربەدەربوونەی چێشت، ئەوەش کە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیلی دامەزرێنرا بێ ئەوەی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هاوسۆزییەکی وا بدۆزرێتەوە کە لەگەڵ قەبارەی کارەساتەکە بگونجێت، بەم شێوەیە بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو کاروانی هەردوو گەلی کورد و فەلەستینی گران و قورس بوون، بە قوربانی و گیانفیدایی زۆرو زەبەند تژی بوون..

زەمەن هێشتا لاپەڕەکانی خۆی قەپات نەکردووە بە تایبەت لە هەردوو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤین و باشووری ئەفەریقادا کە ئێستا هەڵچوونێکی سیاسی گەرم و گوڕ بە خۆوە دەبینن، ئەو جەماوەرە پێشڕەوێتی دەکات کە لە ڕژێمە تۆتالیتاریی و دەسەڵاتە تاك حزبییەکان بێزاربوون و ڕاپەڕیون، بۆیە داوای ڕەوای خەڵکی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسدایە، دیارترین ئاماژەش بۆ ئەم حاڵەتە دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ و سیستەمی سیاسییانەی ئەلتەرناتیڤە لە ماوەی تەنیا ئەمساڵدا..

لە باکووری ئەفریقیا گەلی باشووری سۆدان توانییان کورسییەك لە ناو کورسییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، لە بیابانی خۆرئاواش (باشووری مەغریب) گەلی پۆلیزاریۆ لە هەوڵی بەردەوامدان و دیوارەکانی نیۆیۆرك دەکوتن تا بگەنە داڵانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤینیش فەلەستینیەکان کاروباری خۆیان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێك یەکلایی کردۆتەوە تا لەم مانگەوە واتە ئەیلول هاوکات لەگەڵ بەستنی خولی تازەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئەم مافەیان ڕابگەیەنن، هاوشێوە گەلی کوردیش لە عیراقدا لە هەوڵدان تا ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانیان بهێننە دی، لەوانەش دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانە..

بێگومان ئەو دڵنیاییانە فراوان و زۆرەی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە دەوڵەتی فەلەستینی دەدرێت و ئەو ڕۆڵەی نوێنەرانی گەلی فەلەستینی لەسەر زەمینی واقیع دەیگێڕن هەمووی لە ئاکامی قوربانیدان و خۆڕاگری و ئارامگرتنی بەردەوامی ئەو گەلەوە بووە، ساڵی ١٩٧٤ کاتێك خوالێخۆشبوو یاسر عەرەفات لە دەرگای نەتەوە یەکگرتووەکانی دەدا، ئەم لە دەرگادانە بۆ مێژووی دەرکەوتنی ئەو دەوڵەتە خاڵێکی وەرچەرخان بووە، چونکە توانی بە سیفەتی چاودێر کورسییەك وەدەست بهێنێت، لەو مێژووەوە گەلی فەلەستینی بە بێ ڕاوەستان خشت لە دوای خشت دەخاتە سەر یەکتر تا دامودەزگای دەوڵەتی ئامادەبکات، تا ئەو ئاستەی کە توانراوە بەسەرپەرشتی نێو دەوڵەتیی و لە چوارچێوەی ڕێکەوتنەکانی مەدرید و ئۆسلۆ ببێتە نەیارێکی هاوبەرابەر بۆ ئیسرائیل، بە تایبەتیش لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە..

وێڕای ئەو فشارو پەستانە زۆرەی دەکرایە سەر گەلی فەلەستینی، چ لە دراوسێ و هاوڕێ و هاوسۆزەکانیەوە!، چ بەهۆی ئەو موعاناتانەوە کەلەلایەن دوژمنانیەوە دوچاری دەبوونەوە، بەڵام هەر کاروانی ئەم گەلە نەپچڕاوە، دوایەمین ئاماژەش بەردەوامیی خەباتی بوو بە هەموو ئاڕاستەکانیەوە بەرەو دامەزراندنی کیان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکەیان..ئەویش دەرکەوتنی ناوی فەلەستینە لە چوارچێوەی تیپەکانی مۆندیالی ٢٠١٤ کە لە بەرازیل سازدەکرێت..

کاروانی ئەم گەلە بەردەوامەو هەروەها گیان بەخشینیشی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ئەوەش لە هەڵوێستی یاسر عەرەفاتی سەرکردەی فەلەستینیدا ڕەنگی دایەوە کاتێك لە ساڵی ١٩٩٧ وەڵامی هۆشدارییەکانی ناتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی دایەوە بە ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی دەوڵەتی فەلەستینی کاتێك پێی وت ((ڕاگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستینی بڕیارێکی فەلەستینی و عارەبی و نێودەوڵەتییە نەك بڕیارێکی ئیسرائیلی)).

پێویستە لەسەر هەرێمی کوردستانی عیراق کە تا ئێستاش کاروانی خەبات ڕانەوەستاوەو بەردەوامە؛ سوود لە هەردوو ئەزموونی باشووری سۆدان و گەلی فەلەستینی وەربگرن، باشوورییەکانی سۆدان بۆ دواجار بە دامەزراندنی دەوڵەت و دڵنیاییانی ئەو دەوڵەتە لە لایەن سۆدانەوە ئاواتیان هاتە دی و گەلی فەلەستینیش بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی ڕەزامەندبوونی ئیسرائیل بکەن؛ بە نیازن لە ناو هۆڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزرانی دەوڵەتەکەی فەلەستین ڕابگەیەنن، لە نێوان ئەم دوو ئەزموونەدا جووڵانەوەیەکی سیاسییانەی فراوانی گەلی کورد هەیە بۆ وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکەی.


# هێزە کۆمەڵایەتییەکان و سۆسیۆلۆژیای گۆڕان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

گۆڕانی سیاسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەریتێکی تازە نییەو رووخانی رژێمە سیاسییەکانیش رووداوێکی نامۆ نییە. لەماوەی بیست ساڵی نێوان ١٩٥٠و ١٩٧٠دا ناوچەکە سیانزە کودەتای لەهەر یەك لەمیسر (١٩٥٢)، سوریا (١٩٥١، ١٩٦١، ١٩٦٣، ١٩٦٦)، عیراق (١٩٥٨، ١٩٦٣، ١٩٦٨)، یەمەن (١٩٦٢، ١٩٦٧)، تورکیا (١٩٦٠)، لیبیا (١٩٦٩) بەخۆوە بینی و لەو ماوەیەدا چوار رژێمی پاشایەتی وەرچەرخانە سەر رژێمی کۆماری و چەند بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار لەکار کەوتن.

بزوێنەری هەموو گۆڕانە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، سوپایە. تیۆریی زاڵی ئەو سەردەمە، سوپا هەم دەکاتە نوێنەری ئامانجەکانی گەل هەم دەیکاتە رابەری گەل و بەپێی ئەم تیۆرییە سوپا لەسۆنگەی هەست کردنییەوە بەلێپرساوەتیی نیشتمانیی سەر شانی، وەك نوێنەری هاووڵاتییانی خۆی و پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان، ئەرکی گۆڕانی سیاسی دەگرێتە ئەستۆ. لێرەدا سوپا خۆی بە ڕابەر و نوێنەری هاووڵاتییان دادەنێ و بۆ هاتنە سەر کار پێویستی بەوە نییە کەپرس بەهاووڵاتییانی خۆی بکا.

ئاشکرایە کەبەشێکی زۆری ئەو گۆڕانە سیاسییەی لەو ماوەیەدا هاتە ئاراوە، پشت ئەستور بوو بەپاڵنەری نیشتمانی، سوپاش وای داناوە کەهانا بردن بۆ کودەتا پاساوی خۆی هەیە و لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی نیشتماندایە.

هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان لەگۆڕانە سیاسییەکاندا نەبوو. تاکە ئەرکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان پشتگیری کردنی کودەتاکانی سوپا بوو. زۆربەی کودەتاکان هەندێ دەستکەوتیان بۆ هاووڵاتییەکانیان بەدەست هێنا بەڵام هەموویان، تورکیای لێ بترازێ کەڕەوشێکی تایبەتی هەیە، بەپێویستیان نەزانی دیموکراسییەکی سەقامگیر لەوڵاتەکانیان دابمەزرێنن و هیچ کامێکیشیان ئەو مافەی نەدایە هاووڵاتییەکانی خۆی کە لەڕێی هەڵبژاردنەوە رابەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن.



فەرید ئەسەسەرد

ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەلومەرجێکی تەواو جیاواز دایە. بزوێنەری گۆڕانە سیاسییەکان بەپێچەوانەی سەردەمی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردووەوە، سوپا نییە، بەڵکو هێزە کۆمەڵایەتییەکانە کەزۆربەی کات رابەرێکی دیاریکراو یان رێکخراوێکی ناسراو رابەرایەتییان ناکات و لەزۆربەشیان شەقام بووە بە ڕابەر. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەهێزە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان ئاییندەی خۆیان دروست دەکەن و چیتر سوپا ناتوانێ ئاییندەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا گۆڕانێکی گەورەیەو رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی تەواو جیاوازی لێ دەکەوێتەوە.

گەڕانەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر شانۆی رووداوە سیاسییەکان پاش ماوەیەکی دوور و درێژی متبون و خامۆشی، بێ کێشە نابێ، بەتایبەتی کە لەکاتێکدا رەوشەکە پێویست بەهێنانە دی دیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان دەکا، هێشتا هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر میکانیزمەکانی دیموکراسی رانەهاتون و پێشینەیەکی دەوڵەمەندیان لەبواری دیموکراسیدا نییە. ئەو دیموکراسییەی کەئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە دەیهێننە دی، بەبێ پشتیوانیی رۆژئاواو بەبێ پێشکەش کردنی گەرەنتیەکانی هێنانە دیی دیموکراسییەکی سەقامگیر، پەرە ناسەنێ. بەڵام دەشێ بیرەوەرییەکانی ژیان لەسایەی دیکتاتۆری و نەبونی ئازادیدا، هاندەرێکی سەرەکی بن بۆ هاندانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێشکەش کردنی مۆدێلێکی سەرکەوتوی دیموکراسی، بەتایبەتی ئەگەر مۆدێلە تازەکە لەڕووی ئابوورییەوە ئەوە بسەلمێنێ کە دیموکراسی و ئازادییەکان چانسێکی زۆرتر بۆ هێنانە دیی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەرانتر دابین دەکەن، چونکە سەرکەوتنی راستەقینە لەڕووخاندنی رژێمە گەندەڵەکاندا نییە، بەڵکو لەهێنانە دی رژێمی تەندروست دایە.

# دێرەلوک و شێلادزێ.. لە(١٤٠) گوند

دێرەلوك لە ساڵی ١٩٣٨ بۆتە ناحیە، بەڵام ئەو كات بەڕێوەبەرایەتی ناحیەكە لە گوندی (بیتبو) بوو كە نزیكە لە سنووری توركیاوەو لە ساڵی ١٩٧٩ گوازرایەوە بۆ كۆمەڵگای دێرەلوك و بەناوی ناحیەی(نێروەو رێكان) ناوزەد كرا، لە ساڵی١٩٨٨ولە كاتی دەستپێكردنی پرۆسەی جینۆسایدو پرۆسەی بەناو ئەنفال، ناحیەكە لەلایەن رژێمی بەعسەوە هەڵوەشێنرایەوەو هەموو سنوورەكەش بەسترایەوە بە ئیدارەی قەزای ئامێدییەوە.

لە دوای راپەڕینی گەلی كوردستان لە ساڵی(١٩٩١) بە بڕیاری حكومەتی هەرێمی كوردستان سەرلەنوێ دێرەلوك كرایەوە بە ناحیە. دێرەلوك بە دووری (١٧) كیلۆمەتر دەكەوێتە رۆژهەڵاتی قەزای ئامێدی و ڕووبەری سنووری ناحیەكە جگە لە ناوچەی نێرەو ڕێكان كە ڕووبەری ( ١٦٦٣٩٠) كیلۆمەتر چوار گۆشەیەو ژمارەی دانیشتووانەكەی (٥٢) هەزار كەسەو سنوورەكە(١٤٠) گوند لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥- ١٩٧٨ و دواتر لە پرۆسەی ئەنفالەكاندا هەموو ئەم گوندانە خاپووركران و خەڵكەكەش گوازرانەوە كۆمەڵگاكانی (دێرەلوك و شێلادزێ و سیریێ و باگیراو قەدش)، بەڵام ئێستاكە لە (١٤٠) گوند تەنیا(٢٠) گوند ئاوەدانكراونەتەوە، هۆكاری ئاوەدان نەكردنەوەی گوندەكانیش بۆ خراپی بارودۆخی سنوورەكە دەگەڕێتەوە، چونكە زۆربەی ئەم گوندانە دەكەونە سنووری نێوان هەرێمی كوردستان و توركیاوە.

ئێستاكە ناحیەی دێرەلوك پێكهاتووە لە سەنتەری ناحیەكەو كۆمەڵگەی(شێلادزێ و سێرێێ و ١٤٠ گوند كە تەنیا ٢٠ گوندی ئاوەدانە)و ناوچەیەكی كشتوكاڵی و ئاژەڵدارییەو خەڵكێكی زۆریش بەكاری باخداری و ڕەزو بێستانەوە خەریكن، خەڵكی سنووری ناحیەی دێرەلوك گلەیی و گازندەیەكی زۆریان لە خراپی و كەمی پرۆژەی خزمەتگوزاری هەیە، چونكە بەپێی پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، لەسەردانێكی (گۆڤاری گوڵان) بۆ ناحیەی دێرەلوك و كۆمەڵگەی (شێلادزێ و سیریێ)كەموكوڕی و گلەیی و گازندەی خەڵكەكەمان ئاڕاستەی (قادر عەزیز) بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوك كرد، ئەویش بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو.



# تـەنیا (٢٠) گوند ئاوەدانکراوەتەوە

* خانووەکانی دێرەلوک تاپۆیان نییە
* گرفتی ئاوی خواردنەوە هەیە و تۆڕی دابەشکردنی ئاوی شارۆچکەکە کۆنە
* نەبوونی پزیشکی پسپۆر لەبنکە تەندروستییەکان
* کەمی مامۆستای پسپۆری وانە زانستییەکان
* فەرمانگەی کارەباو ئاوی نییە



قادر عەزیز بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوک بۆ (گـوڵان):

# لە کاتی نەخۆشی کتوپڕو لەدایکبوون خەڵکەکە هانا دەبەنە بەر نەخۆشخانەی ئامێدی یا شاری دهۆک



**هەموو ئەو گوندانەی ئاوەدان نەکراونەتەوە بەهۆی خراپی بارودۆخی ناوچەکەوە بووە..**

سەرەتا بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوک سەبارەت بەم تۆپبارانەی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی تورکیاوە بۆ سـەر ناوچەکە دەکرێـت و کە کاریگەری بۆ سەر دانیشتووان و خەڵکی سنوورەکە هەیە وتی: لەهـەرکات و جارێکـدا کاتێـك تۆپبارانی ئەم ناوچەو شـوێنانە کرابێت جگە لەزیانە زۆرەکانی کە بەر ئـەم ناوچەیە کەوتووەو باغ و بێسـتانی خەڵکەکە دەسـووتێت، وێڕای ئەوەش حاڵەتێکی دەروونی زۆر ناخۆش بۆ خەڵکەکە دروست دەبێت، زۆربەی جاریش زیانی گیانی و ماڵی و ماددی لێدەکەوێتەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەموو ئەو گوندانەی ئـاوەدان نەکراونەتەوە هۆکارەکەی بۆ ئـەو بارودۆخە خراپە دەگەڕێتـەوە کە ماوە ماوە سنووری ناوچەکە بە بیانووی بوونی هێزی چەکداری، بەتۆپ و فڕۆکە بۆردومان دەکرێت.

**نەبوونی ماستەرپلان بۆ فراوان کردن و ئەنجامدانی پڕۆژەکان کێشەی دروست کردووە**

سـەبارەت بەوەی کە ماسـتەرپلان هۆکارێکی گرنـگ و نەخشـەڕێگایە بـۆ فراوانبـوون و ئەنجامدانی پرۆژەکان و سـەرکەوتنی پرۆژەکان، بـێ بوونی ماسـتەرپلان کاریگەرییەکی خراپ لەسەر گەورەبوون و فراوانبوونی شارستانییانەی شار دروست دەبێت، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوك وتی: ماسـتەرپلان نەخشـەی فـراوان کردن و گەشەپێدانی هەموو شـارو شارۆچکەیەکە، هەر شـوێنێك ئەگەر ماسـتەرپلانی نەبێت زۆر بە نارێکی گەورە دەبێت و زۆر بەزەحمەت دەتوانرێت ڕووبەرێك بۆ قوتابخانە یا بنکەی تەندروسـتی یا هەر پرۆژەیەکی تر دیـاری بکرێت، ناحیەی دێرەلوکیـش لەبـەر نەبوونی ماسـتەرپلان ئەم گرفتانەو چەندین کێشـەی تـری هەیە، بەڵام نەخشەیەکی بنەڕەتی هەیە کەلایەنە پێوەندارەکان و بەتایبەتی شارەوانی کاری لەسەر دەکەین،بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا بوونـی ماسـتەرپلانێك بۆ فراوانبوونی شارۆچکەکەمان زۆر پێویستە.

**گرفتی کووژانەوەی زەوی و تاپۆنەکردنی خانووەکان**

لەوەڵامـی پرسـیارێکی گـوڵان دا بەوەی تا چ ڕادەیـەك کار بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتی کووژانـەوەی زەوی و گرفتـی نەبوونـی تاپۆ بـۆ خانووەکانی هاووڵاتیان کـراوە، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوك وتی: ئێمە کێشەی زەویوزارمان هەیە کـە ناتوانین لە سـنوورەکە بەتایبەتی لە سـەنتەری ناحیەو کۆمەڵگـەکان کوژاندنەوەی زەوی ئەنجام بدەین، لەبەر ئەمەشە زۆر بە کەمی توانـراوە چەند پارچە زەوییەك جیا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکەکەدا بەتایبەتی فەرمانبەران و کرێچییان و کەمدەرامەتان دابەشـیان بکەین، هەروەها لە سـەنتەری ناحیەکـەدا خانووەکان بە گشـتی تاپۆیان نییە، ئەمەش بۆ چەندین لایەن گرفتن، هەر بۆ نموونە بۆ میرات دابەشـکردن، بەڵام نەبوونی تاپۆ کاریگەریی لەسـەر پێدانی پێشـینەی خانووبەرە نییە، چونکە بە بڕیارێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە مامەڵە لەگەڵ سنوورەکە دەکرێت، هەر بۆیەش خەڵکێك لەوانەی مامەڵەی پێشینەی خانووبەرەیان پێشکەش کردووە، سوودیان وەرگرتووە.

**شەقامی سەرەکی پێویستی بە چاککردن و فراوانکردن هەیە**

کاتێـك سـەردانی ناوچەکە دەکەیـت و بۆ ناو سـەنتەری ناحیەکـە بەڕێدەکەویـت، ڕێگاکە تەسـکەو یـەك سـایدیی و پێچاوپێچەکانـی سـەرنجت ڕادەکێشێت، نەبوونی ڕێگای سەرەکی جووت سـاید دەبێتە هۆی کەوتنەوەی ڕووداوی ئۆتۆمبێـل، لەلایەکی ترەوە لەنێوخۆی دێرەلوك و زۆربەی کۆڵان و شەقامەکانی ناو گەڕەکەکانی ناحیەو کۆمەڵگاکاندا کۆنکرێت و قیرتاو نەکراون، لەمبارەیـەوە بەڕێوەبـەری ناحیـەی دێرەلوك وتی: شەقامی سـەرەکی پێویستی بەچاککردن و بەرفـراوان کـردن هەیە، بۆ ئەم مەبەسـتەش هەوڵێکی زۆردراوە، ماوەیەکە دیزاین و کەشـف و بودجـەی ئەم شـەقامە جووت سـایدە(٣٠) مەترییە بە درێژی چوار کیلۆمەتر ئەنجامدراوە، ئەگەر ئەمسـاڵیش جێبەجێ نەکرێت لە سـاڵی داهاتـوو بە تەئکیدی کاری لەسـەر دەکرێت و بڕیاریشـە بە دوو قۆناغ پڕۆژەکە ئەنجام بدرێت، ئەمەش لەبـەر بڕی بودجەکەیـە، لەبەر ئەوەی تەنیـا قۆناخی یەکەم بـڕی٩ ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، لێرەدا پێویسـتە لە ڕێگا و شەقامە جووت سـایدەکەی نـاو سـەنتەری ناحیەکەدا ئاماژە بەوەش بکەین لە هەردوو دیوی تەنیشـت شەقامەکە زێدەڕۆیی هەیە،دەبێت پێش دەستکردن بەپرۆژەکە ئەم زێدەڕۆییانەش قەرەبووبکرێنەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکـە زیانمەند نەبن، لەلایەکی ترەوە ئەم ڕێگایەش کە لەدهۆکەوە دێت بۆ سـنووری ناحیەکەمـان تـا دەگاتە پردی باڵنـدە، پلان و بەرنامـەی لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی دهۆك بـۆ دانراوە کە بکرێتە دوو سـاید، بەڵام نازانین ئەم بەرنامەیەش کەی دەسـت پێدەکات و بە چەند سـاڵی تر تەواو دەبێـت، لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی گەورە و ستراتیژییە و بودجەی زۆری دەوێت. سـەبارەت بە کۆڵان و شەقامەکانی ناو گەڕەکەکان بەشـێکیان کاری لەسەرکراوە، بەڵام زۆر کـۆڵان و گەڕەك لەناو سـەنتەری ناحیەو کۆمەڵـگاکان هەیە کە زۆرخـراپ و نارێکن و پێویسـت بەوە دەکات بخرێتە پلانەوە و لە ساڵانی داهاتوو بە بەرنامەکار و ئیشـیان لەسەر بکرێت، لەم قۆناغەدا بۆ هەندێ کۆڵان و گەڕەك (٧٠٠) ملیۆن دینار تەرخانکراوە. بۆ ئەو گوندانەشی کە ئاوەدانـن و ڕێگا و بانەکانیان زۆرباش و گونجاو نییە، خەڵکی گوندەکانیـش گلەیی و ڕەخنەیان لەسـەر هەیەو داوا دەکەن ئاوڕیان لێ بدرێتەوەو ڕێگاکانیان بۆ قیرتاو یان چەوڕێژ بکرێت.

# تۆپبارانی سەر ناوچەکە زیانێکی گەورەیان بە هاووڵاتیانی سیڤیل و ژێرخانی ناوچەکەو باغ و بێستانی گوندنشینەکان گەیاندووە

### کەمئاوی و خراپی تۆڕی ناوخۆی دابەشکردنی ئاو

سەبارەت بەوەی کە قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر سەنتەری ناحیەو هەردوو کۆمەڵگاکە هەیە لە رووی ژمارەی دانیشتووانەوە گرفتی کەمئاوی هەیەو پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کارو پرۆژەی تر ئەنجام بدرێت، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوک وتی: ناحیەی دێرەلوک لەگەڵ ئەنجامدان و تەواوبوونی پرۆژەی ئاوی ئامێدی، گیروگرفتەکانی کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەم پرۆژەیەش هەندێ کێشەو گرفتی هاتۆتە پێش بەتایبەتی ئاراستەی ڕۆیشتنی بۆری ئاوە سەرەکییەکە بەرەو ئامێدی، هەر بەم هۆکارەشە ماوەی دوو مانگە پرۆژەکە راوەستاوە، بەڵام بڕیارە لەچەند ڕۆژی داهاتووەوە دەست بە کارکردن بکەنەوە، پرۆژەی ئاوی ئامێدی پرۆژەیەکی ستراتیژییەو بڕی (٩٦) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە،بە ماوەی (٦٠٠) ڕۆژ تەواو دەبێت و بە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە جگە لە سنووری ئامێدی، ناحیەی دێرەلوک و کۆمەڵگاکانی شێلادزێ و سیرێی و تا دەگاتە بامەرنێ سوودی لێ وەردەگرن، گەرچی هەموو سەنتەری ناحیەکە تۆڕی دابەشکردنی ئاوی هەیە، بەڵام هەندێ لە گەڕەکە تازەکان ماون تا پرۆژەی تۆڕی ئاویان بۆ دابنرێت، هاوکات هەندێ گەڕەک و شوێن هەیە تۆڕی دابەشکردنی ئاوەکەیان کۆنە، هەر بۆیە هەندێک جار لە هەندێ شوێندا بۆرییەکان دەشکێن، بۆیە بەرنامەو پلان هەیە کە تۆڕی دابەشکردنی ئاوی ناحیەکەو کۆمەڵگاکان بە گشتی بگۆڕدرێت و بە دیزاینێکی نوێ بۆڕی تازەو هاوچەرخیان بۆ دابنرێت، ئەمەش گرفتی کەمئاوی کەم دەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە ئەم پرۆژەیە کە لە کاتی خۆیدا دروستکراوە بۆ(١٠٠ تا ١٥٠) ماڵ بووە، بەڵام ئێستاکە ژمارەی خێزان و دانیشتووانەکەی چەند بەرامبەر زیادی کردووە، ئەم هۆکارەشە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئاوو سەرهەڵدانی کێشەی کەمئاوی، هەرچەندەش دوو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە هەیە، لەلایەکی ترەوە خەڵکەکە هاوکارنین و ئاوی خواردنەوە بە فیڕۆ دەدەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئێستا ئێمە لە یەکێك لە سەرچاوەکانی ئاوەوە بەرنامەیەکمان داناوە. لەسەرچاوەی دووەمیشەوە رۆژانە بەردەوام قوفڵەکان کراونەتەوە، بەم هۆیەوە تا رادەیەکی باش چارەسەری کەمئاوی کراوە.

### پزیشکی پسپۆڕ لە بنکە تەندروستییەکان نییە

سەبارەت بە بواری تەندروستی و گرفتەکانی بەتایبەتی لایەنی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ و ئافرەت بەڕێوەبەری ناحیەی دیرەلوک وتی: لە سنووری ناحیەکەدا(٥) بنکەی تەندروستی هەیە، بەڵام ئەم بنکانە تەنیا چارەسەری سەرەتایی بۆ خەڵکەکە دەستەبەر دەکەن، چونکە پزیشکی پسپۆڕ لە بنکەکان نییە، هاوکات پزیشکی ئافرەتمان هەیە، بەڵام مومارەسەی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و لە دایکبوون ناکات، بۆیە لەکاتی نەخۆشی کتوپڕو لەدایکبوون خەڵکەکە هانا دەبەنە بەر نەخۆشخانەی سەنتەری ئامێدی یا شاری دهۆك،هەر لەبەر ئەمانە و لەبەر قەرەباڵغی داوامان لە وەزارەتی تەندروستی کردووە نەخۆشخانەیەکی (٥٠ تا ١٠٠) قەرەوێڵەیی لەناحیەی دێرەلوک دروست بکرێت، بەڵام تا ئێستاکە رەزامەندی لەسەر نەدراوە.

### پیسبوونی ئاوی گەلی رەشاڤە

سبارەت بەوەی کە ئاوەڕۆی سەنتەری ناحیەکە دەچێتەوە سەر ئەم رووبارەی کە بەناو سەنتەری ناحیەکەدا دەڕوات و چۆن چارەسەربکرێت، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوک وتی: هەڵکەوتەی شارۆچکەکە وا کەوتووەتە هەرچییەك بکەیت ئەوە ئاوەڕۆی گەرەك و ماڵەکان دەچێتەوە سەر ئاوی گەلی رەشاڤە، بەڵام ئاوەکە تا دەچێتەوە سەر ئاوی شین کەس بۆ ئاوی خواردنەوە بەکاری ناهێنێت و هیچ پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەشی لەسەر نەکراوە، تاوەکو لە رووی تەندروستییەوە زیانی هەبێت، بەڵام تێرژانی ئاوی قورس و ئاوەڕۆ بۆ سەر ئەم ئاوە خاوێنە، هۆکارێکی سەرەکی پیسبوونیەتی.

**نەبوونی تاپۆ کاریگەری لەسەر پێدانی پێشینەی خانووبەرە نییە، چونکە بە بڕیارێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە مامەڵە لەگەڵ سنوورەکە دەکرێت**

### قوتابخانەکانی ناو سەنتەری ناحیەو کۆمەڵگاکان دوو دەوامیین

سەبارەت بەوەی کە سنووری ناحیەی دێرەلوک قەرەباڵغە و رێژەی قوتابیشی زۆرە، ئەمەش وایکردووە قەرەباڵغی لە قوتابخانەو پۆلەکانی خوێندندا زۆر بێت، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەم سیستەمە تازەیەی خوێندن گرفتی دوو دەوامی و کەمی مامۆستای پسپۆڕ سەری هەڵداوە، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوک لەم بارەوە وتی: سنووری ناحیە بە کۆمەڵگا و گوندەکانەوە (٤٠) قوتابخانەی بنەڕەتی و (٩) قوتابخانەی ئامادەیی لێیە، سەرەڕای ئەمەش بەهۆی زۆری رێژەی قوتابییانەوە لە ناو پۆلەکان، قوتابخانەکانی ناو سەنتەری ناحیەو کۆمەڵگاکان دوو دەوامین، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئێستاکە قوتابخانەیەکی (١٨) پۆلی لە سەنتەری ناحیەو (١٨) پۆلییەکیش لە کۆمەڵگای شێلادزێ دروست دەکرێت، هاوکات قوتابخانەیەکی (١٨) پۆلی ئێستاکە لە کۆمەڵگای سیرێی لە ژێرجێبەجێکردندایە، یەکێك لە گرفتەکانی بواری پەروەردە لەسنووری ناحیەکەمان، کەمی مامۆستای پسپۆڕی وانە زانستییەکانە وەکو وانەکانی (فیزیا و کیمیاو بیرکاری و ئینگلیزی).

### سیستەمی پاککردنەوەی زبڵ و خاشاك کۆن و تەقلیدییە

سەبارەت بە کۆکردنەوەو خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشاکی ناحیەکە و کۆمەڵگاکان، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوک وتی: شارەوانییەکان بەکاری خۆیان هەڵدەستن و رۆژانە بە بەردەوامی ناو کوچەو کۆڵان و شەقامەکانی سەنتەری ناحیەو کۆمەڵگاکان لە زبڵوخاشاك پاك دەکەنەوە، بەڵام سیستەمی پاککردنەوەکە هەر کۆن و تەقلیدیەو زبڵوخاشاکەکە لە شوێنێکی دەرەوەی شارۆچکەکەو لە رۆژهەڵاتی ناحیەکە فرێدەدەن و ژێر گڵی دەخەن، گەرچی پێویستە بۆ خۆ رزگارکردن لەم زبڵوخاشاکە کارگەیەکی ریسایکلین دابمەزرێت هەروەکو ئەو کارگەیەی لە سنووری پارێزگای دهۆك داناوە، لێرەدا من بەپێویستی دەزانم ئەم زبڵوخاشاکەی سنوورەکەمان بگوازرێتەوە بۆ کارگەی ریسایکلینی دهۆك، بەڵام دیارە ئەوانیش بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیەو بەپێی ئەو بەرنامەیە کاردەکەن، بڕیاروایە لە پاش ئەم قۆناخە کارگەکە بەرفراوان بکەن و لە قۆناخی دووەمدا زبڵوخاشاکی قەزاو ناحیەکانی سنووری پارێزگای دهۆك بۆ ئەم کارگەیە ڕابگوازرێنەوە.

### وەزارەتی کشتوکاڵ بە دەنگمانەوە نەهاتووە

سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵی کە سنوورەکە ناوچەیەکی کشتوکاڵییەو خەڵکێکی زۆر خەریکی کاری باخ و بێستان و دارچاندن و گەنم و جۆیە، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پرۆژە و هاوکارییەکی ئەم سنوورەی کردووە، بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوک وتی: تا ئێستاکە پرۆژەیەکی وا دیار و بەرچاو نییە کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان ئەنجامی دابێت، بەڵام

**هەندێ لە گەڕەکە تازەکان ماون تا پرۆژەی تۆڕی ئاویان بۆ دابنرێت، هاوکات هەندێ گەڕەک و شوێن هەیە تۆڕی دابەشکردنی ئاوەکەیان کۆنە**

## داوامان لە وەزارەتی تەندروستی کردووە نەخۆشخانەیەکی (٥٠ تا ١٠٠) قەرەوێڵەیی لەناحیەی دێرەلوك دروست بکرێت، بەڵام تا ئێستاکە ڕەزامەندی لەسەر نەدراوە

بـــۆ بەخێوکردنی مانگا پێشـــینەیەك دەدرێت بە جووتیـــار و سوودیشـــی هەیە، بەڵام بەگشـــتی کاری کشـــتوکاڵی لە ناوچەکـــە لاوازبووە، لەبەر ئەوەی زیاترلە(١٢٠) گونـــد ئاوەدان نەکراوەتەوە، لەلایەکی ترەوە هەندێ پرۆژەی کشـــتوکاڵی هەیە وەکـــو ســـاردکەرەوە کە زۆر پێویســـتەو چەندجار پێشنیارمان کردوە کە لە ناوچەکە دروست بکرێت، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ بە دەنگمانەوە نەهاتووە. هەروەها کارگەیەکی قوتوبەند بۆ ئەو بەروبوومە میوەجاتەی لە ســـنوورەکە هەیە زۆر پێویستە واتە بەهۆی دروستکردنی ســـاردکەرەوەو کارگەیەکی قوتووبەندەوە لە سنوورەکە پشتگیری و هاوکارییەکی گـــەورەی بەهێزی جوتیاران دەکرێت بۆ برەودان بە کەرتی کشـــتوکاڵی لە ناوچەکـــەداو دۆزینەوەی هەلی کاریشـــە بـــۆ خەڵکەکە، چونکە کێشـــە و گرفتی سەرەکی ئێمە لەم سنووره بێکارییە.

### هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاری ئەنجام نەدراوە

وەك دەزانیـــن ســـنووری دێرەلوك و شـــێلادزێ ناوچەیەکی دڵڕفێن و شاخاوییەو سەرچاوەی ئاوی زۆرە، بەڵام تا ئێستا لە بواری گەشتوگوزاریدا گرنگی پـــێ نەدراوەو کارو پرۆژەی لەمبـــوارەدا بۆ ئەنجام نـــەدراوە،

بەرێوەبـــەری ناحیـــەی دێرەلوك وتـــی: دێرەلوك خاوەنی ژینگەیەکی لەبارە بۆ گەشـــتوگوزاریی، ماوەیەك پێش ئێســـتاش ئەگەر ســـەیری گەلی باڵندەت بکردایە بەســـەدان خێزان لەسەر ڕووبارو گازینۆیەکان ســـەرقاڵی ســـەیران و گەشتیاری بوون، بەداخەوە ئەم ناوچەیە زۆر فەرامۆشـــکراوەو ئێستا هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاری بۆ ئەنجام نەدراوەو ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانە بەجددی ئـــاوڕ لەم ناوچەیە بداتـــەوە، لەلایەکی تـــرەوە بارودۆخـــی نائارامی ناوچەکـــە زیانی گەورەی بـــەکاری گەشـــتوگوزاری گەیاندووە، بەتایبەتـــی ئێســـتاکە کە فرۆکـــە جەنگییەکانی تورکیاو تۆپخانەکانی وڵاتانی دەوروبەر تۆپبارانی ئـــەم ناوچەیە دەکـــەن و زیانێکـــی گەورەیان بە هاووڵاتیانی ســـیڤیل و ژێرخانی ناوچەکەو باغ و بێستانی گوندنشینەکان و ئاژەڵەکان گەیاندووە.

### کۆمەڵگەی شێلادزێ پێویستی بەپرۆژەی زیاترو باشتر هەیە

ســـەبارەت بە کۆمەڵگەی شـــێلادزێ کە لە زۆر بواری خزمەتگوزاریدا بەتایبەتی لەبواری زبڵ و خاشـــاك کۆکردنەوەو شەقام وکۆڵانەکان کە بەشی زۆری کۆنکرێت و قیرتاو نەکـــراوە، بەرێوەبەری ناحیەی دێرەلوك وتی: من ناتوانم بڵێم شـــێلادزێ لە بواری خزمەتگوزاری کەموکوڕی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە بواری خزمەتگوزاری کێشـــەو گرفتی زۆری هەیە. سەرەڕای ئەم کەموکوڕییانە چەندیـــن پرۆژەی خزمەتگوزاری لەم ســـنوورەدا ئەنجامدراوە، بەڵام پێویســـتی بەپرۆژەی زیاترو باشـــتر هەیە، چونکە لەماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا بەرفراوانییەکی زۆری بەخـــۆوە بینیوەو ژمارەی دانیشتووانەکەی گەیشتۆتە ٢٩٠٠٠ هەزار کەس، هاوکات هەردوو شـــارەوانی کۆمەڵگای شێلادزێ و سیریێ یەکیانگرتۆتەوە، بەم هۆیانەشەوە دەبێت کارو پـــرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر پێشـــکەش بکـــەن، هەربۆیـــە ئەمســـاڵ زیاتـــر ڕوومان لە ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوو ڕێگاوبان و شـــەقام و کۆڵانـــەکان کردۆتەوە. تەنیا بۆ پرۆژەی ئاو ٨٥٠ ملیـــۆن دینار تەرخان کـــراوە، تاوەکو لە ڕێگای ئەم پرۆژەیەوە خەڵکی کۆمەڵگای شـــێلادزێ لە گرفتی کەمئاوی ڕزگاریان بێت.

کۆڵان و شـــەقامەکانی ناو گەڕەکەکان بەشـــی زۆری خراپە و پێویستی بەکۆنکرێت و قیرتاوکردن هەیە، بوونی ئەم کەموکورتییەش بۆ پەرشوبڵاوی و بەرفراوانبوونی کۆمەڵگاکە دەگەڕێتەوە، چونکە ئێمە ڕووبەری فراوانی زەویمان نییە تاوەکو هەموو گەڕەکەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و یەك لەدوای یەك دروســـت بکرێت، واتا چەنـــد خانوویەك لە شوێنێك دروســـت دەکرێت دواتر چەند خانوویەکی تـــر دوور لەو گەڕەکە دروســـت دەکرێت، ئەمەش میکانیـــزم و بودجەو کارو پـــرۆژەی زۆر زیاتری دەوێت تا پـــرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ ئەنجام بدرێـــت . لێرەدا دەتوانم ئامـــاژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەمســـاڵ زیاتر لـــە ٧٥٪ کێشـــەی کەمئاوییان بۆ چارەســـەر دەکەین، بەڵام ئـــەو ڕێژەیەی کە دەمێنێتەوە ڕێژەیەکـــی زۆرەو کاریگەری خراپ لەسەر خەڵکەکە دروســـت دەکات، لەلایەکی ترەوە ئەو خەڵکانەی لە ناو دەوارو چادرەکان نیشتەجێن لە چاوەڕوانی دروســـتکردنی خانوودان، بەتەنکەر ئاویان بەسەردا دابەش دەکرێت .

### هەندێك پرد هەیە لەبەر بارودۆخی ناوچەکە نەتوانراوە کاریان لەسەر بکرێت

لەلایەکی ترەوە لە ســـنووری ناحیـــەی دێرەلوك چەند پردێك لە ساڵانی ڕابردوودا کە لە ئەنجامی بۆردومانکردنـــەوە ڕووخێنرابـــوون، ماوەیەکە بە

**ئەو خەڵکانەی لە ناو دەوارو چادرەکان نیشتەجێن لە چاوەڕوانی دروستکردنی خانوودان، بەتەنکەر ئاویان بەسەردا دابەش دەکرێت**



بەرنامـــەو پلان دووبـــارە کاری نوێکردنەوەی ئەم پردانە دەســـتیان پێ کردووە، ئەو پردەی لە ســـەر ئـــاوی (ئاڤەمارك)ـە تەواو بـــووەو زۆر لە جاران باشـــترو گونجاوترە، پردێکیش لەنێوان شێلادزێ و چەنـــد گوندێکی ســـنوورەکە هەیـــەو ئەویش لەقۆناغی جێبەجێکردندایە، بەڵام هەندێك ناوچەو پردی تر هەن، لەبەر بارودۆخی ناوچەکە نەتوانراوە بە پێی پێویست کاریان لەسەر بکرێت.

### دەسەڵاتی ئیداری بەبێ دەسەڵاتی دارایی و نەبوونی بودجە هیچ سوودێکی نابێت

ســـەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی، ئەم دەســـەڵاتە چەند کاری لەسەر کراوە بەتایبەتی لە غیابی دەســـەڵاتی داراییدا، بەڕێوەبەری ناحیەکە وتـــی: دوای ئـــەوەی بڕیارەکە لـــە ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو هیچ گۆڕانکارییەك لە دەسەڵاتی خۆم هەســـتی پێ ناکەم، ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی ئیداری زیاتریش بکرێت بە بێ دەسەڵاتی دارایی و بودجەو یەکەی ژمێریاری هیچ سوودێکی نابێت، بۆیە ئێمە لەم بڕیارەدا سوودمان وەرنەگرتووەو هەر بۆ نموونە ئەمســـاڵ لـــە ئەنجامی لافاو خەڵکی سنوورەکە ٦ ملیار دینار زیانیان پێگەیشتووە. بەڵام ئێمە هیچ بودجەیەکمان لەبەردەســـت نەبوو تاوەکو قەرەبووی خەڵکی بکەینەوە. لەمبارەیەوە کەشـــف و ناونووســـی زیانمەندانمان کردووەو بەنووسراوی فەرمی بۆ ســـەرووی خۆمان بەرزمان کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا خەڵکی قەرەبوو نەکراونەتەوە.

**بەپێویستی دەزانم ئەم زبڵوخاشاکەی سنوورەکەمان بگوازرێتەوە بۆ کارگەی ریسایکلینی دهۆك**

### کەمی ئامێرو ئۆتۆمبێل و نەبوونی بینایەی فەرمانگەکان

ســـەبارەت بەگرفت و کەمی ئامێـــرو ئۆتۆمبێل و نەبوونـــی بینایەی فەرمانگـــەکان بەڕێوەبەری ناحیـــەی دێرەلوك وتـــی: ئێمە لەســـنوورەکە ٢ شـــارەوانیمان هەیە کە هەردوو لایان لە ئامێرەکاندا کەموکوڕییـــان زۆرە لەبـــەر ئـــەوەی ســـنووری ناحیەکەمان ناوچەیەکی شـــاخاوییەو پێویســـتە حکومەت هەمـــوو جۆرە ئامێرێکمـــان بۆ دابین بـــکات، هەروەها لەبواری بەرگری شارســـتانی یەك ئۆتۆمبێلـــی ئاگرکوژێنەوەمان هەیە ئەگەر ئـــەم ئوتۆمبێلە ١ رۆژ کاربـــکات چەند رۆژێك لەکار دەکەوێت، هەروەها یەکێك لە گرفتەکانی تر نەبوونی ئۆتۆمبێلی ســـەلەی کارەباییە. هەروەها فەرمانگـــەی کارەباو ئاومان نییەو تەنیا بەشـــی چاککردنەوەمـــان هەیـــە، لەلایەکی ترەوە زۆر لە فەرمانگەکانمـــان بینایەی تایبەت بەخۆیان نییـــە، ئەمانەش گرفتی گـــەورەو کاریگـــەرن و کار دەکەنە ســـەر سستی لە بەڕێوەچوونـــی پـــرۆژەو کارەکانماندا.

**کەرتی تایبەت و دەستەی وەبەرهێنان تا ئێستا تاکە پرۆژەیەکیان لە سنوورەکە ئەنجام نەداوە. هەرچەندەش زۆر هەوڵمانداوە تا وەبەرهێن بهێنینە ناوچەکە**

ســـەبارەت بەکەرتی تایبەت و پرۆژەو کارەکانیان لەم ســـنوورەدا بەڕێوەبەری ناحیەکە وتی: کەرتی تایبـــەت و دەســـتەی وەبەرهێنان تا ئێســـتا تاکە پرۆژەیەکیان لە سنوورەکە ئەنجام نەداوە، هەرچەندە زۆر هەوڵمانداوە تا وەبەرهێـــن بهێنینە ناوچەکەو هاوکاری و ئاسانکارییان بۆ بکرێت، بەداخەوە لەو ڕووەوە هیچ پرۆژەو کارێك لەم ناوچەیە نابینرێت، تەنیا یەك پڕۆژەی نیشـــتەجێبوون لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.

